ئه‌م كتیبه‌ ناوی

(حه‌ج نامه‌ یه‌)

به‌ هونداوه‌ ئ وه‌ په‌خشان باسیی
یاسای حج دغه‌موه‌ كه‌كا

تائلیفی ملا عبدالكریمی مدرس

خورا عه‌ فوی بكاله‌ گه‌ل
مسلمانان
آمین

دار المثنى للطباعة والنشر ببغداد

تلفون ٨٨٨٩٤٩٧

فهرس

لاپەرە	موضوع
١	پێشەکی
٢	درودی پێغەمبەری ئازادار
٧	باسی واجب بوونی حەج
١١	بەجێ هێنانی حەج چەند پلەیە
١٤	مێژووی پێش حەجی ئیسلام
١٦	توانایی حەج خۆبەخش
١٩	توانایی بە ئەرکی حەج لەکەرە
٢٤	باسی حەج و عومرە
٢٨	ئەرکانی حج وە واجباتی
٢٩	شوێنەکانی حەج
٣٠	باسی حەج کردن
٣٩	باسی ئەرکانەکانی حەج
.	وە باسی میقاتی ئیحرام
٤٩	باسی ئیحرام
٥٢	باسی ئەو شتانەی حەرام ئەبێ بەهۆی ئیحرامەوە
٦٧	باسی جۆرەکانی حەج و عومرە
	شێوەی ئیفراد
٦٩	شێوەی تمتع
٧٠	شێوەی قیران
٧٧	باسی چلۆنیەتی حەجی حەزرەت صلی الله علیه وسلم
٨٠	ئەحکامی ئیفراد و تمتع و قیران
٨٢	باسی حەج و عومرەی کێ کار
٩١	حەج بە پێی مەعروف و حەجی مەعالم
٩٢	طوافی کعبة الله باحسان
٩٥	شوێنەکانی
٩٨	باسی حەوشەی کعبة الله
١٠٤	باسی سەعی لە نێوانی صفا و مەروە
١٠٦	باسی ئیختیاری هەر یەکێک لەو کەسانەی عەزمی حەج
١١٢	باسی چوونە دەرەوە بۆ منی و بۆ عەرەفات
١١٤	دابەزین لە عەرەفات بۆ موزدەلیفە
١١٥	ئادابی رۆیشتنی مەشعەل

لاپەرە	موضوع
١١٦	باسی مشعر الحرام
	گەڕانەوە لە مکە وە بۆ منی
١٢٦	دوورە چەمینی شەیتانان
. . .	
١٢١	ئادابی عومرە
	باسی تحلل و ئازادی لە ئیحرام
١٢٢	بەتەواو بوونی حەج و عومرە
. . .	وە بەرەو حەصار دەوە
. . .	وە خەڵک شەکە دەوە . .
. . .	ئەگەر شەرطی کردبێ
١٢٧	فیدیە لە سەر حاجی و معتمر
١٤٠	روونکردنەوەی فیدیەکان
	مرتب و تخییر
	لە سەر تقدیر و تعدیل
١٤٧	طوافی مال ئاوایی
	وە مناجات لە بارەگای
	قاضی الحاجات
. . .	باسی زیارەتی رسول الله صلی الله علیه وسلم
	وە مسائلی لە گەڵ حەج زیارەتی
	نێوان کاری زیارەت پاراستن صلی الله علیه وسلم
١٥٢	ئادابی زیارەتی رەوزەی پیرۆز

بسم الله الرحمن الرحیم

بە ناوی خودای دنیای مهرەبان   بەخشندەی عەقل و وجدانو ئیمان

بە ناوی خودای واجب الوجود   پەروەردگاری دائیرەی بە وجود

بە ناوی خودای رابەری جلیل   بانی ابراهیم مەشهور بە خلیل

چونکی بە ساغی روی کردە معبود   بوی کرد بە گولزار آگری نەمرود

لە عیراقەوە چو بو فەلەستین   بو حق پەرستیو بو خزمەتی دین

هەم بو نەشری دین بە بەرزی نیاز   رولەو دایکەکەی بردن بو حجاز

دایە هاجەرە رولە اسماعیل   داینان لەو عەرزا بی دوستو دەلیل

جا کە اسماعیل کەوتە تەکو دەو   ابراهیم لە سەر ئەمری کاتی خەو

چەقوی لی کیشا وخستی بە زەویا   بیکا بە قوربان بو رەزای خودا

جا خودا ناردی گەورە بەرانی   بە قەدرو قیمەت بە شیوە و شانی

کردی بە فیدای گیانی اسماعیل   لە بو آرامی دەرونی خلیل

لە دولی چولی دور لە کشتوکال   کابەی کردەوە بو هەزاران سال

کردی بە ماوای رابەرانی دین   کردی بە قیبلەی ئەهلی سەرزەمین

بە منارەی بەرز بو بانگی ارشاد   بە هوی رزگاری بو آدەمی زاد

بو بە دانشگای بەرزی زانائی   بو بە بارەگای ری آشنائی

بو بە جیگەی علم بە جیگەی زیوار	جی عەفوی تاوان لە بو تاوان بار

تصە دبار لە تاوان ببەی بو ئەوی	لە سوتی بە یەک بە رقی پرتەوی

بو بە جیلوە گای تەجەلای خودا	لە دا لە وکەسە بە اخلاص بروا

خلیل بو بەشەر بو بە پشتیوان	(کابە) بە کەشتی وخوی بە کەشتیوان

اول بیتٍ وضِعَ لِلناس	اُسِّسَ عَلَی التقوی وَالاخلاص

خوا فەرمانی نارد لە بو ابراهیم	بەشەر با نگ بکا بو حەج بە تسلیم

هەرکەس لە وبانگە گەئی بە روحی	گە یشتە پایەو مایەی فتوحی

بو حەجی (کعبە) کە وتە شەرشەفە	توفیقیش بوی بو بە یار و یاوەر

جانە وعەرزە بو بە جی ی ئیسماعیل	کوری ول بە ندی حەزرەتی خلیل

لە بەر صادقی بو خودا و بەشەر	خودا بو بە شەرکردی بە رابەر

بیغەمبەری بو بە صدق و تەسلیم	لە سەر آینی پاکی ابراهیم

مال و مندالو ئەتباعی پیدا	بو بە پیشەوای خاوەن اهتدا

تا بو بە صەدەف بو دری دەریا	یانی گەوهەری شاهی ئەنبیا

واتە (محمد صلى الله عليه وسلم) سەرداری عالەم	پاشای دنیا و دین بە علم دعەلەم

نوخبەی نەتەوەی عدنانی جلیل	لە نەهلی قەیدار کوری اسماعیل

ویستی دەرکەوی هەتاوی عالەم ‌ ‌ ‌ بو ئنس وجن و فرشیتە سەرجەم

ئەنواری باراند بەوینەی باران ‌ ‌ ‌ لەسەر زنجیرەی کیوانی (فاران) (١)

بو طلوعی ئەوکوری بە دەلیل ‌ ‌ ‌ بەرباد کردنی سوپای خاوەن (فیل)

نوری وا دەرکەوت لەسەر روی جیهان ‌ ‌ ‌ وای گرت سەرانسەر عەرزو عاسمان

نوری وا دەرکەوت هەتا هەتایە ‌ ‌ ‌ پرتەو ئەهاوی بو ئەم دنیایە

پرتەوی وەها کە ماددە ومەعنا ‌ ‌ ‌ تیکەل بون بەیەک لەناویەوە نما

بوگیان بو بەنور بو لەش بو بەپەش ‌ ‌ ‌ بەشی کردە وەوی بی زیانو عەش

هەرکەس بەرزی ئەو نورە هەستی ‌ ‌ ‌ بی گومان فەرزا دەستی ئەبەستی

ویأبى الله الا ان يتم ... نورە . ولوكره المجرم

ئەو نورە نوری دەستی خودایە ‌ ‌ ‌ ناوی (محمد) رسول اللەیە

جا بەتەی خواستی خودای بەاکرام ‌ ‌ ‌ صەلاتو سەلام بو ئەو بەدەوام

بەرزی بەوینەی تاوی بەهاران ‌ ‌ ‌ بو برا کانی و بو آل و یاران

ئەو (محمدە) وەهای بو زی کەوت ‌ ‌ ‌ چرای داگیرسا لەسەرای ئەشکەوت

کائنات بو ئەو کە بو بەهشکات ‌ ‌ ‌ نوراتی فەرمو عەرزو سەماوات

ئەو محمدە لەبەر دل سوزی ‌ ‌ ‌ لەبو روی جیهان بو بەپیروزی

(١) فاران ناوە بو رشتەی کیوە کانی ولاتی مەکەی مکرمە :

ناری بە رەحمەت لە بۆ عالەمین   عالەمی واگرت بە پیرۆزی دین

ئومی یە و عالەم لە بەر علمی ئەو   هەر ڕۆژی جوری وەرئەگری پرتەو

چەنی عەجیبە زەهبەری ئومی   عالەم بێتە ژێر شێبەری علمی

بەو نورانی بو شەماو شەرزەمین   حەتا دەروونی جبریلی ئەمین

ڕەشی دانەنا لە ڕوی آفاق   حەقی نەنوسی لە سەر ئەوراقا

کەسێ سپی بێ ڕوی کائنات بەو   خەتی سیاهی چون دەرئەچی لەو

کەرعیەوە کەرەم بارەو بە شیەتی   مانگو ڕۆژ وینەی چرای گەشیەتی

عنصری مادەی لە گڵە ئەما   کەشف ناکری وینەی معما

لە ممکناتە بەلام مصطفی   لە کائناتە لە بیری أخفی

معجزە دارە بەلام ئەم زاتە   کەشفی معجزەی لە معجزاتە (١)

معجزەی سادات عارضەی کاتە   معجزاتی ئەم لازمی زاتە

معجزەی قورئان کەلام اللە یە   نور بەخشی ئەو کا هەتا هەتایە

معجزەی خلقی حوکمی قورئانە   دورە لە هەرچی کەشفو بەیانە

لە کەشفی زاتی ئەونە ئەزانم   کەسی بپرسی ئەلێم نازانم

بەلام بە ظاهر وام معلوم بوە   آدەمی ڕووە و ترسیتە حوزە

(١) واتە بە غەیری أنبیا کەشفی معجزەی ئەو ناکری :

ئەوەندە ئەزانم باسی صفاتی — بۆ کاتێ کەشفی صفاتی ذاتی

صادق و عفیف بە حق أمین بو — بە عشق رحمةً للعالمین بو

جیا بو لە عالەم مەگەر لەوا هەر — ئەویشی مخلوق بو بو ذاتی خودا

بێ موبالغە لەسەر حقایق — حقا إنّه خیر الخلائق

جا بە قەی هەمو ژمارەی حروف — بە قەی آثاری صفاتی موصوف

صەلات و سەلام لە هەمو سجود — دیاری بێ لە بو مقامی محمود

بو برایانی لە پێغەمبەران — بو هەمو آل و بو هەمو یاران

لە بو ئەوانیشی لەسەر ڕێی وی — ماوون بە یاسای عادی و عندی

تا خواستی خودا هەیە بە إصرار — بەرزی بەوێنەی بارانی بەهار

(وبعد) لە پاش سوپاسی خودا — سەلامی خالص بو شای ئەنبیا

بو براکانی بو آل و یاران — بو پەیڕەوانی بە دل هشیاران

عەرزم ئەمەیە ئەی گەلی برام — ئەنوسم بوتان (حج نامەی إسلام)

تا حالی ببن زور بە آسانی — لە حەج و عەمرەی ڕێی موسلمانی

بخوانن مانای إحرام و طواف — سەعی ما بەینی صفا و مەروەی صاف

یاسای ڕاوەستان لە عەرەفاتا — تا شێنی موی سەر لە آخرکاتا

خوێ دانی بەرد بۆ ڕەجمی شەیتان — لە ڕۆژی جەژنا و باقی ڕۆژەکان

تەوافی وەداع بۆ ماڵ ئاوایی — لە ماڵی کابەی ڕێی ئاشنایی

یاسای زیارەتی حەزرەتی ڕابەر — لە ڕەوزەی پاکی بە نوور مونەووەر

چلۆن ئەڕۆن و چلۆن ئێنەوە — چۆن لە وەجهەتە ئەگەڕێنەوە

ئەبەسێ خزمەتە بۆ موسڵمانان — بە فامی یاسای ئیسلام و ئیمان

دنامی، ئەمە بە هیوای لە ژینا — خزمەتی بکا لە ڕێگەی دینا

ئەمەیشم ئەوێ لە براکانم — دوعای تەوفیق و حفظی ئیمانم

دوعای موسڵمان لە بۆ موسڵمان — بە سوودە ئەخسووس بە شێوەی پەنهان

لە خودام ئەوێ بە ڕەحمانی خۆی — بەشی دارمان بکا لە ئیحسانی خۆی

ئینسان مومتازە بە عەقڵ و وجدان — دڵی مەئوایە بۆ نووری ئیمان

ئیمان باوەڕە بەوەکە ڕابەر — هێنایە بۆمان لای خودای ئەکبەر

لە بیر و باوەڕ لە کردەوەی چاک — لە تەرکی کاری نابار و ناپاک

باوەڕ بە خوداو فریشتەو ڕابەر — بە کەلامی خواو بە قەزاو قەدەر

بە ڕۆژی جەزا یانی قیامەت — دونیای تازە دانی بۆ ئوممەت

کردەوە پێنجە شەهادەتێکە — پێنج فەرزەی نوێژە کە فەرزی عەینە

زەکاتە و ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان   حەجو عەمرە یە بە یاساو میزان

ئەمانە فەرزن ڕوکنی ئیسلامن   فەرعی شەجەرەی ئەصلی ئیمانن

هەرکاریکی وا ئیش ئەوەی لی کراوە   لێی دور بە هەتا گیانت تیا ماوە

دەوشتی بەرز و ئەخلاقی پەسەند   تاجی شەرەفن لە سەر بەهرەمەند

ڕەوشتی پەستو ڕەفتاری دونی   ئێستا ئەکێشن بو شەرەنگونی

دەبێ بەکەرەم لامان دە لە شەر   بمان خەرە سەر ڕەفتاری ڕەهبەر

بەکەرامەتی ڕەهبەری ئەجیب   انتَ السمیعُ القریبُ المجیب

ئەمە باسی واجب بون وە صحەتی حەج دەعەمرە یە

جاوادەست ئەکەم بە باسی مەقسود   بە یارمەتی خوای واجب الوجود

مەقسودم حەجەو عەمرەتا ئەنجام   کە دو واجبن بە یاسای ئیسلام

عەمرە یش وەکو حەج لە لای شافعی   روکنی اسلامە و فەرزی واقعی

(شەرتی صحەتیان) مەرجی درستی   ئیسلامیەتە بو حەق پەرستی

هەتا مندالی بێ بێ پایەو مایە   حەجو عەمرەکەی باشە و ڕەوایە

بەم مەرجە حەقدار لە بریتی ئەو   نیەتی احرام بینێ لە بو ئەو

آدابی حەجو عەمرە بەکەمال   پاش آدابی خوی بیکا بو مندال

بەو قەصدەیش ڕەوەلی، نابێ بەمحرم   بە افسادی ئەو نابێ بە مجرم

بزانە

ئایینی ئیسلام دامەزراوە لەسەر ئیمانو باوەڕکردن بە ذاتی خودا
وە باوەڕ بە (مەلائکە) بە فریشتەکان وە باوەڕ بە پێغەمبەران سەلامی
خودایان لێبێ وە باوەڕ بە و کتێبانە کە لە سەر فەرمانی خودای تعالی
(جبرەئیل) فریشتەی بەرز هێنادنی بۆیان وە باوەڕ بە قەزاو قەدەر
واتە هەرچی بوە وە ئەبێ هەموی لە سە خواستی خوذایە بەلام حەز
ناکا بە کارێی ناباری وە باوەڕ بە داهاتنی ڕۆژی قیامەت پاشە ڕۆژ
واتە خوای تعالی ئەم جیهانە تێک ئەدا وە جیهانێکی تازە دروست ئەکا وە
هەرچی مردوان زیندویان ئەکاتەوە وە لە یەک شوێنا گردیان ئەکاتەوە
وە حسیبی بیرو باوەڕو کردەوەیان ئەکا جا هەرکەس ئەگا بە جەزای
خوی ئەوانە کافرن جێگەیان دوزەخە هەتا هەتایە وە ئەوانەیشی خاوەن
ئیمانن جێگەیان بە هەشتە ئەم ئیمانی باوەڕە ئەصل وە بناغەی دینی ئیسلامە
هەروا دینی ئیسلام دامەزراوە لەسەر پێنج کردەوە کە دیاری وە ئاشکران
یەکەم اقرار بە اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمدا رسول الله
دووهەم پێنج فەرزەی نوێژ لە هەموشەو ورۆژێکدا سێهەم زەکات دانە
بە موستەحەقان چوارەم ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان پێنجەم حەج وە عەمرە کردن

یانی زیارەتی خانەی خودا (کابەی) پیرۆزا لە ماوەی عومرا یەک جار
هەموو کەسێ تەوانای بێ :

ئێستە ئێمە باسی حەج وە عەمرە ئەکەین . حەج یانی قەسدی زیارەتی
کابەی پیرۆز وە عەمرە مانای زیارەت وە ئاوەدان کردنەوەی
کابەیە لەسەر ئەو یاسا کە دینی ئیسلامی بڕیاری داوە :

ئەم دوو کردەوە واجب بوون لەسەر موسڵمانان لە ساڵی شەشەمی
کۆچی . واتە پاشی کۆچی حەزرەت صلى الله عليه وسلم لە شاری مەکەوە بۆ شاری
مەدینە لە ساڵی شەشەما ئەم عیبادەتە فەرز کرا لە لای خودا وە بە
ئایەتی وَلِلّٰهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا واتە
فەرزە لە لای خوداوە لەسەر هەموو کەسێ زیارەتی (الکعبة) کابەی پیرۆز
ئەوانە کە تەوانای گەیشتنی ئەو شوێنەیان هەیە وە بە ئایەتی وأتموا
الحج والعمرة لله واتە حەج وە عەمرە تەواو بکەن بۆ خودای تعالى
ئەم ئایەتە عەمرەیشی خستە پاڵ حەج کە عەمرەیش واجبی موسڵمانانە
دەفەرق لە بەینی حەج و عەمرە لە مەولا باس ئەکەین ان شاء الله تعالى :

بزانن پێغەمبەری خودا صلى الله عليه وسلم پێش کۆچی بۆ مەدینەی منورە گەلێ حەج

عەمرەی کردوە وە لە پاش کوچ کردنی بو مەدینەی منورە تەنیا

یەک حەجی کردوە لە سالی دەهەمی کوچی دا کە مەشهورە بە حەجی

وداع واتە حەجی خواحافظی وەمال آوائی چونکی پاش ئەو حەجە

متوفی بو وە لە دنیا دەرچو . بەلام دو عەمرەی کردوە .

یەکەم لە مانگی رەجەب دا لە سالی حەوتی کوچی کە مەشهورە بە

(عمرة القضاء) لە بەر ئەوە کە قەزای ئەو عەمرەیە کردەوە کە

لە سالی شەشی کوچی دا احرامی بو بەست لەگەل هەزار و کسور

لە یارانی کاتی گەیشتە (حدیبیّة) لە نزیکی مەکەدا احرامەکەی

شکاند وە حەیوانی فیدیەیە سەربڕی چونکی کافرەکانی مەکە

مەنعیان کرد لەوەکە بڕواتە شاری مەکەوە .

دوهەم عەمرەی لە سالی هەشتی کوچی دا بو کە فەتحی مەکەی

کریەی کرد وە کاتی کە لە جەنگی هوزی (هەوازن) گەراوە

بو شاری مەکە جا کاتی گەیشت بە (جعرّانە) احرامی بەست

بە عەمرە وە روّیشتە مالی کەعبە وە تەوافی کەعبەی کرد

وە سەعی بەینی صفا و مەروەیشی بەجی هینا . . .

بزانن حەزرەتی پێغەمبەر صلی اللە علیه وسلم فەرمویەتی مَنْ حَجَّ هذا البيت فلم يرفث ولم يفسق خرج من ذنوبه كيوم ولدته امه واتە هەر موسلمانی لەبەر

رەزای خودا زیارەتی کابەی پیروز بکا وە آدابی حەج بەجێ بێنێ

لەوە لە تاوانەکانی دەرئەچی وە پاک ئەبێتەوە وەکو لە ورۆژە

کە لە دایک بوەوە .

بەلام مەبەس لەم تاوانانە ئەوانەیە کە لەبەینی خویا لەگەڵ خودا دابێ

ئەناحەقی خەڵکی وەکو قەرز وەیا مال داگیر کردنی موسلمانان ئەوە

پێویستە پێیان داتەوە وە بەخاوەنەکانیان : یاگەردنیان آزاد بکەن

هەروا هەر نوێژی وە هەر روژو ئێکیان فەوتا بێ ئەبێ بیان گێڕنەوە.

تاونەی پاک ببێتەوە :

جا بزانن بەجی هێنانی حەجو عەمرەیە لەسەر چوار پلەیە یەکەم

پلەی دروست بونی ئەم عبادەتەیە وە مەرجی دروست بونی تەنیا ئەوەیە

ئەو شخصە موسلمان بێ کە واتە حەجو عەمرە بوکافر نیە بەلام بو

موسلمانی شێت وە بو مندالی بێ هوش تەمیز دروستە بەمەرجی کە

وەلی یەکەی وەکو باوکی یا باپیرەی احرامی بو ببەستێ واتە نیەتی

ئەوە بێنی کە حەج بو ئەو منداله بکا وە پاش ئەوە واجبی بو خوی کرد

بو مندالەکەیش بیکا طواف بو خوی بکا جا بو ئەویش وە سعی بو خوی بکا جا بو ئەویشی بیکا

وه ئه‌گه‌ر ته‌میزو شعوری بو وه پێی نه‌کرا خۆی مناسکه‌کان بکا ئه‌وه ئه‌و وه‌لیه‌

آدابی إحرامیان پێ به‌جی بێنی یانی ئه‌وتیان بکاته‌وه له پۆشاکی

خۆیان وه خاولی حه‌جیان پێوه ببێچی وه مه‌نعیان بکا له هه‌رشتی

که له حاجی مه‌نع ئه‌کری وه هه‌رچی أرکانی حه‌جه پێیان به‌جی

بێنی مثلا له طاقی عه‌ره‌فاتا له‌گه‌ل خۆیا ئه‌یانبا وه‌ستێنی وه

له‌ویوه بیان هێنیته‌وه بو (مزدلفه ومینا) وه شه‌ریان بتاشی

وه له‌پاش ئه‌وه که خۆی ته‌وافی (کابه‌ی) کرد ته‌وافیانی پێ بکا

یانی ئه‌گه‌ر ته‌وانایان بو له‌گه‌ل خۆیا بیانگێری به‌ده‌وری

(مالی کابه‌)دا وه له‌به‌ینی (صه‌فا و مه‌روه‌ دا) بیان با به‌ ریگه‌دا

وه ئه‌گه‌ر نه‌یان ئه‌توانی بیان گری به‌باده‌شیه‌وه له کاتی

ته‌واف وه له‌کاتی سه‌عیا :

شه‌رتی صحه‌تی مباشره‌ی حه‌ج   خۆی به‌جێ بێنێ بێ عه‌یب و حه‌ره‌ج

ئسلامیه‌ته‌و ته‌میزی ئینسان   بفامی بیکا بێ عه‌یب و نوقسان

ئه‌وه‌ایه به‌چکه‌ی فامیده هه‌ستی   به ئیذنی بابی ئیحرام ببه‌ستی

ته‌وافو سه‌عی و ما باقی آداب   جی به‌جی بکا به یاسای کتاب

به‌لام ئه‌مانه پاش واده‌ی که‌مال   فه‌رزه حه‌ج بکه‌ن به‌بێ قیل و قال

چون ئەدای طاعەت لەکاتی وردی بۆخۆگرتنە نەک فەرزی فەرزی

شەرتی صحەتیان بۆ ئەدای واجب بلوغە و ئیسلام آزادی کاسب

مسلمی بالغ عاقلو آزاد حەجیان کافیە بۆ فەرزی عباد

مادام حەجیان کرد ئەبڕیتەوە بە وەصفی واجب ناگەڕێتەوە

هەرچەن گەواڵی جاری حەج بکا بۆی واجب نیە حەجی تر بکا

پلەی دووەم دروستی حەجو عەمرەیە بەکردنی بە نەفسی خۆی وە بۆ ئەم پلە ئیسلام وە تەمیز پێویستە کەواتە منداڵی حەوت ساڵە یا زیاتر ئەتوانێ خۆی ئیحرام ببەستێ بە حەجو عەمرە بە ئیزنی باوکی وە آدابەکان بەجێ بێنێ لەژێر چاودێری ئەوا بەڵام منداڵ تەمیزی بێ یا نەبێ کاتێ بالغ بو دەستی ڕۆیشت فەرزە حەجو عەمرە بکا چونکی ئەم حەجو عەمرەی کاتی منداڵییە لەبەرخۆگرتنە بە یاساشای ئیسلامە وە نەک بۆ ئەدای فەرزە. وە فەرزەکە ماوە لەسەریان

پلەی سێهەم دروست بونی حەجو عەمرەکەو بونیان بە ئەدای فەرزی ئیسلام بۆ ئەم پلەیە پێویستە کە یارۆ مسلمانو بالغو عاقلو آزادبێ ئیتر وارائی پێویست نیە کەواتە ئەگەر فەقیرێکی بالغ وە آزاد حەجی کرد

ئیتر پیویست نیە لە پاش ئەوە دەولەمەن بو جارێکی تر حەج بکا :

شەرتی وجوبی (حجـــة الإسلام) اسلامە و تەکلیف استطاعەی تام

بلوغ و عەقلە بناغەی تەکلیف تەکلیف ئەساسە بو پایەی تشریف

ئەو استطاعە کە یاسای دینە دو بەشە مایەی هیز و تەمکینە

یەکەم بە مانای تەوانای شەخسی حەوت شەرتی هەیە ئەگەر ئەپرسی

یەکەم مەسرەفی هاتوچوی سەفەر بو خوتو هەرچی خەرجیت واڵە سەر

دوهەم (مەرکوبە) مالی سواری ئەگەر لە (مەکە) دووقوناغ دوری

سێهەم ئەمینی ناو ریگە و بانە ئەمینی ماڵو ناموسو گیانە

چوارەم پاسەوان لە هەموو ریدا ئەگەر خەتەری بیی لە وجیدا

یانی دیناری سێهەم گەر ببیا زیان لە فەرزی حەجی تو ئەدا

پێنجەم دەس راکێش بو ئینسانی کویر مەحرەم لە بو ژن برای یا میرد

یا چەن ژنیکی خاوەن احترام هوی ئەمینی بن بە ناموس تام

باسەم لە فەرزە چونکە بو سونەت یا مەحرەم یا میرد فەرزە بو خوشت

شەشەم لە دونیا زێتر تی ئەکەوی بو پیویستی خوت پەکت نەکەوی

حەوتەم ماوەتی بمینی بو حەج فریای حەج کەوی بی دەردو حەرەج

یەکێ بناتی گەر ژن نەهێنی   بۆ باری تاوان سەرئەنەوێنی

چاکە وایە بۆ ئەو پێش کردنی حەج   ژن بێنێ بۆخۆی جا بڕوا بۆحەج

ئەگەر پێویست بێ ژنی لەگەڵ بێ   ئەبێ مەصرەفی ئەویشی هەبێ

شێخ سولەیمانی مەدەنی گەوری   لەسەر حەزرەمی ئەیلی پەروەری

ئەم مەسرەفانەیش زیادین لەسەر   ئەوەی پێویستە بۆ قەرزی بەشەر

هەمالە پۆشاکی خۆیو منداڵی   ژنو خادمی بشێ بۆ ماڵی

هەم لەو خانوەیش کە بشێ بۆتو   بەیاسای کۆنە یا بەیاسای نوێ

چونکە بێ خانوی مولکی بنیادەم   ژیوار گرانە بێ مەینەتو غەم

وانە تا پارەی خانوی خۆی نەبێ   لای زانین حەجەر حەج واجب نابێ

بەڵام پێت ناوی لەبۆ اعتبار   عەمارەتی بەرز بەسی چل هەزار

خانوی عادەتی بۆ حفظی ئینسان   بەسە بۆ ژیوار لەچەرخی زەمان

بوێ خانوێ کە زۆر ئاوابە   وەها لائیقی عالی جەنابە

ئەبێ بیفرۆشێ بە ماڵی بۆخۆی   خانوێ بکڕێ بەقەی حاڵی خۆی

لەو پارە زیادە ئەمێنێتەوە   بۆ مەسرەفی حەج بڕواو بێتەوە

هەروا عالی لەخانوی وقفا   خۆیو عائلە بژین لەکەیفا

خانوی زیادەی بو با بیفروشی ... بو حەج و عەمرە بەدل تیکوشی

یا ژن لە خانوی میردی خوی دابی ... خانوی مولکی خوی لەبەر دەسدابی

فەرزە خانوی خوی بفروشی بو حەج ... عەمرەش لەگەلیا بو جاری خەروج

ئەصەحح وەهایە باغ و زەوی و زار ... یاخود دەسمایە لەبو کاسبکار

ئەمانە هەموئە فروشرین لەبەر ... مەسرەفی حەج و عەمرەی معتبر

لەحەج هاتەوە خودا کەریمە ... کاسبی شیوەی شانی سەلیمە

بەلام بو کەسی کەسبی نەبی بوی ... بیخوا و دانیشی لەناو مالی خوی

کە حەجج واجب بو لەسەر موسلمان ... لەسەر موئەللەتە بەتولی زەمان

مەگەر بزانی بەدەردی پیری ... یا بەداماوی ئەبری تا تیری

ئیمامی اعظم بەیاسای منهج ... ئەلی فەوری یە یا بڕوا بو حەج

پلەی چوارەم واجب بونی حەج و عەمرەیە لەسەر ئینسان وە شەرتی ئەم پلەیە بلوغ وە عەقل وە ئازادی وە استطاعەیە یانی تەوانالی یە تەوانالی بو ئینسان لەسەر دو نەوعە یەکەم تەوانالی حەجە بە نەفسی خوی یانی ذاتاً خوی هەستی بەو واجبە ئەم جورە پیویستی حەوت شتە یەکەم مەسرەفی ساوەی هاتوچوی ئەو سەفەرە

بۆ خۆیو بۆ ئەوانە کە مەسرەفیان لەسەریەتی   دووەم مەجالی سواری بێ
لە ڕێگەی ئەمەکەدا مادام دوو قۆناغ یا زیاتر دوور بێ   بەم مەرجە
کە نەتوانێ بە پێ ڕێ بکا   سێهەم ڕێگاکەی ئەمین بێ لە زیانی نەفسی
وە مالی وە ناموسی   چوارەم پارەی وای دەست بکەوێ ئەگەر پێویستی بێ
بەلام لە پارەی پاسەوانێ نیە لەو پارەیە کە ڕێگرەکان داوای ئەکەن
بۆ بەرەڵلاکردنی ڕێگا   واتە ئەگەر ئەو ڕێگرانە بەبێ پارە ڕێگەیان
بەرنەدا ئەو دەمە لەو کاتا حەج واجب نیە لەسەر موسلمانان   پێنجەم ئەمەیە
کە ئینسانی کوێر دەس کیشی بێ کە لەگەلیا بڕوا بە ڕێدا   شەشەم بونی
نێرینەی مەحرەمە وەکو باوکو براو کوڕو مامو مێرد لەگەل ئەو ژنانەدا بڕوا
بۆ حەج یا چەن ژنێکی وا کە شەرمیان لی بکرێ لە ڕێگەو بانا   وە ئەم
ژنانە بۆ حەجی فەرز بەکاردێن ئەما بۆ حەجی سونەت بەبێ نێرینەی
مەحرەم دروست نیە ژن بڕوا بۆ مەکە :   حەوتەم ئەوەیە هەرچی
پێویستی ئەو سەفەرەیە لە ڕێگەدا بە نرخی عادەتی دەست بکەوێ
هەشتەم ئەمەیە لەپاش پێکهاتنی دارائی ئەوەندە کات هەبێ
کە ئینسان لەو کاتا بگاتە مەکەی مکرمە ئەگینا ئەو ساله واجب نیە بڕوا

بزانن پیویسته مه سره فی حه ج وه عه مره زیادبێ له وقه رزه

که له سه ریه تی چه قه رزی حازرچه وا وه دار وه زیاتر بێ له به رگ

وه وا یه خ وه نوێن وه کاسه و مه نجه لی پیویست وه له خانوی

مولکی خوی واته کابرا ئه وه نه پاره ی هه بو که خانویکی عاده تی پێ

بکا ته وه ئه وه واجیب نیه ئه و پاره سه رف بکا بو ریگه ی حه ج

هه رچه ن عاده تیشی وابێ له خانوی به کری گیرادا دابنیشی درابوری

به لام ئه گه ر کابرا ئیمام یا خوتبه خوێن یا مدرس بو وه خانوی وه قف

درابو پییان وه ده وامیان ئه کرد ئه وه له م کاتا ئه و پاره ی خانوه که

هه یه تی واجبه سه رف بکا بو رێگه ی حه ج وه یا خود ژنی له خانوی

پیره وه که یا بو وه خانوی خوی بو یا پاره ی به ده سته وه بو ئه وه

قه رزه له سه ری ئه و خانوه بفروشێ بو حه ج وه یا ئه و پاره که هه یه تی

صه رفی بکا له رێگای مه که ی مکرمه دا وه یا خود ده ست مایه ی کاسبی

هه بو بو تجاره ت وه یا خود باخ وه زه وی و زاری بو ئه وه واجبه

ئه و ده ست مایه ی کاسبه ته صه رف بکا بو حه ج وه یا ئه و باخ و عه رزه

بفروشێ بو مه سره فی حه ج مه گه ر کابرا عالی وه هابێ نه توانی کاسبی بکا یا له دوشوێنیا

کاسبی بونەوکەسە نەشی ئەوە دروستە ئەوەدەست مایە یا
ئەو باخوعەرزە تابگری وە لە واروا تی مایەکە و باخوعەرزەکەی
ژیوار بکا وە ئەروا بو حەج :

ئاگاداربن ئەگەر کەسی ئەوەندە خاوەن ئارەزوبو بە بی ژن
نەی ئەتوانی بمینیتە وە ئەوە تا مەسرەفی ژنەکەی نەبی
واجب نیە بەتەنیا بڕوا بو حەج ئەمما وە شیخ سولیمانی
مەدەنی لە سەر لو مقدمەی حضرەمی نوسیویەتی :

دو هەم تەوانای ئنسانە وەها کە یەکیکی تر حەجی بو بکا
یانی خوی پیرە و بەلەشی ناساغە یاخود کیرودەی دەردی دەماغە
یا هیشتا مردن حەجی بو نەکرا تەوفیقی حەجو عەمرەی پی نەدرا
بو ئەم کەسانە فەرزە حەج بکری ئوجرەی بو مردو لە میرات ئەدری
یا زورمردوە و تەرزاری حەجە داماوە و تەمای عەفو و فەزەجە
رەوایە وارث یاخو بیگانە حەجی بو بکەن زور بەمەرلانە
ئەوەیشی لەسەری واجب نەبی کەوەصیتی کرد حەجی بو ئەکری
بەبی وەصیەت لەلای شافعی حەجی سونەت بی ناکری بەشەرعی

بو شەحنی کە وتو یا خوی زینیدو بێ   بە وەکیل حەجوعەمرەی بوئە بێ

بەلام بزانن کابرای کوێ کار   ئەگەر بەعەینی کوا اعتبار

یانی پیان وت شەحنی خوت ئەبێ   ئەم حەجوعەمرە بکەی جێ بەجێ

بوئەم صورەتە فەرزە ئەوسالە   بروا بو واجب ئەنا بەتالە

هەم فەرزە فورێ بکەویتە کار   هەرچەن بو ئەسباب بەپێی روزگار

حەجوعەمرەیشی کوردبێ بو خوی   ئێستەیش مانعی زونە دالەلوی

ئەوکەسە حەجی خوی ئەکردبێ   حەج بکا بوغەیرە لەبو خوی ئەبێ

هەروا پیویستە ئەجیر عادل بێ   هەتا ئەو حەجوعەمرە کامل بێ

بەلام لای بازێ دروستە فاسق   بیتە کوێ کار (قَلِّدْ وَوافِقْ)

پیاو بو پیاو و ژن بو ژن و پیاو   ئەبێ بەنائیب زەوایە وتەوا

ئەگەر ئیجارەی لەسەر زمە بێ   بلێت هەرچونێ بوتو بیتە جێ

ئەوسالە بیکا یا سالیکی تر   شرعا جائزە بێ جفای خاتر

بەلام پیویستە یاروی خاوەن کار   ئەوعی حەجەکەی بوبکا ئیظهار

بە (قِران) بیکا یا خو بە (اِفراد)   یا بە (تَمَتُّع) بە یاسای ارشاد

قِران ئەمەیە بەیەک نیەت بینی   کە حەجوعەمرە بەجێ بهینی

(اِفراد) نیەتە بوحەج بەتەنیا   پاشی حەج عەمرەکەشی بکا بوخوا

(تمتّع) نیەت بە عەمرەو ئینی   جا لەکاتی حەجیش حەج بەجی بینی

بەلام بوئەوەی بەکرێی ئەگری   پێویستی نیە میقات نا و ببری

بڕوا بەعارەتی ئیحرام ببەستی   لەو میقاتەوە خەلکی ئەوی بەستی

نەوعی دووهەم لە استطاعە (استطاعەو تەوانائی یە لەشەر بە حج

هێنانی حەج و عەمرە بە یەکێ کە ئەیکا بە نائبی خوی • واتە کابرا

نەخوش وەی پیرە وەخوی ناتوانی بڕوا بوحەج پێویستە کەسیک بەکرێ

بگری حەجی بو بکا بەم مەرجە دەستی بڕوا کەکرێ بدا بەو کەسە

وە ئەگەر کابرا خوی مرد پێویستە لە میراتەکەی کرێی ئەو کابرایە بدری

جائەو شخصە کە بەکرێ ئەگری یا بە اجارەی عەینە یا بە اجارەی ذمە

ئیجارەی عەین وەکو ئەوە بلی وا تۆم گرت بەکرێ کە خوت ذاتا حەج و

عەمرەم بو بکەی لەم صورەتا پێویستە کە کرێ کارەکەی مسلمان و بالغ و

عاقل بی وە بتوانی حەج وە عەمرە بەجێ بینی وە کابرا حەج و عمرەی

کرد بی بوخوی وەئەبی پاش عەقدی ئیجارەکە دەست بکا بە کاری

حەج هەرچەن مەشغولی مقدماتی حەجەکە بی وە هەر لە وسالەدا

ئەو حەجو عەمرە بەجێ بێنێ دەبێ ئەوکەسە ٣و حەجەکە ئەکا
وە ئەوەیشی حەجەکەی بۆ ئەگرێ واجیاتی ئەو حەجو عەمرە بزانێ

حەوتەم کابرای بەکرێ گیراو عادل وە راسال بێ بەلام ئەم شەرتە

اعتبار ئەکرێ بۆ ئەوەکە رەوابێ یەکێ کرێ کارێگری بۆ بەجێ هێنانی حەج

وە رەوابێ کە بیبێ بەکرێ کار ئەگەر نا شەرتی دروست بونی حەجو عەمرەکە

نیە واتە ئەگەر کابرا فاسق وە تاوان بارێشی بێ هەر ئەو حەجو عەمرە

دروستە :
وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بێ مثلا کابرای خاوەن کار بلێ بە یەکێ وا

لەزمەی تودا حەجیکم قەراردا بە صد دینار خوت ئەیکەی یا تو

کەسێ ئەنێری بو(مەکە) حەجەکە بکا لەم صورەتا واجب نیە کابرای

کرێ کار لەو سالە بروا بوحەجە وە دروستە سالی دوائی بروا یاخود

کەسێکی تر بنیری لە باتی خوی :

جالەبەر ئەوەکە اجارەو کرێ گرتن ئەم شەرتانەی هەیە زانا کانی
دین فەرمویانە باشی وەهایە ئیشان بەپاسای (جعالە) یەکێ بنیرێ

بەم شیوە بلی هەرکەسی حەجی وە عەمرەیکی شەرعیم بو بکا صد دینار

لە مالی من بو ئەوتە سلیمی بکەم وە یاخود بە شیوەی (حەج بەمەسرەفی)

مثلا بلی تو حەجی بکە بومن منیش مەسرەفی حەجەکەت پی ئەدەم
لە خواردن و خواردنەوە مثلا

بزانن ئەگەر کابرای کرێکار لە پاش ئیحرام بەستن لەگەل ژنی خۆیا

جماعی کرد ئەو حەجەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە وە ئەفسی اجارەکەیشی

مادام ئیجارەی عەینی بێ بەتاڵ ئەبێتەوە وە کرێی ناکەوێ وە ئەو حەجە

بەتاڵە وائەبێ بە حەج بۆخۆی وە واجب ئەبێ لە سەری کە ساڵی دواتی

ئەو حەجە قەزا بکاتەوە بۆخۆی وە ئەگەر ویستی حەج بکا بۆ کابرای

مستاجر پێویستە بە عەقدێکی تازە عەقدی ئیجارەکە بکەنەوە بەلام

ئەگەر ئیجارەی ذمە بێ تازە کردنەوەی عەقدی ئیجارەی ناوێ ..

ئەگەر کابرای کرێکار لە وسەفەرا مرد ئەگەر لە پێش ئیحرام بەستنا بمرێ

ئەو هیچ کرێی ناکەوێ وە ئەگەر لە پاش ئیحرام بەستن بێ ئەوە بە قەدی

ئەو ئەرکانانە بەجێ هیناون کرێی ئەکەوێ جا مادام ئەرکانەکانی

تەواو بوبون ئەوە ئیتر حەجەکە تەواوە وە ئەگەر تەواو نەبوبن

پێویستە سەر لەنوێ حەجەکەی بۆ بکرێتەوە . وە ئەگەر کەسێ

مرد وە حەجی فەرزی لە سەر بۆ پێویستە بە وەصیەت ناکا وە

واجبە لە سەر میراتی مردوەکە حەجی بۆ بکرێ وە لە میقاتی ئەهلی ئەو

ولاتەوە کابرای نائب ئیحرام ببەستێ وە ئەگەر وایان بڕیاردا کە لە

میقاتێکی نزیکتر لەمەکەوە تیحرام ببەستی ئەوە بەم بڕیارە تاوان بار

ئەبێ وە پێویستە حەیوانێکی بۆ قوربانی بێنێ سەری ببڕن لە فدیەدا

بەڵام ئەصلی حەجەکە دروستە وە لە دنەی کابرای مردوودا نامێنێ

وە ئەگەر ئەو مردووە کە زۆ حەججی لەسەر واجب بوە ماڵو میراتی ئەماوە

ئەوە دروستە میراتگرەکەی یا خود شێنانێکی بێگانە لە

ماڵی خۆی حەججی بۆ بکا   وە ئەگەر کابرائی کە حەجی لەسەر واجب

ئەبو وەصیەتی کرد حەجی بۆ بکەن ئەوە دروستە حەجی بۆ بکەن

هەروا ئەگەر وەصیەتیشی نەکردبێ وەکو ابن حجر لەحاشیەی

ئیضاحدا ئەرمویەتی :

مەعنای حەج و عەمرە

حەج مانای قەسدە و بەعورفی ئائینی   تەوافی کابە لەسەر یاسای دین

عومرەشی بەمانا قەسدە و زیارەت   بەو نەوعە حەقە لەلای شەریعەت

ئەمە حەج و عومرە روکنی ئیسلامن   فەرزی گەردنی ئەهلی ئەحکامن

لەعومرا جارێ ئەمانە فەرزن   ئەهلی عومرە و حەج گەلی شەرزن

ئەوەی ئەیان کابەجێ باوەڕی   کافرە و ئەروا بە ئاخرەتی

ئەوەیشی ئەیان کا لەبەر تەمەڵی   خزنەتچی ماڵە لەبەر چیەتی

روکنی لە خانوی دینی نوقسانە   خانوی بێ دیوار بەرەو روخانە

ئەوەیشی ئەیان کا بو رەزای خودا   سەری ئەگاتە عەرشی ئەعلا

ئەوە عەبدیکی خاوینو چاکە   ئارام گای روحی فیردەوسی پاکە

لە روژی حەشرا دورە لە جەفاوە   وینەی حاجی یە لە عەرزی صەفاوە

مَنْ دَخَلَه کان آمِنا   بەدڵیکی پاک بڵێ آمَنّا

جا ئەوەی ئەروا بو کعبة الله   ئەروا بە هیوای رەحمەتی الله

حەقی حەق داران بابداتەوە   خوی لەو تاوانە پاک بکاتەوە

ئەگەر گەردنیان لە حەق ئازاکەن   لە جەفا دەرچن رو لە صفاکەن

ئەمجار لە بەینی خوداو خویانا   تەوبەلێ بکەن بە هەولو هانا

ماڵیکی حەلال کافی بو ژیوار   هەم کافی لە بو فقیرو هەژار

دڵیان خوش بکەن بە عەفوی باری   لە تاوان باری لە شەرمەساری

هەرکەس لە ژیدا ئازاریان ئەدا   عەفویان بکەن بو رەزای خودا

ئامادەمی ئەختەو سەفەر ئەحەکە   لە مەحەک دەرچێ ئەوجار بە کەتلکە

هەتا دینەوە بو ماڵی خویان   بڵێن بە روژوین دورن لە تاوان

کە حاڵو ماڵو کردەوەت پاک بو   ئەتوانی بڵییت حەجەکەم چاک بو

جا دڵ شادی بکەن بە رەزای خودا   گوێتان کەڕ بکەن لە هەرا و غەوغا

مەچێژن تامی ناکامی تاوان   هەتا ئێنەوە بۆ ماڵی باوان

ئەگەر بەم یاسا دامەزرێن بە دڵ   زۆر بە سەربەرزی ئێنەوە بە نزل

بینایی پاکو موسوڵمانی چاک   عەبدێکی ساغو موخلصو چالاک

ئەم جار ثابت بن لە سەر ئەم بارە   خۆتان بە تاوان مەکەن ئاوارە

بە قسەی ئەو بە حەزرەت دراوە پێتان   قاپی رەحمەتە کراوە لێتان

شەهادەت نامەی بەرزی عالەمی   ئەدری بە ئێسان لە بەر سالمی

زیرەک و هۆشیار و دڵ موسڵمان   تا گیانتان ئامادە خاوەن پەیمان بن

موسڵمانەکان دڵ بە نیازن   بە ناوی حاجی هەرگیز نانازن

خوفو رەجایە حوڵکی موسڵمان   بێبوهیوایە سامانی ئیمان

(مَنْ حَجَّ لِلّٰه) مەعناکەی وایە   حەجو عومرەی وا عەفوی خودایە

نیشانەی قبوڵ بۆ طاعەتی   مەرد ئیستقامەتەو دووری لە گەرد

بەجێهێنان لە بۆ مأمورات   بە تەرکو دووری لە بۆی مەنهیات

نابێتی درۆو غەشو خیانەت   هەرچی دوژمنە لەبۆ ئەمانەت

ئەم حالە ئەبێ بە تانوپۆی راس   بۆ تەقواو : تەقوی ئەبێ بە لیباس

لە سەر هەر باری لیرا دەرکەوی   بە رەنگی سوندوسەو ئیستبرەق لە وی

لە ریگەی حەج دا زور بکەن دوعا   لە دەوری بەیتا زور بکەن ثنا

لە عەرەفاتا ئێستاتی تا گا   وەها ئەزانی والە مەحشەر گا

بەدل ئەکولی و بەزمان ئەلی   ئەی پەروەردگار خوایا ئەلی یەلی

ئەلی یا رەبی لەبەشمان نەکەی   لە ناو یاسانا زور رەشمان نەکەی

بەجاهی پایەو مایەی پەیغەمبەر   شەفاعەت خوازی تاوانی گەورە

رەبی بەروتبە و عزەتی رەهبەر   بمان پارێزە لە هەولی مەحشەر

وەکو بە ئێحسان ئیمەت دروس کرد   بە لوتفی ئیمان ئیمەت مخصوص کرد

لەسەر ئیرشادی حەزرەتی رەهبەر   بوین بە خاوەنی دینی پیغەمبەر

تەوفیقمان بدە بە علموزانست   لەخوا پەرستی بین بە خواپەرست

لەسەر عیبادەت راگیرمان فەرمە   هەتالا نەرەوین لە طاعەت بەهو

بە ئیستقامەت تا کاتی لقا   بە رەحمەت بروین بو دارالبقا

پیویستی هەیە حەج بەچەن ئەرکان   حەج چەوانە نیە لە امکان

چەن واجباتیشی هەیە لە بوحەج   هەرکامیان فەوتان ئەگەی بە حەرەج

پیویستە فیدیە کاتی کە فەوتان   هەروەها هەیە گەلی سونەتان

بەدل هشیاربن بوکاتی بەیان   کەبون بەزانا ئەبن بە ئەعیان

روکنی حەج شەشن بەشەرعی خودا ئیحرامە و طەواف بو کعبة الله
سەعیە لە بەینی صەفا مەروەدا یانی هاتوچو لەو مابەینەدا
وقوف راوەستان لە عەرەفاتا چەشەرگائیکە لە سەر لیباتا
حلق بە مانا تاشینی موی سەر تقصیر هەڵپاچینی بەلێ دەرویسە
بو موی هەمو سەر یا بو بارێ بو هەرکامیکی کرد بو خوی رزگار بو
ئەشەم تەرتیبی ئەم ئەرکانانە بەلام بو زوربە ئەک بو هەموانە
ئیحرام یەکەمی ئەرکانەکانە حەج را بەستنە و عەمرەی جوانە
وقوف لە حاکی عەرەفاتی بەرز پێش تەواف روکن بیرانە بەفەرز
پێویستە حەلق و تقصیر و طەواف لە پێش سەعیا بن بو حاجی دڵساف
ئەگەر لە پاشی طەوافی قدوم سەعی ئەبو بە پاسای معلوم
ئەنا قەی ناکا حەلق یا تقصیر یا تەواف لە پاش سەعیا بە تقدیر
ئەم شەشە ئەرکانە پێویستی حالە یەکێکیان فەوتا حەجت بەتالە
جیبیان ناگری فدیەی کفارەش ئەرکان پێویستن لە بو عیبادەش
بەلام بو واجب کفارەش ئەدری بەو کفارەتە پینەیان ئەکری

واجبەکانی حەج

واجباتی حەج شەشن بە اثبات یەکەم ئیحرامە لە عەینی میقات
چونا ئیحرام بەستن خوی لە ئەرکانە بون لە میقاتا فەرزی سەرشانە

دووەم مانەوە لە پاشی نیوەشەو   لە (موزدەلیفە) بە نوور و پرتەو

سێهەمین رەجمی شەیتان مطلبە   پێی ئەڵێن رەجمی جەمرەی عەقەبە

صوبحی رۆژی جەژن پاش هەتاو کەوتن   بە یارمەتی خوا لە سەر رێی کەوتن

چوارەم مانەوە لە پاشی نیوەشەو   لە عەرزی مینای بە نوور و پرتەو

نیشانە
پێنجەمین رەجمی شەیتانەکانە   سێ رۆژەی پاشی جەژن فەرزی

لەو سێ شوێنە دا شەیتانی رەجیم   وەسیەتی تێک بدا دڵی ابراهیم

ئەیلی یاسا تەواو تی بگا   هەتا حەج بکا بۆ رەزای خودا

ئەویش وەکو مەرد زوو بە دەستو برد   شەیتانی شوومی بەردە باران کرد

لەوەوە دامەزرا بە تولی زەمان   رەجمی شەیتانی بێ دینو ئیمان

لەبوتو
لەو سێ رۆژانا لە پاشی نیوەڕۆ   هەرسێ رەجمەکان فەرزن

شەشەم طەوافی ویداعی کابە   بۆ ماڵ ئاوایی فەرزە وحسابە

ئەم واجبانە هەرکامیان ئەکرێ   بە فەرمانی دین فیدیەی بۆ ئەدرێ

سونەتەکانی حەج

سوونەتەکانی بە گوێرەی ئەرکان   بۆت بەیان ئەکەم بە لوطفی یەزدان

کاتێ کە ئیمە سەرباسی ئەرکان   تۆیش ئاگادار بە بۆ کاتو مەکان

ئێستەیش بە کورتی ئەوەی ئەیزانم   بۆت بەیان ئەکەم نووری چاوانم

لبیک کردن سونەتە مەعلوم   بۆ کاتی ئیحرام بە یاسای مەرسوم

هەروەها کاتی گۆڕانی ئەحوال — لە بەرزیو نزمی ڕێگە و دەوروماڵ

کە چونە مەککە طەوافی قدوم — سوننەتی دینە بزانە معلوم

غوسلەکانی حەج هەرکام لە جێی خۆی — سوننەتە بۆ حاجی ئیحسانە لەبۆی

مانەوەی مینا شەوی حەرەکات — کاتی کە ئەڕۆن لە بۆ عەرەفات

ڕۆشتنە لای شەو لە عەرەفاتا — ئەگەر دای ئەنێی لە واجباتا

ڕەوتی بە هێزت لە وادی مەحسەر — کاتی ڕابوردن لەم سەرو لەو سەر

بە ڕێزەوە بوونت لە سەر صفارا — لە قەی قامەتی خاوەن بالا دا

داکوتن لە ڕێی لە بەینی میلێت — لە کاتی سەعیا ئەی نوری عەینێت

خوتبەکانی حەج بۆ شەخصی ئیمام — سوننەتی دینن ئرشادن بۆ عام

هەرچی سوننەت بێ بۆ حەجی شەریف — بۆ عومرەیشی هەیە بزانە زەریف

ئەگەر آدابی عەرزی عەرەفە — آدابی مینا یا موزدەلیفە

طوافی قدوم لە عومرەدا نییە — هەر لە حەجا هەن بزانە یەقینی

آدابی حەج کردن

حەج کردن آدابی زۆرە بازێکیان ئەرکانن وە بازێکیان واجباتن وە بازێکیان سوننەتن :

ئەرکانی حەج شەشن یەکەم ئیحرام بەستنە کە مانای نیەت وە قصدی ئینسانە بۆ ئەوە بڕواتە ناو ئەو وجهە وەکو باسی ئەکەین

دووهەم (طەوافی کەعبەیە) یانی هەڵسوڕان بەدەوری ماڵی کابەدا بەو جۆرە کە باسی ئەکەین سێهەم (سەعیە) یانی ڕۆیشتن لە بەینی صەفاو مەروەدا کە دوو شوێنن لە نزیکی ماڵی کابەدا چوارەم (راوەستانە لە خاکی عەرەفات دا) پێنجەم (حەلقە یا تەقصیر) واتە تاشین یا کورتەوەکردنی مووی سەر شەشەم (تەرتیبە) یانی چاودێری ڕیزە لەناو زۆربەی ئەم ئەرکانانەدا واتە ئیحرام بەستن بخاتە پێش هەموو ئادابەکانەوە وە راوەستان لە عەرەفاتا بخاتە پێش تەوافی کابە ئەو تەوافەکە ڕوکنی حەجە . وە تاشینی مووی سەر یا کورتەوەکردنی وە تەوافی ڕوکن بخاتە پێش سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا ئەگەر لە پاشی تەوافی قدوم کاتێ کە هاتوەتە ناو مەکەوە سەعی نەکردبێ واتە ئەگەر لەکاتێ گەیشتە مەکەی پیرۆز ڕۆیشت حەوت جار بەدەوری کابەدا سوڕایەوە بە مەبەستی طوافی قدوم وە پاش ئەو تەوافانە ڕۆیشت حەوت جار لە بەینی صەفاو مەروەدا هاتوچۆی کرد ئەوە لەو شێوەدا ئیتر هەرچون ئەم طەوافی ڕوکنە وحەلق وتقصیرە بکا دروستە وە ئەم ئەرکانانە ئەجزای شەرعی حەجن هەرکامیان نەکران ئەوە

ئەو حەجە بەتالەوە بە کفارەت دان وە حەیوان سەبڕین تولەی

ئەو روکنە فەوتاوە ناکرێتەوە :

دەواجباتی حەج شەش یەکەم ئەمەیە کە لە میقاتا یانی لەشوێنی

دیاریکراوا ئیحرام ببەستی بەم مانا زانە بوری بەسەرئەو شوێنانا

بوشوێنی کە نزیکتر بێ لە مەکەی مکرمەوە ئەگینا فدیەی ئەکەوێتە سەر

دووهەم ئەمەیە لەکاتی راوەستان لە عەرەفاتا روژ بگەیێنی بە شەو

واتە لە پێش غروب دا دەرنەچی لەوێ واتە خوی بگری لەویا هەتاکو

چەن دەقیقە پاش روژاوابون وە ئەگەر لە پێش روژاوا بون لەوێ دەرچی

فدیەی ئەکەوێتە مەگەر سابگەرێتەوە بو عەرەفات لە وشەوا ؛

سێهەم ئەمەیە کە لە پاش نیوە شەو کاتی لە عەرەفاتەوە هاتە

خوارەوە بو خاکی (موزدەلیفە) لە پاش نیوەشەو چەن دەقیقە

لەویا بمێنێتەوە ئەگینا ئەوکە لە عەرەفات دەرئەچی بو خاکی مینا بە

موزدەلفەدا رانەبوری یاخود لە پێش نیوە شەودا رابوری وە

لە پێش بەیان را نەگەرێتەوە بو موزدلفە ئەوە فیدیەی ئەکەوێتە

سەر بە واجبی لە سەر ئەو رسو دەلیلی ئیمامی شافعی وە بە شێوەی سونەت

لەسەر تەوەلی : وە ئەم شەوەمانەوەی مزدلفە بۆ ئەو کەسانەیە

کە زوو گەیشتون بە عەرەفات ئەگەر نا ئەگەر حاجی لە شەوی جەژنا

گەیشتە عەرەفات وە مەجالی مانەوەی موزدلفەی نەبو ئەوە

هیچی لەسەر نیە وە حەجەکەی تەواوە داتە فدیەی ناکەویتە سەر

چوارەم شەو مانەوە لە خاکی منادا لە یازدە و دوازدەی مانگ دا

ئەگەر بە دو روژ قەناعەت بکا بو رەجمی شەیتان وە لە شەوی سیازدە

ئەگەر لە هەرسی روژەکەدا شەیتان رەجم بکا وە لە ندازەی ئەو

شەو مانەوەیە زوربەی شەوەکانە لەسەر نەروەی بە حەیز وە

لە پیش فەجرایە باکە پیش لی لەسەر فەرووەی لی هیزی شافعی

بەلی ئەو کەسانە کە معذورن لەم واجبا وەکو وشتروان وە خزمەت

کاری حەجاج وە یا آو دەری قەرەبالغ ئەوە ئەم شەومانەوەیانە

لەسەر نیە :

پێنجەم رەجم کردنی شەیتانە لە کوگای گەورەی مەشهور بە (عقبە)

لە روژی جەژنا وە رەجمی هەرسی کوگاکانە لە روژی یازدە و دوازدە و

سیازدەی مانگ دا بویەکی قەناعەت نەکا بە دو روژ ودیا رەجمی

بەلام چەورکردنی باقی لەشی حەرام نیە ئەگەر لەو روزەبونی خوشی نەبی چونکی مادەی بون خوشی بدا لە بەرگولەشی موجبی فیدیە یە ...

(دەینوک کردنە)

چوارەم لەدوشتانەکە حەرامن لەکاتی ئیحراما لابردنی مووە لەسەر و ریشو باقی لەشی بەلی ئەگەر موو ریان دایەسەری یا بەری یا سنگی ئەوە حەرام نیە لەو موو انە بتاشی چونکی عوزری هەیە بەلام فدیەی لەسەر واجبە چونکە ئەم کارە کردویتی ئتلافە واتە لابردنی مووە حەتا ئەگەر کاتی تحللی هاتبی ئەوە لەپیش ئەوا کە سەری بتاشی مادام مووی شوینیکی لابیا فدیەی لەکەویتەسەر بەلام لەپاش سەرتاشینی خوی بوی لابردنی مووی باقی لەشی لابا هەرچەن تحللی ئەول هیشتا نەداونەبویە واتە هەرتەنیا سەری خوی تاشی بەلیتر بەردی فرە نەدابیە بوجمرەی عقبە مثلا . (بیداربن) دروستە بومحرم کاتی کەوەختی تحللی داخل بە خوی سەری خوی بتاشی یا سەری محرمیکی تر بتاشی کەوەختی تحللی داخل بوبی وەکو ابن حجر لە حاشیەی ایضاح را تصریحی پی کردوە لە بابی حرمەتی حلقدا . وە لە عبارەتی شیروانی باشی دەرئەکەوی

پینجەم ینوک کردنە لە پەنجەی دەست یاپی بەلی ئەگەر نینوکی شکابو دەآزاری ئەدا ئەوە دروستە ئەو نینوکە ببری بەلام فیدیەی لەسەر واجب ئەبی :

کوگاکانە لە دوروژرا : شەشەم (طوافی وداع) واتە تەوافی ماڵی
کابە بۆ ماڵ ئاوایی پاشی ئەوە کە ئادابی عبادەتەکەی تەواوکرد وە
ئەسدی کرد بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی ئەگەر بۆ ژنی لە حەیزا بێ
یا زەیسان بێ ئەوانە ئەم تەوافەیان لەسەر نیە وەکو چۆن
لەو کەسە ئەڕوا بۆ عومرە مطلقا تەوافی وداعی لەسەر نیە ..

وە ئەم ئادابانە کە بە واجبیان ئەزانی هەرکامیان فەوتان واجبە
فدیە یان بۆ بدری واتە بە سەربڕینی حەیوانی بۆ قوربانی بشی تولەی
بدرێتەوە :

وە سونەتەکانی (حەج) غەیری ئەرکان و واجباتە ئەوانەیش زۆرن وەکی
لبیک کردن بە یاسای خۆی لە پاشی ئیحرام بەستن بەم عیبارەتە
لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ لَبَّيْكَ إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ
لَكَ وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لَكَ :

وە لبیک کردن سونەتە لە کاتی گۆڕانی بە حوال دا لە سوار بون وە
دابەزین و باقی حالاتا الا لە کاتی تەوافی قدوم وە سەعی بەینی
صفا و مەروە پاشی ئەو تەوافە وە لبیک کردن دەوام ئەکا
تا دەست ئەکا بە (تحلل) واتە خۆرزگار کردن لە ئیحرام ..

وە سونەتە (غسل) خوشوردن لەپێش ئیحرام بەستن بە حەج یا بە عومرە

وە کاتێ ئەگات بە عەرزی حەرەم لە نزیکی شاری مەکە وکاتێ ئەڕواتە

ناو شاری مەکەی مکرمە وە بۆ چوونە ناو کەعبەی شەریفەوە وە

بۆ ڕاوەستان لە خاکی عەرەفاتا وە بۆ مانەوە لە (موزدەلیفە) دا

بە مەرجێ غوسلی نەکردبێ بۆ عەرەفات ئەگینا ئیتر غوسل بۆ موزدلفە ناکا

وە سونەتە غوسل لە و ڕۆژانا کە ڕەجمی شەیتان ئەکا پاش ڕۆژی جەژن

بەڵام سونەت نیە بۆ ڕەجمی (کوگای گەورە) لە ڕۆژی جەژنا : وە سونەتە

غسل بۆ تەوافی ڕوکن ، وە بۆ تەوافی ماڵ آوایی :

وە ئەم غوسلانە سوننەتن لە بۆ پیاو و ژن حەتا بۆ ژنی زەیسان بێ یا لە عوزری

شەرعی دا چونکی مەبەس لەم غوسلانە خاوێنی لەشی ئنسانە نەک نوێژکردن

وە لە سونەتەکانی حەجە (طواف القدوم) یانی حاجی کاتێ گەیشتە مەکە

بڕوا حەوت جار بسوڕێتەوە بە دەوری کابەی پیروزا ئەم سونەتەیشی بۆ

کەسێکە لەپێش ڕاوەستانی عەرەفاتا داخلی شاری مكّەی مكرمە بێ

ئەگەر کەسێ وای بۆ ڕێ کەوت لە پێشا بڕواتە عەرەفات جا بێت بۆ شاری

مەکە ئەوە پێویستە طوافی ڕوکن بەجێبێنێ ..

وە لە سونەتەکانی حەجە شەومانەوە لە خاکی (مینادا) کاتێ ئەژون

بۆ عەرەفات بەلام لەسەر فەرمودەیێکی امامی شافعی ئەم شەوبانە وە واجبە

وەسوننەتە حاجی توند بڕوا بەڕێگەدا لە عەرزی (موحسەر) دا

چە لەم سەرەوە کە ئەڕوا بۆ عەرەفات چە لەو سەرەوە کە دێتەوە بۆ

موشاری مەکە

وەسوننەتە لە ڕۆژی نوی مانگی قوربانا کاتی گەیشت بە عەرزی (نەمرە)

بمێنێتەوە هەتا نوێژی نیوەڕوو عصر بەیەکەوە بەجمع تقدیم ئەکا

جا پاشی ئەوە بڕوا بۆ خاکی عەرەفات و بمێنێتەوە هەتا ڕۆژ ئاوا جا

پاشی چەند دەقیقە لە شەو داپەڕی بۆ خاکی (موزدەلیفە) وە ئەم مانەوە

لەسەر فەرمودەی بەهێزی ئیمامی شافعی واجبە وە لەسەر فەرمودەیێکی

سوننەتە ..

وەسوننەتە کاتی حاجی ڕویشت بۆ (سەعی) لە بەینی صفا و مەروەدا بەقەدی

بالای ئینسانیکی ڕەسا بەرز بێتەوە بەسەر (صفا) دا ئەوجار دای بێ

بڕوا بۆ (مەروە) وە کاتی گەویشتی داپەڕی لە صفا سی جار الله اکبر بکا

وە حمدی خودا بکا جا جارێکی تر یەک الله اکبر بکا وە بڕوا بۆ مەروە :

وەسوننەتە لە بەینی میلەکانا توند بڕوا بەڕێگەدا

وەسوننەتە بۆ سەرداری حەج چوار خوتبە بخوێنێ یەکەم ڕۆژی حەوتی

مانگی قوربان لە شاری مەکەدا دووهەم لە خاکی نەمرەدا پاشی زەوالی

ڕۆژی نۆهەم سێهەم ڕۆژی جەژن لە خاکی مینادا چوارەم ڕۆژی

ڕۆژی دووهەمی ایام التشریق وە لە هەر کام لەم خوتبانا خەڵک حاڵی بکا

لە سەر ئەو ئادابە کە وا لە پێشیانە وە مستحبە لە ڕۆژی دووهەمی ایام

التشریق بلێت بە حاجیەکان دروستە بۆ هەر کەسی بگەڕێتەوە بۆ ماڵ

پاشی نیوەڕۆ ڕەجمی شەیتان بکا وە لە پێش ڕۆژاوابوون لە منا دەرچێ

وە ئەم خوتبانە یەکە یەکەن الا خوتبەی ڕۆژی نۆ لە خاکی نەمرەدا

ئەوە دوو خوتبەیە :

وە سوننەتە بۆ ڕێگای لە حەج پیادان سەریان بتاشن وە ژنان

سەریان هەڵپاچن وە سوننەتە هەر ذکری کە وەرگیراوە لە

حەزرەت صلى الله عليه وسلم ئەوە بخوێنن .

وە سوننەتە کە ئینسان یەک لە شوێنی یەک ڕەجمی شەیتان بکا یانی

بەینی بەردەکان زۆر نەبێ هەروا سوننەتە هەر ڕەجمی لەو سە ڕەجمەی

تەواو کرد زۆر بڕوا بۆ ڕەجمی کۆگای دووەم جا بۆ کۆگای سێهەم

وە سوننەتە پاشی ڕەجمی آخر کە گەڕایەوە بۆ مەکە بڕوا بۆ خاکی (مُحَصَّب)

له به ینی خاکی زمفا) وه شاری مه که دا) وه له‌وشوینا نوێژی نیوه ڕۆ

وه عصر وه مغرب وعشا بکا جابڕوا بو مه که وه له گه ڕیشتی

بگه ڕیته‌وه بو ولاتی خوی برروا (ته‌وانی مال اوانی) بکا به قه سدی

خوداحافظی : وه پاش ته‌وانه‌که‌ی له ناو به‌ینی ڕوکن و ملتزم دا

ڕاوه‌ستی وه له‌خودا بپاریته‌وه بو خیری دنیاو قیامه‌ت وه له‌آوی

زه‌م زه‌م بخواته‌وه جا له‌به‌یت بڕواته ده‌ره‌وه

ئه‌م سونه‌تانه‌م به‌یان کرد له‌سه‌ر شیوه‌ی ئه‌وه‌که‌ئوسوا ڕین له‌کیتبی

دینا به‌کورتی ئه‌نا غه‌یری ئه‌مانه‌ش سونه‌ت گه‌لی هه‌ن هه‌ر یه‌ک

له‌شوینی خویا بویانیان ئه‌که‌ین :

بزانن زانایانی دین فه‌رمویانه هه‌مو فه‌رمانیکی دین حکمه‌تیکی تیا هه‌یه به‌لام

هه‌لی له‌وانه دیارن وه بازیکیان دیارنین به‌هه‌رحال پیویسته ئیمان له‌به‌ر

ره‌زای خودای تعالی آدابی دین به‌جی بینی وه له‌حکمه‌تی ره‌جمیشه‌تیانه‌له‌و شوینانه

له‌مه‌که‌ئیمامی احمد ره‌وایه‌تی کردوه له‌ابن عباسه‌وه خودایان لی رازی بی کاتی که‌خودا

ادابی حه‌جی نازل کرد بوحه‌زره‌تی ابراهیم له‌عه‌رزی مینادا بو وه‌شه‌یتان له‌و

سی شوینانا له‌پویستی سه‌ر له‌ابراهیم بشیوینی وه‌آدابه‌کانی نیدنه‌بی له‌وشی

له‌هه‌ر شوینی له‌وشوینانا حه‌وت به‌ردی فره‌دا بوشه‌یتان هه‌تا وون بوله‌پیشی حاجی

ده‌مه‌ شه‌هور وایه‌ كه‌ شه‌یتان له‌و سی شوینا خوی له‌ شیوه‌ی پیریك دا
پیشان دا به‌ حه‌زره‌تی اسماعیل علیه السلام وه‌ ویستی ته‌فره‌ی بدا
وه‌ خوی ته‌سلیم نه‌كا به‌ باوكی هه‌تا سه‌ری ببری ئه‌ویش له‌ هه‌ر
یه‌كی له‌و شوینانه‌ به‌رده‌ بارانی شه‌یتانی كرد جا بو یادی ئه‌وه‌
ئه‌م روجمی شه‌یتانه‌ دامه‌زراوه‌ تا بزانین وه‌كو ئیطاعه‌ی خودا واجبه‌
ئیطاعه‌ی باوكیش واجبه‌ وه‌ پیویسته‌ ته‌فره‌ نه‌خوا به‌ شه‌یتانی رجیم
والله اعلم

به‌یانی ئه‌ركانه‌كان

یه‌كه‌مین ئه‌ركان ناوی ئیحرامه‌   بوت به‌ بیان ئه‌كه‌م مه‌عناكه‌ی كامه‌

ئیحرام به‌ مانا قه‌سده‌ به‌ یه‌قین   بو حه‌ج یا عومره‌ له‌ سه‌ر پاسای دین

میقاتی هه‌یه‌ كاتی دیاری   شوینی تایبه‌تی به‌ ئه‌مری باری

كاتی حه‌ج غوره‌ی مانگی شه‌ووالن   تا فه‌جری روژی جه‌ژنه‌كه‌ی قوربان

كه‌ به‌یانی دا حه‌ج تی ئه‌په‌ری   بام به‌و ئیحرامه‌ عومره‌ی ئه‌كری

میقاتی كاتی بو عومره‌ی پیروز   ساله‌ سه‌رانسه‌ر ئه‌ی برای دلسوز

مه‌گه‌ر له‌و كاتا مه‌شغولی حه‌جه‌   ئیحرام به‌ عومره‌ خه‌تاو حه‌ره‌جه‌

میقاتی مه‌كان بو ئه‌هلی آفاق   بو حه‌ج و عومره‌ ئین به‌ اشتیاق

بو ئه‌وه‌ی ئه‌ژوا له‌ مه‌دینه‌وه‌   ذُوالحُلَیفَة ببینه‌ ره‌وه‌

ئێستە ناو ئەبرێ بە (بیری عەلی) لە بۆ حاجیان مەشهورە و جەلی

بۆ ئەهلی شام و میصر و خۆراوا میقات (جحفە یە) شک نیە لەوا

لە بۆ یەمەنو تهامە بە عام (یەلەم لەم) کرا بە شوێنی ئیحرام

بۆ ئەهلی نەجدی یەمەنو حیجاز (قەرن) میقاتە بەحق نەک مجاز

بۆ ئەهلی (مشرق) هەموو خورەلات خاکی (ذات العرق) کرا بە میقات

ئەمرۆکە بڕیار لەسەر (عەقیقە) جێگەی ئیحرامی خاوەن تەوفیقە

ئەوەی لە بەینی مەکەو میقاتە شوێنی خۆی بۆ ئەو حق المیقاتە

میقاتی ئەهلی مەکە لە بۆ حەج نەفسی مەکەیە بێ عەیب و حەرەج

هەر لە مەکەوە ئیحرام ببەستێ جا لە بۆ ئاداب مەردانە هەستێ

کە عومرەیان ویست دانیشتوی حەرەم غەریب یا شاری با بڕۆن سەرجەم

لە عەرزی حەل دا خارج لە حەرەم ئیحرام ببەستن بە عومرە بێ خەم

چاتر شوێنی حەل بۆ ئەم کسانە شوێنێکە مەشهور بە (جعرانە)

لە پاشی ئەو (تنعیم) خاوەن مەزیە ئەگەر نا بڕۆن بۆ (حدیبیە)

ئەگەر دەرنەچن لە عەرزی حەرەم فدیە واجبە یقین خاترجەم

حەیوانی بشێ لە بۆ قوربانی فدیەی ئەوەیە فەرزە بیزانی

ماوەی ذات العرق قرنو یلملم   دومەنزل ئەبی تاملکەی اکرم

ذوالحلیفە دە جحفە شەش منزل   بیزانە باشە ئەی برای فاضل

کەسی رێی لەسەر ئەمانە نەبی   مقابل بو ئەوبە میقات ئەبی

ئەگەر روا دەرچو دومقابل بو   یەکێکیان نزیک یەکێکیان دوربو

لەو یەکیانەوە دورە لەمەکە   پێویستە ئیحرام بی شوبهە لەکە

ئەگەر مقابل دەستی نەدا بوی   ماوەی دومەنزل میقاتە بوخوی

کی لە دەریاوە لەبو جدە بی   لەسەر رابغ را عبوری نەبی

وا راشە ئەبوری لەسەر یلملم   جدە میقاتە بو ئەو خاترجەم

چونکی ما بەینی جدە تا مەکە   دومەنزل ئەبی بی شوبهە و لەکە

ئەم باسە وتمان بو حاجی ئەصلە   ئەک لەبو نائب بزان ئەم فصلە

میقات بو نائب وا را بوردوە   میقاتی ئەوەی ئەوی ناردوە

مادام دورتربی میقاتی اصیل   میقاتە لەبو نائبی جەلیل

جا ئەگەر نائب جی نزیک بگری   فیدیەی لەسەرە پێویستە بدری

یانی ئەبی خوی ئەو فیدیە بدا   چون بوسودی خوی لەدور لائەدا

سا مەگەر اصیل ئیجازەی بدا   لەمالی خوشی فیدیەکەی بدا

ئەوەی ئەیەوی بە عەزمو نیاز   لە تەیارەدا بڕوا بۆ حیجاز

کاتی تەیارە لە مەتار هەستی   بەرگی بگۆڕێو ئیحرام ببەستی

یالە هەوادا پێشی حاسی میقات   ئیحرام ببەستێو بکا مُناجات

نەکا بائی لێ بە بازی کەلام   لە شاری (جدە) ببەستی ئیحرام

جدە) میقاتی مَشرقی نیە   بەڵێ شایاوی کورگەی بەحریە

ئەوەی بێ ئیحرام لادا لە میقات   فدیەی لە سەرە بۆ مایەی نەجات

مەگەر بۆ میقات بگەڕێتەوە   ئیحرام ببەستێو ئەم جار بێتەوە

ئەوکەسە لادا لە میقاتی خۆ   بۆ غەیری جەبهەی مەکەی شیرین بۆ

ئەوە بۆی هەیە تاخیری ئیحرام   بۆ وێنەی شوێنی ئەوەل بە نظام

هاتو کەم تر بو لە میقاتی زۆر   فیدیەی واجبە ئەی برای خۆش خۆ

ئەوەیش بێ مەبەس لادا لە میقات   ئەحەج ئەعەمرەی بە دل دانەهات

لە پاش تجاوز هاتە سەر نیاز   بۆ حەج یا عومرە دڵ بو بە هاوراز

ئەوجێ میقاتی دڵ خوازە بۆ ئەو   ئیحرام ببەستی و بکە وێنە دەو

پێویستی نیە ئەوکەسە هەستی   بڕوا بۆ میقات ئیحرام ببەستی

بۆ ئەهلی بەینی میقاتو مەکە   مەسکەن میقاتە بێ عەیبولەکە

(آفاق) کاتێ لە عەرزی حەرەم اقامەت کرد بە زۆری یا کەم
کاتێ کە ویستی حەج بکا بۆخۆی میقاتەکەی خۆی پێویستیە لەبۆی
ئەگەر نا فیدیەی لەکەویتە سەر داتەم وەرگرە ئەی نووری بەصەر
بەڵێ کە مەکە بوبە وەتەنی بۆی حوکمی مەکەلی وەرلەگرێ بۆخۆی
بزانن کەسێ بڕواتە حەرەم ئەگەر بۆ مناسک بۆ کاری آدەم
ئەوە سوننەتە ئیحرام ببەستی (١) لە میقاتەوە بۆ طاعەت هەستی
حەج یا عومرە باشی بەجێ بێنی باری لە جەزا بۆخۆی دەربێنی
بەڵێ ئەگەر حەج مالی لەسەر نی فەرزە حەج بکا بێ دەردیسەری
هەروەها عومرە چونکە ولیش فەرزە باشی وەری بگرە لەم شیرین عەرزە
بۆ تفصیل برو بۆ ابن حەجەر پێشی واجباتی تەواوی انور

باسی ئەرکانەکان بە درێژی

ئیحرام

ئیحرام مانای قەسدی داخل بوونە لە مناسک دا حەج بێ یا عومرە یا هەردوویان
لەسەرئەو یاسا کە باسی ئەکەین. ئیحرام میقاتی هەیە واتە وادەو
شوێنی تایبەتی هەیە. جا میقاتی زەمانی بۆ عومرە تەواوی سالە
وە هەرکاتێ ئینسان ئیحرام ببەستی بە عومرە دائەمەزری مەگەر کاتێ کە

(١) ئیحرام بەستن لەم شەخصە لە میقات لە عبارەتی مجموعی ئیمامی نەوەوی رحمه الله دەرئەکەوی ئەم
ئیرادە دیاری کراوە

حەزیکی عومرەئیکی دامەزراوی پێشوبێ وەیا مەشغولی آدابی حەج بێ وە
هێشتا تەواوی نەکردبێ واتە لە رەجمی شەیتانی رۆژی دوهەم زۆرکار ئەبێ
وە میقاتی زەمانی بۆ حەج لە ئەوەلی مانگی شەوالەوەیە هەتا فەجری
رۆژی جەژنی قوربان . جا مادام کابرا ئیحرامی بەست وە حەجەکەی
بۆکرا ئەوە باشە وە ئەگەر فریای حەجەکەی نەکەوت وە یاخو ئیحرامی
لەغەیری ئەو کاتا بو ئەوە ئەو ئیحرامە بەستویەتی بە حەج بوی ئەبێ
بە ئیحرام بۆ عەمرە وە واجبە عومرە تەواو بکا :
میقاتی مەکانی بۆ عومرە ئەوە بۆ ئەهلی حەرەم لە شاری مەکەو لە
ئەطرافی بریتییە لە شوێنی لە خارجی حەرەم لەنزیکتر نوختەئی بەحەر
بەلام چاکتر شوێن بۆ ئەم ئیحرامە بەکەم (جعرانە) دوەم (تنعیم) سێهەم (
حدیبیە) یە وە ئەگەر هەر لە شوێنی خۆیانا لە حەرەما ئیحرام ببەستن بە عومرە
ئەوە فیدیەیان ئەکەوێتە سەر مەگەر لە پێش ئەواکە رەس بکەن بە
آدابی عومرەکە بڕۆن بۆ خارجی حەرەم و ئیحرام ببەستن بەوە لە فیدیە زرگار
ئەبن وە ئەو فیدیە حەیوانێکە بۆ قوربانی بشێ وەکو باسی ئەکەین :
وە میقاتی مەکانی ئیحرام بەستن بە حەج ئەوە بۆ خەلکی مەکە شاری مەکەیە

ئەگەر لە شاری مەکەدا ئیحرامی نەبەست وە لە بەرانبەری شارەوە ئیحرامی بەست لەسەر فەرموودەی ابن حجر رحمه الله فیدیەی لەکەویتە سەر .. - وە ئەمما میقاتی مەکانی بۆ حەج و عومرەی (آفاقی) واتە خەلکی ولاتی خارجی حەرەم) ئەوە لەسەر ئەم یاسا تانی .

میقاتی ئەهلی مەدینەی منورە و ئەوانە کە بە سەر مەدینەدا ئەڕۆن (ذو الحلیفە) یە کە ئێستە مەشهورە بە (ابیار علی) وە ئەو شوێنە ماوەی دە مەنزل دوورە لە مەکەی مکرمەوە وە بۆ ئەوانە لە ولاتی (شامە) و یا مصر یا ولاتی مغربەوە ئەڕۆن بۆ مەکەی مکرمە (جحفە) کە نزیکی دەریای احمرە وە حەوت مەنزل دوورە لە مەکەوە وە بۆ ئەو کەسانە لە تهامەی یەمەنەوە ئەڕۆن (یەلەم لەم) ە کە کێوێکە لە جنوبی شاری مەکەوە ئێستە مەشهورە بە (سعدیە) وە دوو مەنزل دوورە لە مەکەوە وە بۆ ئەو کەسانە کە لە (نجدی یەمەن یا حجازەوە دێن بۆ مەکە شوێنێکە مەشهورە بە (قەرن) کە دوو مەنزل دوورە لە مەکەوە؛ وە بۆ ئەو کەسانە کە لە خورهەلاتەوە دێن بۆ مەکە وەکو پاکستان وە ئەفغان وە عیراق ئەوە (ذات العرق) ە کە دوو مەنزل دوورە لە مەکە بەلام بۆ ئەوانە لەو ڕێگەوە دێن چاک وایە

لە (عەقیق) را ئیحرام ببەستن کە کەمێ دورترە لە مەکەوە وە ئەم

میقاتانە هەمویان لە سەرفەرمودەی حضرەت صلی الله علیه وسلم دیاری کراون

بەڵی لە سەر بازی روایەت (میقاتی ذات العرق) لە سەر فەرمودەی

حەزرەتی عمر رضی الله دیاری کراوە :

وە میقاتی مەکانی بو ئەو آفاقیانە کە عومرە ئەکەن میقاتی حەجە

داتە ئەگەر لە دورەوە هاتن بو مەکە بو عومرە یا خود بو حەج و عومرە بە

یەکەوە ئیحرام ئەبەستن لەو میقاتانەوە دیاری کراون بەڵام ئەگەر لە

پاشی تەواوکردنی حەج ویستی عومرە بکا ئەوە وەکو ئەهلی مەکە وایە ئەروا

بو یەکی لەو سێ شوێنانە باسمان کردن وە ئیحرام ئەبەستی بە عومرە هەروا

ئەگەر عومرەیێکی کرد وە ویستی لە شاری مەکەدا عومرە بکا ئەویش وەکو

ئەهلی مەکە وایە :

وە ئەگەر آفاقی بە سەر ئەو میقاتانە نەهات لەو وە ئیحرام ببەستی لەو

شوێنەوە کە مقابل وە بەرابەری ئەو میقاتانەیە ئەگە روا ری کەوت

لە بەینی دو مقابل دابو ئەوە لە کامیانەوە دورترە لە مەکە ئیحرام ببەستی

وە ئەگەر مقابلی میقات نەبو وەکو یەکێ لە بەحری احمرەوە رو بە شاری (جدە)

بیت ئەوە لە مەسافەی دو مەنزل لە مەکەوە ئیحرام ببەستی وەکو شاری جدە

چونکە میقات نیە کە لە دوو مەنزڵ کەمتر بێ وە بەینی شاری جدە وە شاری
مکە دوو مەنزڵە :

ئەگەر ڕێی کەوتە عێراقەوە مەثەلا سواری تەیارە بوو وە ڕۆیشت بۆ حەج یا عومرە ئەوە چاک وایە هەر لەو کاتە سواری تەیارەکە بێ ئیحرام ببەستێ وە ئەگەر ئەوەی بۆ نەکرا پێویستە لەناو تەیارەکەدا پێش ئەوەی ئەگاتە ڕاستەرێی یەکێ لەو میقاتانە یا مقابلی ئەوان ئیحرام ببەستێ ئەگینا فیدیەی لەکەوێتە سەر وە باکی نەبێ بەوە لە شاری جدەدا ئیحرام ببەستێ چونکە شاری جدە ئەبێ بە میقات بۆ یەکێ بە سەر یەکێ لەو میقاتانا ڕانەبوردبێ وە بۆ عێراقی نیە :

ئەگەر کەسێ بە قەسدی حەج و عومرە گەیشتە میقات وە لای دا و ئیحرامی نەبەست ئەوە فیدیەی لەکەوێتە سەر مەگەر لەپێش دەست کردن بە ئادابی مناسک بگەڕێتەوە بۆ میقاتەکەی خۆی وە ئیحرام ببەستێ یا خود کاتێ تجاوزی کردووە لە میقات ڕووی ئەکرد لە جهەی مەکەی مکرمە بەلکو بە لای ڕاستیا یا بە لای چەپیا ڕۆیشتبێ ئەوە واجب نیە لەسەری بگەڕێتەوە بۆ میقاتەکەی خۆی وە دروستە لە میقاتێکی وا کە مساوی میقاتەکەی

خۆی بە ئیحرام ببەستێ . بەڵێ لەم صورەتە بازێ لە عالمەکان فەرمویانە ئەگەر ئەو شخصە کە لە بەرغایەی لای داوە لە میقات وە ڕووی لە مەکە نەبوە لە سەر میقاتێک دا ئیحرام ببەستێ ئەوە ڕەوا یە بۆی . . .

بەڵام ئەگەر کەسێ بە بێ قصدی حەج یا عومرە مثلا بۆ گەڕان بە دنیادا یا بۆ تجارەت یا کەسبی علم ڕووی کردە مەکە وە لە سەر میقاتی خۆی تجاوزی کرد کەچی لە پاشان کەوتە دڵیەوە ئیحرام ببەستێ بە حەج یا بە عمرە ئەوە لەو شوێنا ئەم فکرەی بۆ دێت دروستە احرام ببەستێ بە حەج ئەگەر کاتی حەج بێ یا بە عومرە وە بەم شوێنە ئەڵێن (میقات الارادە) چونکی لەو شوێنا خواستی هاتوەتە سەر لەو عبارەتە :

وە ئەگەر کەسێ بڕوا لە شارێ مەکەدا (اقامە بکا) بە بێ قصدی (توطن) واتە بۆ ماوەلێ نیشتەجێ بێ ئەوە کاتێ ویستی حەج بکا واجبە بڕواتە وە بۆ ئەو میقاتە کە موناسبی نیشتمانەکەی خۆیەتی :

وە ئەگەر کەسێ ڕووشت بۆ مەکە بە غەیری قصدی حەج یا عومرە ئەوە سونەتە لە میقاتەوە ئیحرام ببەستێ بە حەج یا عومرە بەم مەرجە حەجی فەرزی لەسەر ئەبێ ئەوا واجبە حسب الاصول حەجە واجبەکەی بەجێ بێنێ : هەروا بۆ عومرەلێ کە لە سەری بوبێ :

وه‌ میقات بو ئه‌وانه‌ که‌ له‌ ما به‌ینی شاری مه‌که‌ و میقاته‌ کانن شوینی

خویانه‌ له‌ویوه‌ ئیحرام ببه‌ستن :

یاسای ئیحرام

کاتی گه‌یشتی به‌ عه‌رزی میقات   بزانه‌ واده‌ی ئیحرامه‌که‌ت هات

ئه‌گه‌ر مزگه‌وتی له‌و شوینا بیی   با ئیحرامه‌که‌ت له‌ مزگه‌وتا بی

ئه‌گینا هه‌ر شوینی بیی ره‌وایه   دورتر له‌ مه‌که‌ بو تو ئاولی یه

له‌ پیش ئیحراما غوسل سوننه‌ته   به‌ قه‌صدی ئیحرام زور به‌ قیمه‌ته

غوسلت بو نه‌کرا ده‌س نویژ مه‌به‌سته   ئه‌گه‌ر عوزرت بو تیمم به‌سته

تنظیفات بکه‌ اسلام پاکی یه   بون خوشی مایه‌ی دل روناکی یه
دوو قوته‌ی تازه‌ی سپی ره‌نگی پاک   له‌ شانه‌وه‌ خوار بکه‌ به‌ پوشاک
جا دوو رکات نویژ سوننه‌تی ئیحرام   بکه‌ بو خودا به‌ یاسای اکرام

سوره‌ی کافرون بو یه‌که‌م رکات   بو دووهه‌م اخلاص خاوه‌ن به‌ره‌کات

له‌ پاش نویژه‌که‌ت قه‌ت دامه‌مینه   به‌ ئیخلاصی دل نیه‌ت بهینه

به‌ حج به‌ ته‌نیا یا حج و عومره   یا هه‌ر به‌ عومره‌ که‌ حه‌لوای ته‌مره

یه‌که‌م (افراده) دووهه‌مین (قران)   سی هه‌م تمتع سه‌هله‌ بو ئنسان

واجبه‌ به‌ دل سوننه‌ته‌ به‌ ده‌م   ئه‌م نیه‌تی تو ببه‌ خاتر جه‌م

پاش نیه‌ت فوراً بو ره‌زای خودا   لبیک لبیک بلی به‌ صه‌دا

به لام بوژنان به ره نگی سوکه — هه را له بوژن عه یبه وچروکه

ئه گه ر وردکه ی گران بی له بۆی — مه عناکه ی بلی به زمانی خوی

خودا من به نده م آماده ی طاعه ت — آماده م له سه ر یاسای شه ریعه ت

نیعمه ت بو عالەم هه ر له تووه دی — ئه نا وستایشی هه ر بوتو ئه لی

که لبیکه ی کرد بیکا به سی جار — پاشان صلاوات بوشاهی مختار

پاشی ئه مه به جوش بپاڕێته وه — بوخوی و بوخه لک بلا ئلیته وه

لبیک لبیک عه ینی ئه ده به — تاکاتی ره جمی جه مره ی عه قه به

چونکه لبیک یاسای ئیحرامه — ره جمی ئه وجه مره یش کاتی ئه نجامه

له گه ل ئه ورجا الله اکبر — یاسای ئیسلام و سونه تی ره هبه ر

ره وایه حاجی ئیحرامه که ی خوی — بیه ستی به وو پیشه وایه بوی

ئه و به هه رنه وعی ئیحرامی داببه ست — بو ئه میش ئه بی به مایه وه به ست

ئه گه ر وه رنه گه وت چونه ئیحرامی — حه جو عومره ی جوت ئه بنه مه رامی

هه رکه سی بوخوی له کاتی ئیحرام — دیاری ئه کرد مه قسود و مه رام

ئه رکاتی حه ج بو ئه بی به قران — ئه نا عومره یه بیزانه جوان

له م آدابانه باشی آگادارین — زانیاری خیره ئه بی هشیارین

پیاو جل ئه گوڕی ژن هه ر وه کو خوی — پوشاکی به ری ره وایه له بوی

کاتێ ئینسان داخلی میقات بو واجبە ئیحرام ببەستێ لەویوە جائەگەر فەرگەوت
لە میقاتەکە وا بو بڕواتە مزگەوتەکە وە ئەمما لە هەر شوێنێکدا ئیحرام ببەستێ درووستە
بەلام لە شوێنێکی وا دا کە دورتر بێ لە شاری مەکەی پیرۆزەوە باشترە
سوننەتە لەپێش ئیحراما غوسل بکا بە قەسدی غوسلی ئیحرام هەتا بۆ ژنی کە لە عوزرا بێ
ئەم غوسلە سوننەتە چونکی مەبەس پاکی لەشە کە بۆنو بەرامەی نەبێ بوناو
کۆمەڵەکەی وە سوننەتە بەتەواوی پاکی خۆی تەماشا بکا واتە مووی لەشی لابیا
وە نینۆک بکا وە خۆی بێ خۆش بکا چونکی پاش ئیحرام بەکارهێنانی بۆن
خۆشی حەرامە وە بەرگو پۆشاکە دوراوەکەی لابیا وە دو خاولی سپی
وە پاک بپێچێ لەخۆیەوە یەکێ بە بەینی ناوکو ئەژنۆکانی یا لەوە درێژتر
وە یەکێکیان بۆ ناو شانو پشتو ملی وە جوتێ سولی سەرپەنجە چول وە
پاشنە بەتال بکاتە پێ بەلام ژنان خۆیان روت ناکەنەوە وە هەر
بە پۆشاکەکەی خۆیانەوە ئیحرام لە بەستن هەروەها یەکێ کە نیرومێ بێ
وە سوننەتە بۆ ژنان دەستو دەموچاویان لە خەنە بگرن بو ئەوەی کە رەنگی
دەستو روومەتیان دەرنەکەوێ بۆ خەڵک . وە سوننەتە دو رکات
لەژێر بە نیەتی سوننەتی ئیحرام بەجێ بێنن لە رکاتی یەکەمیانا سورەتی قل یا ایها
الکافرون وە لە رکاتی دووهەمیانا سورەتی قل هو الله احد بخوێنێ :

وە لە پاشی ئەم دوو ركاتە نوێژە هەر لەو شوێنیا نیەتی ئیحرام بێنێ واتە قصدی ئەوە
بكا كە وا داخل بوەم بە حەج یا بە حەج و عومرە پێكەوە یا بە عومرە بە تەنیا
وە بە زمانیشی ئەوەی لە دڵیا بوە بیڵێت وە دوا لبیك لبیك بكا بەو شێوە
لە پێشەوە نوسیم وە زۆر جار ئەم لبیك لبیك بكا بەتایبەتی كاتی گۆڕانی
ئەحوال وەكو سوار بون وە دابەزین وە سەركەوتن بە سەربەرزیدا و
دابەزین وە كاتی نوستن یا خەبەر بونەوە لە خەو وە بار خستن وە بار كردن
وە هەر وەختێ ئەمەی كرد سێ جار تەكراری بكاتە وە لە پاشان صلوات بدا
لە سەر حەزرەت صلى الله عليه وسلم وەكو صلواتی تەحیاتی دوایی نوێژ وە لە گەڵ ئەم
ویردەی لە بەر ئەبڕد وە قیدیشی نەدەبڕد وە عیناكەی بە زمانی خۆی تەكرار
بكاتەوە وە ئەم لبیك لبیك دەوام ئەكات تا لە ڕۆژی جەژنی قوربانا ئەگا
بە ڕەجمی كۆگای گەورە كە بە شهورە بە عەقەبە لەو كاتەوە لبیك لبیك تەواو
ئەبێ چونكە ئەم ویردە نیشانەی ئیحرام بەستنە وە ڕەجمی كۆگای عەقەبە
دراویە كاتی پاشە وە نیشانەی تەواو بونی ئیحرامە وە لە قەولێكی ترا لە كاتێ
كە سواری سیارە یا ولاخی سواری ئەبێ وە ترێ ئەكەوێ بەرەو مەكە دەكاتا
ئیحرام ببەستێ : وە پیاو بە دەنگی بەرزی پیانە وە ژن بە دەنگی سوك لبیك بكا
وە كاتێ دەستی كرد بە بەردە بارانی جەمرەی عەقەبە لەگەڵ هەر بەردێكا جارێ الله اكبر بكا

بزانە رەوایە ئینسان لە نیەتی ئیحراما خۆی بکا بەتابعی کەسی تر وەکو ئیمام
یا سەرقافلە بڵی نیەتم هەیە ئیحرام ئەبەستم وەکو فولانە کەس جا ئەگەر
لەوەزعی ئیحرامی ئەو کەسە حالی بوە ئەتەلاکەبە حەججە یا بەحەج و عومرەیە یا
هەر بە عومرەیە ئەمیش ئیحرامەکەی دیتە سەر ئەو شیوە وە ئەگەر بوی
مەعلوم نەبو چونە ئەوە ئیحرامەکەی ئەرواتە سەر (حەج و عومرە) پیکەوە
وە رەوایە ئینسان نیەتی ئیحرام بینێ وە ناوی شتی تر نەبا جا ئەگەر
لەو کاتە کاتی حەج بو ئیحرامەکەی ئیتە سەر حەج و عومرە وە ئەگەر کاتی
حەج نەبو ئەوە دیتە سەر عومرەی تەنیا

باسی ئەو شتانە کە حەرام ئەبن بە هوی احرامەوە

کە ئیحرامت بەست چەن شت حەرامە ‌ ‌ ‌ ‌ فەرمانو یاسای دینی ئیسلامە
پوشینی بەرگە بچوک بێ یا زل ‌ ‌ ‌ ‌ بێنی خوش کردنی لەشو فەرشو جل
چەوری دان لە مو واکە باسی دی ‌ ‌ ‌ ‌ و بردنی مو لە لەش یا مەدلی
نینوک کردنە لە دەس یا لە پێ ‌ ‌ ‌ ‌ جماع و هەرچی بو ئەوە ختی بێ
تعرض کردن بو ئەچیری بەرر ‌ ‌ ‌ ‌ یا بو دار و گیای حەرەمی انور
جا ئەمە باسانەت بو بەیان ئەکەم ‌ ‌ ‌ ‌ ئەوی نەیزانی لیت عەیان ئەکەم
یەکەم خو پوشین بە بەرگی دوراو ‌ ‌ ‌ ‌ یا بەرگی تەنراو یا گری دراو

وەکو لبادو فەرەنجیو پەستەک   ئەیساونەوە دووەشابو یەک

بەلام بەمەرجی وا بکرێنیە بەر   عادەتی خەلکە نەک عادەت بەدەر

خوا هەموو ئەعزای لەشی داپۆشی   یا بازی ئەعزای بەوینەی کەوشی

کلاوو دەسکێش گورەوی بوپێ   پوزەوانەی تان کراسو دەرپێ

یاسەرەپێچی ئەی پێچی لەسەر   هەموو ممنوعەو فیدیەی دێنەسەر

رووی ژن لەم حوکما وەکو سەری پیاو   نابی دای پۆشی بازی یا تەواو

هەم هەردوو دەستی تا موچەکانی   بەدەرەوەبێ باشە بیزانی

باقی پۆشاکی با لەبەردا بێ   نەک لەبەرچاوی بەد نەظەر دابێ

ئیرومی لیرا وا دانراوە   لەسەر یاسای ژن حوکمی کراوە

کەوشێ یا ژنەو سەرپەنجە پۆشێ   هەر ئەمە لەسەر پیاوی بەهۆشێ.

ئەگەر یاژنەو سەرپەنجەکانی   هەموو دەرکەوێ نیە زیانی

هەر بەرگێکی وا پیاو بیکاتە بەر   تەنیا بەو بەرگە فیدیەی دێتەسەر

بەکلاو فیدیەی بەکراس دووان   بەدەرپێ سیان هەروا بزانن

بەلام مەرجە ئەگەر مادەیان هەبێ   بەعادەت بەبێ ئەوانە بێ

ئەگەر بەجاری لەترسی سەرما   هەرچی پۆشاکە کردت بەبەردا

بەهۆی ئەوانە مادام یەک چارە   تەنیا فیدیەی لەسەری بارە

بەلام ڕەوایە ئەی برای فاضل   قوڕیان لە بەرگا باشی بکە پێە مل

هەروا کتێبی بە وێنەی ئیضاح   بیخوێنیتە وە بە قەسدی اصلاح

یا شمشێر بە هەوی بەندی قەلاو   ئەکاتە ملی هەرکەس ئاسادە

هەروا هەمانە و توشەبەرەی   پێویستی ژینی ئینسانی تیا بێ

دوچکی فوتەی خوار و گری دەی   چکی سەروەکەی لە ژێرا دادەی

یا کۆنکونیکە بەبێ ئەندێشە   بە نەخۆینکی لێ هەڵ بکێشە

پشتێی ببەستە لە سەر فوتەکان   تا هەلیان نەدا شەماڵ بەتەکان

ئاگات لە حوت بێ ئەبێ تی بگەی   دوچکی سەرو قەت گری نەدەی

نە بە دروومان نە قوبچە و دەرزی   مەیاندە دەم یەک ئەگەر سەربەرزی

شیروانی ئەلی چکی لای سەری   لەگەل فوتەی خوار باگری بدری

ڕەوایە بنوی و چل بە حوتا دەی   ئەگەر گوشەکەی ژێری سەرنەخەی

بۆ کاتی سەرما چل بخە سەرشان   وەها داکەوی بە کەم تر تەکان

کەوشی سەرپەنجە و پاژنە داپۆشراو   بۆ حەرەم نابێ ئەی کاکی خوشناو

قاپ قاپی بێنە یا سوولیکی وا   پاژنە و سەرپەنجەت دەرکەون لە لوا

ئەمانە وتم باشی دەری بکون   بۆ فامی ئەحکام بەهانە مەگرن

سەعاتی دەستو چەتری ڕاسەرت   ڕەوایە بۆتو بۆڕی گوزورت

دووهەم حەرامە عەترو بۆن خۆشی　　لە بۆ پۆشاکی هەم سەر و لەشی
وێنەی کافورو میسکو عەتری گوڵ　　صابونی عەتری و سمل و تەرەنوڵ
ئەم بۆن خۆشانە وەها حەرامن　　کە لە سەریا ساو عادەتی عامن
وەها کە بلکێن بە بەرگو لەشا　　لە بەر بۆن خۆشی بۆ دەوق و نەشە
چونکی زیانە سێوی نارنجی　　شەمامەی بۆن دار یا خۆ ترنجی
بیان خوی هەرچەن ببێت خۆش ئەکەن　　کەسێ ناڵێ ئیحرام مشەوەش ئەکەن
هەروا خۆشەرێنی بە مورد و هێرۆ　　شەرعاً زیانیان نیە لە بۆ تۆ
یاخود صابونی کە بێنی کەم بێ　　زیانی نیە خاترت جەم بێ
سێهەم چەوری دان لە مووی ڕیش و سەر　　هەتا لە فوتەی ئیحرام ئەبەستە دەر
بەلام ئەو سەرەی مووی پێوە نیە　　چەورکردنی زیانی نیە
مەبەس ڕۆنێکە کە عەتری ئەبێ　　ئەونا ممنوعە بۆ لەش یا سەربێ
چوارەم دەفعەی مو پێنجەمین نینوک　　فیدیەی پێوستە سێ مو سێ نینوک
بۆ یەکی مشتی بۆ دوو دوو مشتە　　طعام بۆ گەدا واجبی گشتە
هەرچەن ئەو موو بە نوکی شانە　　بڕوێتەوە لە ڕیشە جوانە
بوڵی سوننەتە پێش چونە ئیحرام　　زیادە مولابەی لە سەر ئەندام

ئیشتیم حەرامە بە شەهوەت زانی　　هەرچی هێرشی جماعی هانێ

وەکو ماچی زۆر دەس لە مل کردن　　یا پەنجە بازێو دەس بۆ لەش بردن

ئاوی بێتەوە یا نەئێتەوە　　کارێکی پەستە باسوی بێتەوە

ئەبێ بە سەبەب لە بۆ کفارەت　　نەک بۆ فەسادی حەج و عومرەکەت

هەروا استمنا بە مەرجی انزال　　هوی کفارەتە بەبێ قیل و قال

حەیوانی ببێ بە قوچی قوربان　　بۆ گەدای حەرەم سەربڕە جوان

بەڵێ پێش لەوە ئەم فیدیە بدەی　　خودا نەخواستە ئەر جماع بکەی

بەو کفارەتی جماعە ئەی دەی　　فیدیەی ئەوانەیش لەخۆت لائەبەی

هەرچەن ماوەڵی لە مابەینا بێ　　ماوە دوورتر بێ یاخۆ کورتالێ

کاکە لەم باسە رەحمێکی خودا　　پێت نیشان ئەدەم ئاگابە ئاگا

نیگا بە شەهوەت ماچی لەسەرجل　　ئاویشی بێتەوە خوێن ناخاتە مل

عقدی نکاحیش لە ماوەی ئیحرام　　بەتالە و حەرام بە یاسای ئیسلام

بەڵام کفارەت نائێنێتە سەر　　ژن و مێردەکە ببە باخەبەر

حەوتەمین وەطئە لە پاشی یا لە پێش　　بۆ نێر و بۆ مێ بۆ بێگانە و خۆیش

چ بۆ ژنی خۆت چ بۆ بێگانە　　واتە بە زنا یا شوبهەی خانە

موطوء حەیوان بێ یا خو ئینسان بێ   زیندوو بێ یا خود مردوو بێ گیان بێ

بە هەموو ئالەت یا هەر سەرەکەی   بە رگی پیوە بێ یا هەروەکو خوی

هەموو مفسدە بو حەج و عومرە   بە مەرجی عەقلو رالنست وخیرە

لە حەجا لە پێش یەکەم تحلل   لە عومرەیشا پێش ئنتهای کامل

لەگەل فسادا واجبە دەوام   لەسەر عومرە و حەج هەتا کو ئنجام

قەزای ئەو عومرە و حەجە بیشە فەرزە   با سونەتیش بن بگرە لەم دەرزە

عومرە عەینی سال حەج سالی دووەم   قەزایان فەرزە یقین خاتر جەم

بەلام وا ئیە بە بێ اشتباه   بو شێتو نەزان بو حالی اکراه

یانی نە تاوان هەیە نە افساد   نە فدیە و قەزا لە زمەی عباد

فیدیەی ئەم شەڕە (دوور کەوی لە شەڕ)   وشتری قوچە یا بە حەوسەرمەڕ

لەگەریاش افساد تەکرار بێنەوە   هەر جاری مەڕی فەرزە بێتەوە

هەروا مەتریکە فیدیە بو جماع   پاش تحللی یەکەم بێ نزاع

هەروا استمنا بە مەرجی انزال   پاش تحللی یەکەم بێ جدال

ئەم فیدیە لەسەر داخل و مدخول   لای ابن حجر واجبە و مقبول

لە لای ڕەملی و لای شیخی خطیب   هەر لەسەر پیاوە ئەی برای نجیب...

طبیعی لەگەل علم و اختیار   ئەم حوکمە نەوەک بو جهل و اجبار

حەوتەم ئستیلای نەچیری کیوی — هەرچەن دەرچو بێ لە ماڵی خێوی

ئەرگوشتی بخوری لە وشکی بژی — لە پەلەوەرو پلی ڕاوکەی کەژی

هەروا حەیوانی دوورەگی نەخشی — ڕەگی ماڵی بێت ڕەگیکی وەحشی

بو غەیرە مُحرِم هەر دا حەرامە — ڕاو لە حەرەم دا بە ذل بفامە

ئێستان بە احرام مولکی لا نەچی — لە سەر نەچیری مولکی خۆی بوبێ

حەتا پاشی ئیحرام اهمالی نەکا — فەرزە لە سەری بەرەڵلای بکا

ئەوسا هەرکەسی لە و صیدە بگری — ئەبێ بە مولکی و کەس لێ وەرنەگری

کەسی هەیەتی آسکی یا کەوی — پیشی چونی بو حەج بیبەخشی لەوی

لە حەج هاتەوە ئەی کڕیتەوە — یا هەر لەلایا بمێنیتەوە

هەر صیدی مُحرِم بژوا بیگری — کە شەری بژی گوشتی نا خوری

مرداروبوە و حەرامی عامە — لەم دەرزە یاسای دینی اسلامە

نەچیری مُحرِم تەلەفی بکا — فەرزە لە سەری بەدەلی بدا

وینەدار وینە و بێ وینە قیمەت — ئەگەر ئەیەوی بکا بە نیعمەت

لە جی وشترمرغ فەرزە وشتری — بو آسکی بزنی یا مەڕی لەڕی

لە بو گاکیوی گاییکی ماڵی — لە بو کەرویشکی گیسکی یەک ساڵی

حەیوانی جەزا باشە بیزانی — شەرت نیە لەشی لە بو قوربانی

تو هەم بترێنی دارو گیای حەرەم — مُحرم ضامنە بە شەرعی اکرم

داربگی گەورە تولەی گائیکە — تو بچوک بزنی خوش سیمائیکە

بەلام گیا برینی بو قوتی حەیوان — یاله بو دەرمان دروستە وجوان

اذخر گیائیکە زور بولی خوشە — بو بوخچە و بەرگی ساغو نەخوشە

داری درکاوی بو سوتەمەنی — باشە بیبری بە مُوتەمەنی

کاری حەرام بێ بو ئەهلی ئیحرام — لە سەر دو بەشن بە یاسای ئیسلام

ئەگەر اتلاف بێ چونکی ناحەقە — نسیانو عمدو اکراه بێ فرقە

وەک ئەچیر کوشتن یا ناخون کردن — موی رشتو سەرو ئەعزا لابردن

حەتا بە زوری پیاوی ستەم کار — فیدیەی پێویستە لەسەر جادەت کار

ئەگەر لەزەت بێ بە وینەی جماع — یا پوشینی بەرگ بەقەسدی امتاع

کاتی اکراهو ئەزانیو نسیان — فیدیە لێ ناوی بە شەرعی رەوان

ئەو شتانە لە حەرامن لەسەر
کەسی ئیحرام بەستی
نو شتن

یەکەم بەرگ کردنە بەرە واتە حەرامە داپوشینی سەر بە هەر شتی کە بە داپوشەر بناسری وەکو کلاو عارەقچین خودە میزەرە کلاو بورکە وە عەیبی نەمانە هەروا حەرامە داپوشینی باقی ئەعزا بە هەر بەرگی کە دوررابێ وەکو جوبە و عابا و کەواو سەلتە و سوخمە و کراس و دەرپی و گورەویە دەستکێش

وەبێ فەرقە ئەو بەرگە تەنراوێ وەکو وتمان یاخود سوواو بیتەوە وەکولباد

وەفەرەنجی وەپەستەک بەڵام بەمەرجێ ئەو پۆشاکانە بەشێوەی

عادەتی بکرێنە بەر . ئەمە کە وتمان بۆ پیاو بوو بەڵام ژن کە ئیحرام

ببەستێ ئازادە بۆ ئەوە لە پۆشاکی خۆیا بمێنێتەوە بەس حەرامە لەسەری

دەستکێشی بکاتە دەستی هەروا حەرامە روخسارودەستی داپۆشێ

وەپێشانی (خونثی) ئیرومی حوکمی وەکو ژن وەهایە .

وەئەو کەوشە کە پیاو ئەیکاتە پێی واجبە پاژنە و سەرپەنجەکانی

دانەپۆشێ کەوایە پێویستە سولیکی ٣ روپاژنە بڵاو یا قاپقاپی وەها

لەپێ کا . ئەنا فیدیەی ئەکەوێتە سەر . وهەرشتێ کە پۆشینی حەرامە

ئەگەر یەکە یەکە لەبەریان بکا واتە مارەیان بێ ئەوە لە ٣ هەریەکێ

فیدیەیێکی ئەکەوێتە سەر وە ئەگەر هەموویان بەجارێ بکاتە بەر

وەکو یەکێ لەحەماما خۆی پێشتە ئەکاتەوە ئەوە بۆ هەموویان یەک فیدیەی

ئەکەوێتە سەر جا لەکاتی بێ سەرمای توندا ئەم نەوعە حەلکردنە بەرە

رەوایە وەئاتە فیدیەیێک ئەدا : بزانن دروستە ئیشان لە ئیحراما شمشێر

بکاتە ملی هەروا قورئان وەکتێبی کە پێویستی پێ بێ لەحکامی دینا وەهەمانە و

توشەبەرە هەڵ بگرێ وە پشتێ ببەستێ وە پارەی تێ بخا بۆ رێگا

وه دروسته دوچکی فوته خوارووه‌که‌ی گری بدا له یه‌ک یا خود کونی تێ بکا

وه به‌نده خوینی لێ هه‌ل کیشی وه به‌نده خوینه‌که گری بدا له سه‌ری

هه‌روا دروسته چکی فوته سه‌رووه‌که‌ی بخاته ژێر فوته خوارووه‌که وه

که‌مه‌ر به‌ندیان له‌سه‌ر ببه‌ستی به‌لام بو فوته‌ی سه‌روو که مانه نیه

دروست نیه دوچکه‌کانی له‌یه‌ک گری بدا وه به قوپچه یا دروومان یا به

ده‌رزی فه‌ره‌نگی ئه‌م به‌ره‌و به‌ری له وفوته بداته یه‌ک هه‌روا دروست

نیه چکی فوته سه‌رووه‌که له‌گه‌ل چکی فوته خوارووه‌که گری بدا به‌لام له

شیروانی دا هه‌یه ئه‌مه دروسته :

دووهه‌م خوبون خوش کردنه به‌عه‌تر وه‌شتی بون خوش خواه له له‌شی بدا

یا له به‌رگی یا له سه‌رو روخساری که وابی حه‌رامه مسک یا عه‌نبه‌ر

یا قوتوی عه‌تر یا ده‌سته ریحانه هه‌ل بگرێ ئه‌گه‌ر بونیان نه‌کا بلکێ به به‌رگوله‌شیده

به‌لام حه‌رام نیه میوه‌لیکی بون خوش یا خوارده‌مه‌نیه‌ک که ماده‌که‌ی به عاده‌ت

بون خوشی بی وه‌کو سیو نارنجو پرته‌قال هه‌روا حه‌رام نیه خوی به مورد

وه هید و یاسابونیکی واکه بونی عاده‌تی بی سه‌ر دله‌شی بشوری ...

سێهه‌م چه‌ورکردنی سه‌رو له‌شیه تی به چه‌وری هه‌رچه‌ند بونی خوش نه‌بی.

جا با ئێستان له ئیحراما خوی بپاریزی له خواردنی چه‌ورشیکی واکه‌تریشی چه‌ور بکا .

شەشەم ئەوشتانەی کە حەرامن بۆ محرم ئەوشتانەیە کە مقدمەی جماعن واتە ئەوشتانە آرەزوی ئینسان بەهێز ئەکەن وەکو ماچی ژن بە زەوقی یا خو دەس بکاتە ملی یا تێکوشین بۆ هێنانەوەی آوی شەهوەتی خۆی وە آوەکەیشی بێتەوە ئەمانە هەموو حەرامن وە باعثی واجب بونی فیدیەن بەلام هاتنەوەی آوی مەنی بەهۆی تماشا کردنی ژنی کە دووربێ یا تێکوشین بۆ هاتنەوەی آو وە آوەکەی نەیێتەوە وە یا آو هاتنەوە بەهۆی بیرکردنەوە لە جوانی ژنی ئەمانە نابنە بەهۆی فیدیە وەکو روژو باڵایی ناشکێ هەروا حەرامە لەسەر کەسی لە ئیحرامابێ عقدی نکاح بکا واتە ژن بۆ خۆی مارە بکا وە یا کچی خۆی بدا بە شو یا ببێ بە وەکیل لە عقدی نکاح دا وە ئەوونیکاحانە بەتالن وە دانامەزرێ بەلام فیدیە واجب نابێ لەسەر ئەوژن و پیاوە یا ئەو ولیە کە عەلاقەدارن بەو عقدەوە :

حەوتەم ئەوشتانەی کە حەرامن لەماوەی ئیحراما جماع کردنە لەگەل علم وعمد واختیارا. واتە یاروو بزانێ ئەو کارە حەرامە وە بە قەسدی ئەو کارە بکات نەک بەسهو وخەتا وە بە دل خوازی خۆی بێ نەک بە زوری زوردار . ئەوە حەرامە وە هۆی فیدیەیە خواه ئەو جماعە لە بەرەوە بێ یالە دواوە وە بە شێوەی زنا بێ یا بە اشتباه وە لەگەل ژنی خۆیا بێ یا ژنی بێگانە وە بەهۆی ئەم جماعەوە حەج و عومرەکەی

به تاڵ ئه‌بنه‌وه مع انه واجبه فیدیه ئیکی گه‌وره که وشتریکه پێنج ساڵه

یا حه‌وت سه‌رمه‌ڕ زۆرله‌روژی جه‌ژنا یا له ایام التشریق دا سه‌ربڕی

وه واجبه له عه‌ینی ساڵ دا ئه‌گه‌ر عیباده‌ته‌که‌ی عومره بو قه‌زای بکاته‌وه

وه ئه‌گه‌ر حه‌ج بو له ساڵی داهاتودا قه‌زای بکاته‌وه : به‌ڵام مه‌جبه

که ئه‌و جماعه له پێش تحللی یه‌که مابێ وه ئه‌گه‌ر له پاش تحللی یه‌که مابێ

ئه‌وه هه‌ر مه‌ڕی واجب ئه‌بێ له‌سه‌ری :

ئه‌گه‌ر کابرا ژنه‌که‌ی خوی به ڕوتی ماچ کرد وه ئاره‌زوی بزوت وه چوه

لای ژنه‌که‌ی که وه‌کفاره‌تی ماچ کردنه‌که‌یش داخلی کفاره‌تی گه‌وره

ئه‌بێ وه ئه‌گه‌ر له پاش تحللی یه‌کم رولشته لای ژنه‌که‌ی ئه‌وه هه‌ر

مه‌ڕی واجب ئه‌بێ وه فیدیه ئه‌م کاره‌سا تا به فکری ابن حجر له‌گه‌ڵ ئه‌و

سه‌ر ژنه‌که‌یش وه‌کو که‌وتوه‌ته‌سه‌ر کابرا مادام ژنه‌که‌یش زانا و خاوه‌نی ته‌کلیف

بوبێ وه به دڵ خوازی موافقه‌تی کابرای کردبێ وه به فکری محمد رمه‌ڵی

وه خطیب هه‌ر له‌سه‌ر کابرایه و به‌س : (ئبیارئین) واجبه ئه‌و دو

که‌سه هه‌ردو یانه و حه‌ج و عومره به تاڵه ته واو بکه‌ن چونکه حه‌ج و

عومره‌ی درووست وه نادروستیه‌کیسانن له واکه ته‌واو کردنیان دا ...

هەشتەم لەو شتانە کە حەرام ئەبن بە ئیحرام ڕاوکردنی نەچیری وەحشی یە
ئادەم لە وشکی دا بڕی خوای چە زندە یا پەرندە بە هەر چونێ
بە شیر یا تیر یا گوللە یا داو و غیری ئەمانە وە لە عەرزی حەرەم
یا غەیری حەرەم دابێ وە هەر حەیوانێ کە خاوەن ئیحرام بیکوژێ
واجبە لەسەر کابرا وێنەی بدا ئەگەر وێنە دار بو وە قیمەتی بدا
ئەگەر وێنەی نەبو ئەو وێنە لە باتی وشترمرغ گائێ وە لە باتی ئاسکی
مەڕی یا بزنی بدا هەروا بەو شێوە تۆڵەی بدا : وە ئەگەر ئەو نەچیرە
موڵکی یەکێ بوبێ وە ڕای کردبێ وە ئەم خاوەن ئیحرامە لەی کوشتی ئەوە
علاوەی ئەو فیدیە واجبە لەسەری قیمەتی بدا بە خاوەنەکەی :
وە هەر یەکێ کەوتە ئیحرامەوە هەر نەچیری لە موڵکی ئەوا بێ هەمو لە موڵکی ئەو
دەرئەچێ وە پاشی حەجەکەیش نابێتەوە بە موڵکی وە واجبە لەسەری
بەرەڵڵای بکا وە هەر کەسێ گرتی لەبێ بە ماڵی ئەو کەسە کە وابێ چاک
وایە کابرا لە پێش ئیحراما بەرەڵڵای بکا یا خود بیدا بە یەکێ لە دوستانی خۆی
تا کە لە حەج هاتەوە یا لەی گرێتەوە یا هەر لای کابرا ئەیبێنێتەوە
بزانن هەر نەچیری محرم سەری ببڕێ بە مردارە وە بۆ دا ئەنرێ وە گۆشتی ناخورێ
چە بۆ خاوەن ئیحرام چە بۆ غیری ئەو دان :

نوهەم لەحەرامەکان بڕینی دار وگیای خاکی حەرەمە لەشاری مەکە را وە لە

عەرزی حەرەم لەخارجی شارا ئەمە حەرامە و موجبی فیدیەیە وە لەسەر

دارێکی گەورە وشتری یا گائی وە لەدارێ بچوکا مەڕی یا بزنی یا گیسکی

بە پێی قەوارەی دارەکە واجب ئەبێ . بەلام رەوایە گیا دورین بو عالفی

حەیوانات وە بڕینی گیای (ئەذخەر) کەبونی خوشە بەلام جائز نیە لەکاتی

ئیحراما بونی بکا یا بیلکێنێ بەبەرگو پوشاکو لەشیەوە . (بیمارێ) ئینسانی

لەئیحراما نەبێ وەکو ئینسانی محرم وایە لەوا کەحەرامە بوی بڕینی دار وگیای حەرەم

الا بو نا چاری وەکو داری سوتەمەنی وە گیا بو عالفی حەیوانات :

باسی جورەکانی حەجو عومرە

ئەم حەجو عومرە بەسێ جور ئەکرێن بو فەرقی مابەینیا بەجیانا دئەبرێن

یەکەمین افراد . تمتع دووەم سێهەم بەرقران ، بیەخاترجەم

افراد وەهایە ئیحرام بەحەج بێ لەپاشی حەج عومرە جێ بەجێ بێ

دەی نیەت بینە بوحەج لەئیحرام لبیک بکە بوخودای عەلام

گەئشتیتە بەیت طوافی قدوم سونەتە بیکە بەپاشای معلوم

جا حوت مختاری بو سەعی مابەین صفا و مەروەی پاک ئەی نوری عەینێن

لەهەشتی مانگا بڕو بو مینا شەو بمینە وە ئەی برای زانا

سبەینێ بڕۆ بۆ خاکی نەمرە   تا پاشی نیوەڕۆ بمێنە ئەمرە
نوێژی نیوەڕۆ و عەصر بێ وسواس   بیانکە بە جەمع بە شێوەی اخلاص
پاشی ئەمە بڕۆ لە بۆ عەرەفات   هەمووی موقفە و خاوەن بەرەکات
کە مغرب داهات لە جێی شەریفە   بێرە خوارەوە بۆ موزدەلفە
نوێژی مەغرب و عشا پێکەوە   بکە بە دڵی ڕاست و ڕێکەوە
شەو بمێنەوە تا کاتی بەیان   نوێژی سبەینێ بکە بە عەیان
جا بڕۆ لە بۆ مشعری حرام   پاشی هەتاو کەوتن بە یاسای أیام
بڕۆ بۆ ڕەجمی جەمرەی کُبرێ   ڕەمزی شەیتانە لە دنیا دانرا
حەو بەردی لێدە بە علمو خەبەر   گشت جارێ بڵێ (الله اکبر)
ئەمجار زو بڕۆ بۆ عەرزی مینا   حەیوان سەر ببڕە بۆ خودای بینا
ئەم جارە سەرت بتاشە بێ خەم   جا بڕۆ لە بۆ بیت اللەی اکرم
طەوافی ڕوکنت بەجێ بهێنە   اخلاص بۆ خودای زانا بنوێنە
ئەم جار وەرگرە لە وفا شروە   بڕۆ لە بۆ سعی بۆ صفا و مەروە
جا بردرەوە بۆ خاکی مینا   سێ شەو لەوێ بە بۆ خودای بینا
لە ڕۆژەکانا پاش کاتی زەوال   ڕەجمی شەیتان بکە بێ مەلال
واجبی افراد تەواو بو یەکسەر   نوبەی عومرە هات بە شەرعی انور

هەر لە مەکەوە بێ تورزو لەکە — آمادە ببە وەک ئەهلی مەکە

بڕۆ بۆ یەکێ لە شوێنانی حەل — بەلام ئەولیە مەوقعی افضل

ئیحرام ببەستە بە عومرە لەوێ — تا پایەی بەرزت لەویا دەس کەوێ

بڕۆ بۆ مەکە بۆ طوافی بەیت — دڵ هەڵگرسێنە وەکو چرای زەیت

پاشی طواف سەعیە لە صفا و مەروە — ئەمەیش عومرەیە باشترینا شروە

حوت رزگار بکە بە تقصیری سو — کە وا عومرەلێشت بۆتەواد لو تۆ

ئەمە جوری بو لە حەجی افراد — جوریکی تری لای ئەهلی رەشاد

وایە پیان کەی بە شیوەی کەمال — حەج لە یەکەم سال عومرە ددوەم سال

جوریکی سیهەم لە پیش کاتی حج — عومرەی حوت بکە لێ عەیبو حەرەج

کە مانگی حەج هات ئیحرام ببەستە — بو آرای حەج مەردانە هەستە

بو حەجی ئیفراد کفارەت نیە — هەر جوریکیان بێ خەیری جلیە

تمتع وایە کە مانگی حەج هات — ئیحرام بە عومرە بکەی لە میقات

پاشی طواف و سەعی حەلق یا تقصیر — حوت رزگار بکە وەکو گەورە میر

جا کاتی وەرچون لە مەکە بو حەج — ئیحرام ببەستە بە حەج بێ حەرەج

ئەم تمتعە لە بو آفاقی — فیدیەی پیوستە بە شەرعی راقی

ئەرنە ڕواتەوە بو عەرزی میقات — ئیحرام ببەستێ بە حەج بونەجات

شێوەی (قِران)

ئەمهایە (قِران) یەکجار بە هەردو ‌ ‌ ‌ ‌ ئیحرام ببەستی لە میقاتا تا زو

لەوەی پێویستە لە بۆ حەج ئەکری ‌ ‌ ‌ ‌ بە حەج و عومرەیشی بۆتۆ دائەنرێ

فیدیەی پێویستە لە بەر آسانی ‌ ‌ ‌ ‌ حەج و عومرەکەت ئەگەر بزانی

هەر لە قرانە حەج بخەیتە سەر ‌ ‌ ‌ ‌ ئیحرام بە عومرە بەبێ دەردی سەر

کە گەیشتیتە میقاتی لطیف ‌ ‌ ‌ ‌ ئیحرام ببەستی بە عومرەی شریف

لە پاشی ماوەلێ پێشی دەستی بە ارکان ‌ ‌ ‌ ‌ نیەتی حەجیش بێنیتە مەیدان

حوای ئیحرامەکەت بە عومرەی پیروز ‌ ‌ ‌ ‌ پێشی مانگی حەج بێ ئەی برای دڵسوز

یا خو لە عەینی مانگی حەجا بێ ‌ ‌ ‌ ‌ هەردو قرانن دڵت آگا بێ

بەلام هێنانی عومرە بۆ سەر حەج ‌ ‌ ‌ ‌ ڕەوا نەدراوە ئەبێ بە حەرەج

هەر بۆ حەزرەت بو لە حەجی وداع ‌ ‌ ‌ ‌ عومرە لە سەر حەج ئەکرێ بۆ اتباع

بێجگە لەمانە هەیە بۆ ارفاق ‌ ‌ ‌ ‌ نیەتی ئیحرام بە شێوەی اطلاق

نە حەج نە عومرە نە ناوی قِران ‌ ‌ ‌ ‌ لە و ئیحرامەدا نەیێتە مەیدان

لە پێشی مانگی [حەج] ڕوی دا ئەم ئەمرە ‌ ‌ ‌ ‌ خواهی دنە حەج خواهی ئەلی بە عومرە

ئەنا مختارە بە هەرچی بکا ‌ ‌ ‌ ‌ لە وانە وتمان جێ بە جێی ئەکا

افضل لە مانا افرادە بزان ‌ ‌ ‌ ‌ پاشی ئەتمتع لە پاشی ئەم قران

لەلای شافعی ئەو مەروە بەرزە   عومرە وەکو حەج لەسەریان فەرزە

أَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّٰهِ   بو ئەم مقسودە دل ئەکا ئاگاە

مکرو هەم لای ئەو حەج بەجی بینی   لە پاشان عومرە بەجی نەئینی

جائزە عومرە بەدلە مانگی حەج   بەجا لە مانگی حەج حەج بلا حەرەج

باسی أنواعی حج و عمرە

حەج و عومرە بە چەن جور ئەکرێ یەکەم ناوی إفرادە کە ئەوەیە ئیحرام ببەستی بە حەج بە تەنیا جا بڕوی بو مەککەی مکرمە: وە لە پاش چونە (بیت) طوافی قدوم بکەی جا لە گەرمە یلت بو سەعی بەینی صفا و مەروە بەجی بینی جا لە وی بە ئیحرامە وە بمێنیتەوە تا روژی هەشتەمی مانگی قوربان جا دەرچی بو عەرزی (منا) وە شەو لە وێدا بمێنیتەوە سبەینی بڕوی بو خاکی (نەمرە) وە تا پاشی زەوال بمێنیتەوە جا نوێژی نیوەڕوو عەصر بە شێوەی جمع التقديم بکەی لە پاش ئەمە بڕوی بو خاکی (عەرەفات) تا مەغرب وە لە مەغربدا لە وێ دا پەڕی بو خاکی موزدەلیفە وە نوێژی مغرب و عشا بە جمع التأخير بکەی وە لە موزدلفە بمێنیتەوە هەتا نوێژی سبەینی جا زو نوێژی سبەینی بکەی وە حەوت بەردی بچوک وەکو بەردی پەلەپیتکە هەل بگری وە بڕوی بو (مشعر الحرام) لەوێ

مەشغولی ذکر و دوعا و لبیک لبیک بێ تا ڕوژ هەڵدێ جا بڕوێ بو لای

(جەمرەی عەقەبە) وە بە حەوت جار حەوت بەردی بو بهاوێت

وە لەگەڵ هەموو بەردێکا الله اکبر بکەی . پاشی لەوە بڕوێ بو

بو (مینا) بو ئەو شوێنە کە حەیوانی تێدا سەر لە بڕی وە لەگەڵ حیوانت پێ بو

(١)

سەری بڕی جا سەرت بتاشی یا خود موەکانی کورت بکەیتەوە

جا بڕوی بو بیت الله بو طوافی ڕکن وە حەوت جار لە حجر الاسودەوە

بە دەوری کعبەدا بسوڕێیتەوە جا ئەگەر لە پاش طوافی قدوم سەعیت کردبو

ئەوە کافیە ئەگینا بڕوی حەوت جار سەعی بکەی لە بەینی صفا و مروەدا

پاشی ئەوە بگەڕێیتەوە بە پوشاکی خوتەوە بو (مینا) وە سێ شەو لە مینادا

بمێنیتەوە وە لە ڕوژەکانا هەموو ڕوژێ پاشی زەوال هەرسێ کوچکەکان

بە ڕیز یەکی حەوت بەردیان بو بهاوێژی وە بەردەکان بمێنێتەوە

وە پاشی ئەوە بگەڕێیتەوە بو مەکە وە خوت ئامادە بکەی بو عومرە

جا بڕوی بو نزیکترین عەرزی خارجی حەرەم وەکو (جعرانە) یا تنعیم

یا حدیبیە لە یەکی لەوانا ئیحرام ببەستی بە عومرە وە بگەڕێیتەوە

بو مەکەی مکرمە حەوت جار طوافی کعبەی شریفە بکەی جا بڕوی بو سەعی

حەوت جار هاتوچو بکەی لە بەینی صفا و مروەدا جا موی سەرت کورت بکەیتەوە

پاشی ئەمە هەرکاتێ گەڕایتەوە بۆ وڵاتی خۆت بڕۆ بۆ کعبەی شریفە

بەقصدی ماڵ ئاوایی حەوت جار بەدەوریا بسوڕێرەوە وەکو

طوافە پێشوەکان جا بگەڕێرەوە خوا حافظت بێ :

لەمەی وتمان شێوەی یەکەم لە حەج بە افراد شێوەی دووهەمی

ئەمەیە کە لە مانگی حەج دا بڕوی حەج بکەی وە عومرەکەت تأخیر

بکەی بۆ ساڵی دووەم بەلام ئەم شێوە لە ایضاحا لەلی مکروهە ...

شێوەی سێهەم ئەمەیە کە حەج و عومرە لە سلکێک دابێ بەلام

لە پێش مانگی حەج دا عومرە بکەی وەکاتێ مانگی حەج هات بڕۆی

ئیحرام ببەستی بە حەج وەمەچەکەت تەواو بکەی ئەم افرادە.

بە هەر شێوە لە بێ فیدیەی تیدا نییە :

حەج و عومرە بە شێوەی تمتع

حەج و عومرەی شێوەی تمتع ئەمەیە کە لە مانگی حەج دا ئیحرام ببەستی

بە عومرە وە بڕۆی بۆ مکەی مکرمە وە طوافی رکنی بۆ عومرە بکەی جا بڕۆی

حەوت جار سعی بکەی لە بەینی صفا و مەروەدا وە بە سەرتاشین یا خود

کورت کردنەوەی چەند موویەک حۆت رزگار بکەی لە و عبادەتە پاشی ئەوە هەموو شتێکی

واکە لە ئیحراما حەرام بوو حەلال ئەبێ لێت . جا لە کاتێ کا حاجیەکان ئەڕۆن بۆ منی

لە مەکە وە ئیحرام ببەستی بە حەج وە ئەعمالی حەجەکەی تەواو بکا وەکو باسمان کرد

وە لە شێوەی تمتع دا فیدیە فەرزە لەبێ لە ٣ سەری مەگەر کاتی ئیحرام بە حەج بگەڕێتەوە

بۆ ئەو میقاتەی خۆی کە ئیحرامی عومرەکەی تیا بەستوە : یا بۆ میقاتێکی کە بە قەد

ئەو میقاتە دوور بێ لە مەکەوە : یا نزیکتر بێ لە مەکەوە وەکو نهایە و

شەرحی مەحلی بەیانیان کردوە (١) وە یا دەرچێ لە شاری مەکە بە ماوەی

دوو مەنزل وە لەوێوە ئیحرام بە حەج ببەستی

حەج بە شێوەی قِران

حەج بە شێوەی قِران ئەمەیە کە بە یەک جار ئیحرام ببەستی بە حەج و عومرە وە ئادابی حەج بەجێ بێنێ ئەوە حەج و عومرەی بۆ تەواو ئەبێ بەلام فیدیەی ئەکەوێتە سەر

وە نەوعی تر لە قران وایە کە لە پێشا ئیحرام ببەستی بە عومرە وە بەر لەوە کە دەست بکا بە اعمالی عومرە بە نیەتی دڵ حەجیش بخاتە پاڵ عومرەکەی خواە ئیحرام بە عومرەکە لە پێشی مانگی حەج دا بێ یا لە مانگی حەج دا بێ :

بەلام ئەو شێوە کە لە پێشا ئیحرام ببەستی بە حەج وە لە پێش دەس کردن بە ئادابی حەج بە قەصدی دڵ عومرەی بخاتە سەر ئەوە هەر خاصەی حەزرەت بوە صلی الله علیه وسلم کە لە سەفەری حجة الوداع دا کردیەتی وە بۆ کەسی تر لە ئەفرادی ئومەت نابێ وەکو لە مەولا بەیانی ئەکەین ان شاء الله تعالی ..

---

(١) ابن حجر ئەفەرموێت هەرکەسی قەصدی نسکی بێ وە بەبێ ئیحرام تێجاوز بکا لە میقات ئەوە واجبە بگەڕێتەوە بۆ ئەو میقاتە یا بۆ وێنەی ئەو وە بۆ نزیکتر دروست نیە بەڵێ ئەگەر قەصدی ئەو کاتی تێجاوز ئەوە بگەڕێتەوە بۆ نزیکتریشی دروستە ..

خلاف لە بەینی ئیمامەکانا   کامەیە چاتر لەو سێ نەوعانا

تابعە لە بۆ خلاف اتباع   لە نەوعی شیوەی (حجة الوداع)

کام شیوە دەرچو بو حەجی پێغەمبەر   ئەوەیە چاتر بەبێ دەردیسەر

جا بە روایەی شێخان لە جابر   إفراد بو حەجی مەولای اکابر

روایەتێکی تر هەیە لەوان   کە (تمتع) بۆ حەجی شای جیهان

بە روایەتی بازی تر وایە   قران بو حەجی ئەو خاوەن پایە

بەلام مەولانا قاضی انصاری   بەسەریا بارێ رەحمەتی باری

ئەلێ بێگومان حەجەکەی حەزرەت   ئەوەل افراد بو لەسەر حقیقت

لە پاش ماوەئێ لە وادی عقیق   عومرەیشی هێنا جبریلی رەفیق

بو رەفعی شوبهەی کافرانِ دوون (گومڕاکان)   کە حەجو عومرە قەت یەک نا کەون

عەلاوەی عومرەیش بو حەجی افراد   وەزعێکی خاص بو بو مەولای عباد

جا ئەوەی ناوی بە افراد ئەبا   تماشای وەزعی ابتدای ئەکا

ئەوەیش بە قران ناوی ئەهێنێ   وەزعی آخری بو عام ئەنوێنێ

چونکی لە پاشان لە وادی عەقیق   عومرە خستە پال بە شیوەی تحقیق

هەر بەیەک عەمەل حەجو عومرەی کرد   کە مەیلیش قرانە لەسەر فکری ورد

ئەوەی تمتع ئەکا بە لەقەب   لە بۆ حەجەکەی شای عالی حسب

تمتع لائەو مەعناکەی وایە   ئاسانی کاری رسول اللە یە

حەجو عومرەکەی هەر بەو شێوە بۆ   عومرەی سەربەخۆی قطعا تیا نەبو

تمتع مەعنای لەزەت بردنە   گران بە شێوەی ئاسان کردنە

ئەگ تمتعی عومرە تەنیا سبێ   لە پاشی ئەو حەجی بە شوێنیا دابێ

ئەو شێوەیش تەنیا لە بۆ حضرەتە   لە خاصەی ئەو بو ئەگ بۆ ئومەتە

ئحرامی اصحاب لە حەجی وداع   سێ جۆر بو لەسەر روایە و سەماع

بازی بە قران ئحرامیان دابەست   حەجو عومرەیان واکرد بە دەبەست

هەنابویان (هدی) لەگەل خۆیانا   جا کاتی لەوسەر هاتن بۆ منا

حەیوانەکانیان سەربڕی سەرجەم   بۆ ضیافەتی فقرای حەرەم

جالەگەل حضرەت رهبەری دل سوز   چون بۆ طوافی افاضەی پیروز

بازێکیش لەسەر تمتع داهات   ئحرامیان کاتە گەئێنە میقات

پاشی عومرە وێنەی ئەهالی (مەکە)   ئحرامی حەجیان بەست بە بێ لکە

بازێکیش بە حەج ئحرامیان دابەست   بە شێوەی افراد بە عەزم و دەبەست

بەلام حەزرەتی سیدی انام   فەرموی بگۆرن هەبەس لە ئحرام

لە حەجی افراد بیکەن بە عومرە   لە بەر مەقصودی مهم و گەورە

پاش عومرە کەیان ئیحرامیان دابەست   بەحەج بەوێنەی ئەکێ بەهەبەست

ئەم گۆڕینەوەی حەجە بە عومرە   خاصەی یاران بو لەسەر ئەو ئەمرە

مقەیدلەمە بو عالەم بزانن   مناسک باشە هەرچون ئەتوانن

تا دەوام ئەکەن لەسەر شیوەی زو   ئەویاش لە بو حەجو عومرە بو

لائەوان پاسای ئەم عبادەتە   ئەبو بەم شیوەو بەم طریقەتە

وەها بو شیوەی (حجة الوداع)   بوخوی ئەصحاب بەحق استماع

ئەمە مفهوم بو . بەلوطفی باری   لەسەر تدقیقی قاضی انصاری

باسی چلونیەتی حەجی حەزرەت صلی الله علیه وسلم وە یارانی لەسالی حجة الوداع دا

مەولانا قاضی زکریای انصاری لەسەر تدقیقاتی خوی وە بە اعتماد لەسەر فەرموودەی امامی نووی رحمه الله ئەلێ حەجی حەزرەت صلی الله علیه وسلم لەسالی حجة الوداعا لە ئەوەلەوە بەشیوەی افراد بوە وە پاش ماوەلی بو بە (قران) وە فەرموودەی امامی نووی رحمه الله لە(مجموع) ئەمەیە کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم ئەوەل جار لە میقاتا ئیحرامی بەحەج بەست وە لەم شیوەی افرادە جا کاتی گەیشتە وادی (عقیق) لەسەر فەرمانی وەحی عومرەیشی عەلاوەی حەجەکەی کرد وە ئەم ئیحرامەی نەشکاند تا ئاخری کار وە عومرەی تەنیای لەو سالا نەکرد وە لەم شیوەی (قران)ە وە حەزرەت مخصوص بو بەم شیوە لەبەر ئەوە دەربکەوی کە حەجو عومرە [illegible]

وه له عه‌ینی کاتا حه‌زره‌تی صلى الله گه‌لی وشتری له گه‌ل خۆیانا هێنابو به نیه‌تی

هه‌دی) واته دیاری بو ئه‌وه که له ایامی حه‌جا ئه‌وانه سه‌ریان ببڕن بو هه‌ژارانی

حه‌ره‌م وه که‌سی حه‌یوانی وای هێنابێ ناتوانی ئیحرام بشکێنی هه‌تا که‌و

حه‌یوانانه سه‌ر نه‌بڕێ

جا ئه‌و عالمانه که حه‌جی حه‌زره‌تی صلى الله به (ئیفراد) دائه‌نێن تماشای

ئه‌وه‌لی ئیحرامه‌که‌ی ئه‌که‌ن که ته‌نیا به حه‌ج به‌ستی وه ئه‌وانه‌یش که به (قران)

حسیبی ئه‌که‌ن تماشای ئه‌وه ئه‌که‌ن که له وادی عه‌قیق به فه‌رمانی خودای تعالى

عومره‌ی خسته سه‌ر حه‌جه‌که‌ی وه به‌یه‌ک ره‌فتار حه‌ج و عومره‌که‌ی ته‌واو کرد..

وه ئه‌وانه‌یشی که ناوی به (تمتع) ئه‌به‌ن مه‌به‌سیان تمتع نیه به‌و شیوه

که ناسراوه له دینا وه خودا فه‌رمویه‌تی چونکی حه‌زره‌ت له و ساله عومره‌ی

هه‌ر نه‌کرد چ جای ئه‌وه که له پێشانا عومره ته‌واو بکا وه خۆی له ئیحرامه‌که

رزگار بکا وه پاش ئه‌وه وه کو ئه‌هلی مه‌که ئیحرام به حه‌ج ببه‌ستی به‌لکو مه‌به‌سی

له سه‌ر معنای لوغه‌ته که تمتع به مانا له‌ززه‌ت بردن ده‌کا ره به آسان کردنه

له واقعا حه‌زره‌تی صلى الله به آسانی له سه‌ر شتی دلی وه‌ختی به‌یه‌ک کرده‌وه حه‌ج و عومره‌ی

به‌جی هێنا وه کو قران: وه ئه‌ما ئه‌صحابه‌کانی حه‌زره‌تی صلى الله علیه وسلم له‌به‌جی

هێنانی حه‌ج و عومره‌ی ئه‌و ساله ئه‌وه له سه‌ر ٣ به‌شی بوون:

بەشیکیان ئیحرامیان بەست بە حەج و عومرە پیکەوە بە شیوەی قران ...

وە یا هەرتەنیا بە حەج ئیحرامیان بەست بەلام حەیوانی (هدی)یان پی بو

لەسەرلە وئیحرامە وە وامیان کرد تا حەجەکەیان تەواوکرد وە حەیوانە

هدیەکانیان سەربری :

وە بەشیکیان ئیحرامیان بەست بە عومرە بەشیوەی (تمتع) وە

پاشی تەواوکردنی عومرەکە ئیحرامیان بەست بە حەج وە فیدیەیان دا

وە بەشی تریان ئیحرامیان بەست بە حەج وە حەیوانیان نەهینا بو جا

حەزرەت صلی الله علیه وسلم ئیحرامەکەیان کە بە حەج بەسرابو پی گورین بە ئیحرام بە

عومرە وە عومرەکەیان تەواوکرد جا کاتی حەج ئیحرامیان بەستەوە بە

حەج وە حەجیشیان کرد وە فیدیەیان دا وە ئەم نەوعە گورینی حەج

بە عومرە یە هەر بو ئەصحابانە دروست بوە وە بو کەسی تر ناشی ..

وە غایە و حیکمەت لەوەدا ئەمە بو کە ئەو وەزعە لە ناو قورەیش دا

عادەت بو هەلی بگرن چونکی ئەوان وایان ئەزانی کە حەج و عومرە

پیکەوە ئەبی دروست نیە وە حەزرەت ویستی ئەو بادەتە لەسەریانا

هەل بگری وە یا ساسای ئیسلام لە دنیانا دابمەزرینی کە حەج بە هەمو ئەو

شیوانەی ئیفراد و قران و تمتعە دروستە :

ئەوەی بە افراد حەجو عومرەی کرد   خۆی بە سەربەرزی لە مەیدان دەرکرد

لەسەری نییە فیدیە و کفارە   حەیوانی هەدیش بۆخۆی مختارە

ئەوەیش تمتع بکا مسلم   فیدیەی لەسەرە بە نصی اکرم

لەسەر ئەو مەرجە لە پێشا وتمان   دووبارەی ناوی بۆ خاوەن فامان

هەروەها قران فیدیەی پێ ئەوێ   ئەگەر بۆ فیدیە یەکت نەکەوێ

حەیوان دەس کەوی بە شرطی عادی   لە پاسای واقیع نەبێ زیادی

لەگەڵ نارۆژووی دە رۆژان فەرزە   حەوتی لە وەتەن سێ رۆژ لەم عەرزە

فیدیەی قران و تمتع تاحقیق   خێرە سەربڕین ایام التشریق

فیدیەی تمتع پێش احرام بە حج   سەری لە برزی لێ عەیب حەرەج

جێ سەربڕینیان عەرزی حەرەمە   لە منا وا بێ زۆر محترمە

صەرفی بۆ گەدای وەتەنی حەرەم   لە گەدای غەریب چاترە خاترجەم

مەسافەی حەرەم لە دەوری مەکە   محدودە بە شەرع بێ عەیب لە کە

لەم کە دەرچوی بەرەو رووی طائف   حەوت میلە حەرەم لا شخصی عارف

بۆ جدە دە میل نۆ جعرانە   بەرەو مدینە سێ میل بزانە

ئەم بابە لەسەر خەریطەی کۆنە   حسیبی لەمڕۆ نازانم چۆنە

بزانن ئەوکەسەی بەشێوەی ئیفراد حەج ئەکا ئەوە فیدیەی لەسەر نییە

بەڵێ سوننەتە عومرە کوێشی لەپاش ئەو حەجە بەجێ بێنێ چونکی مکروهە کە

عومرەکەی دوابخا بۆ ساڵێکی تر . وە ئەوەیشی بەشێوەی تمتع رەفتار

بکا ئەوە فیدیەی لەسەرە لەبەر ئەوە ئیستفادەی تحلل وەرزگاری ملەکا

لەپاش عومرەکەی وە ناشی گەڕێتەوە بۆ میقاتی خۆی کە وابێ ئەگەر

گەڕایەوە بۆ لەو میقاتە یا بۆ میقاتێکی تریا بۆ ئەمسافە دوو مەنزل وە لەویوە

وەکو ئەبە یادوور لیا کراوەمانە صەحیحە مەنهجیە لە شرحی مقدمەی حضرمیا منه

ئیحرامی بەست بەحەج ئەوە فیدیەی لەسەر نییە . وە ئەوەیشی کە بە

شێوەی قران حج بکا هەم فیدیەی لەسەرە چونکی دوعبادەتی بە

تاقە کردەوەی کردوە . ئەمیش کاتێ فیدیەی لەسەرە ئەگەر لەپاش

تەواوبوونی آدابی قرانەکەی ئەڕوا بۆخارجی حەرەم وە ئیحرام ببەستێ

بەعومرەیێکی ترەوە . ئەوا فیدیەی لەسەر نامێنێ :

بزانن فیدیەی تمتّع واجب ئەبێ پاش ئیحرام بەحج لەمکەوە بەڵام ئەگەر

هەرلەپاش تحلل لەعومرەکە لەمکە داسەری ببری ئەروستە هەرچەن فضل

ئەوەیە وەکو فیدیەی قران لە ایام التشریق داسەری ببری وە عەرزی

حەرەم چ مکە و خارجی مکە زەروستە فیدیەی تیدا سەربری هەرچەن لەناوا خێرترە

وە مصرفی ئەم کفاراتە هەتو فقیرو هەژاری حەرەمە چ شاری مکە وچ خارجی مکە

باسی حەججوعومرە بەئوجرە (کریکاری)

بیداربن برا بەدلی هشیار — لەبو ئەحکامی حەججی کریکار

کریکار بو حەج یالە بو عومرە — لەسەر دو جورە باش وە ریان بگرە

یەکەم ئیجارەی عەینە کە وایە — تومم بەکری گرت عەینا بوم غایە

هەر بە عەینی خوت حەججم بو بکەی — لە عەینی سالا قەت تەفرەی نەدەی

ئیجارەی زمەشیش وەهایە بلییت — تومم گرت بەکری لەزمەتا بییت

حەججوعومرەیی لەم سالا یا خو — سالیکی تر بی بەبی گوفتوگو

جا لەسەر یاسای ئەم ئیجارانە — ئەحکامی ئیجار باشە بیزانە

کە کری کاری گرت بو تمتع — یالە بو قران لەبەر توسع

اجیریشی وای کرد فیدیە واکەوی — أصلی مستاجر بەبی دەردیسەر

یالە بو ئیفراد ئەجیریش وەها — حەججوعومرەکەی بەرزە و بەبەها

ئەر بو تمتع کری کاری گرت — ئەمیش بەئیفراد حەججوعومرەی کرد

عومرەی مفسوخە لە ئیجارەی عەینی — نەک لە زمەدا ئەی نوری عەینەین

یا خود بە قران حەججوعومرەی کرد — بزانە ئەجیر زیان روی تی کرد

لەسەر میرانی نوقصانی عەمەل — ئوجرەی کەم ئەبی دوربی لە ئەمەل

حەیوانیکیشی ئەکە ویتە سەر — چونکی کردەوەی ناقص کەوتە دەر

بازیکیشی ئەلین باشە دلی زیان — بەقطعی فدیەشی نایەتە مەیدان

ئەگەر بۆ ئیفراد حەجات بەکری گرت — بە ئیجارەی عەین ئەم قرانی کرد
ئەوە ئەو حەجو عومرە لە بۆ خۆی — ئەبێ مستأجر سودی نابێ بۆی
عەقدی ئیجارەکەش وە فسخ ئەبێتەوە — ئەگەر جارێکی تر دا بەسەریتەوە
بەلام مستأجر ئەگەر مرد بو — بۆی دائەنەزرێ بەلێ یەکو دوو
ئەگەر ئیجارە لەسەر ذمە بو — عقدی کرا و ئەمێنێ وەک زوو
با جارێکی تر حەجی بۆ بکا — هەر بە وشیفرادە ئارەزوی لەکا
ئەگەر کری کار تمتعی کرد — حوکمی وەرگرە بە فکرێکی ورد
ئیجاری عەین بو عومرە تێک ئەچێ — ئوجرەی عومرەکەی ناکەوی لە وجێ
ئەگەر لە پاش حج عومرەی بۆ بکا — ئەوسا ئوجرەکەی تەواو پێ ئەگا
بەلام مستأجر ئەگر مرد بو — بەم تمتعە رازی ببێ زوو
ئەگەر اجارەی ذمە بیتە جێ — بە وتمتع جێ بەجێ ئەبێ
ئەگەر کری کار بێ عەیبو عەرەج — بگەڕێتەوە بۆ میقاتی حج
ئەگەر نا نقصی ئوجرەی دێتە سەر — لەگەڵ فیدیەدا ببە باخەبەر
هەر بەکەم فیدیەی تەرکی ئیحرامە — لە میقاتەوە باشی بفامە
ئەگەر ئیستیجار لە بۆ قرانە — ئەوشیفرادی کرد حوکمی بزانە

ئەگەر ئیجارەی ذمە کرادە — کارەکەی باشە و تەوادا دراوە

ئەگەر ئیجارەی عەینە ئەجرەکەی — عەقدی مەفسوخە لە بۆ عومرەکەی

تأخیری عومرە هەیە لەو جیدا — نقصی ئوجرەیشی هەم والە زیدا

ئەگەر تمتع بکا ئەو جارە — حجی مفسوخە چونکی ئەو کارە

لە غەیری کاتی معینی دایە — بەس بە پێی جمەلحجی تەوایە

ئەمانەت زانی ئەمجار بزانە — بازی نوختە هەن لەم ئیجارانە

لە ئیجارەدا پێویستە برام — هەر دو عالم بن بە هەموو ئەحکام

مەبەس لە هەردوو وصی مردە — ئەو کەسەیشە وصیّ بەکری گرتوە

یا ئەو زیندووە یەکێ کە وتی — دێ نائب ئەگری حەجی بۆ بکری

دەرەج

احکام ارکانە و واجباتی حەج — هەم سونەتەکان دەرەجبە

مەگەر هەردولا بنێو دومەلا — بکەن بە وەکیل لوئەم لا دوئەولا

واتەم صریحە راستە و بەرەلا — علم نایابە حەتا بۆ مەلا

بیجگە لەمانە لو ئیجارەی عەین — واجیبە اجیر وەختی ببێتە بەین

کە ئەکەونە رێی بۆ حەج عومرە — باوەڕیشی وایە صعبە ئەم ئەمرە

کەوایە چاری کە بی مەلالە — دوشتە یەکەم عقدی جعالە

دینەی قوون تەرات حاوەن کاری حج — بلیت هەرکەسی لی حیلە و حەرەج

ئەمەش لە عونەی ئەوەبادم
نقصی لە جرە و فدیە حیم

حەجم بۆ بکا لەگەڵ عومرەدا   تا وەرچم لەبەر بای ئەم ئەمرەدا

ئەوەندە دیناری لەسەرم قەرزە   تەسلیمی بکەم بەوێنەی قەرزە

چونکی (جعالە) صحیحە و مقبوڵ   لەسەر عەمەلی معلوم و مجهول

دووهەم چارەی کار وێنەی صدقە   شرعاً پێی ئەڵێن حەج بە نفقە

یانی ئەو کەسە ئەڕوا لەبۆ حەج   بە ئیحسان بڕوا بێ حیلە و حەرەج

خاوەن کارەکەیش بڵێت بەو کەسە   خەرجیت پێ ئەدەم تا ئەڵێی بەسە

بەنادی خەرجی هەرچی پێ دابێ   لەکەم و لەزۆر ماڵی ئاوا بێ

ڕێی موسڵمانان ڕوناکەوە ڕەوان   خودا دامانێ بەیەکی لەوان

باسی کرێ کارگرتنە بۆ بەجێهێنانی حەج و عومرە

ئینسانی حەجی لەسەر واجیب بوبێ وە ئەیکرد لێ نامردن وە یا ئێستاشی زیندوە بەڵام گیرودەی نەساعیمیکی وایە ناتوانێ بڕوا بۆ مەکەی مکرمە وە ئەیانەوێ کە کەسێ بەکرێ بگرن حەج و عومرە بکا بۆ ئەو مردووە یا بۆ ئەو زیندووە ئەمە دروستە بەڵام یاسایەکی تایبەتی هەیە پێویستە بزانن.

کرێ کارگرتن دوو جۆرە یەکەم بەکرێ گرتنی کەسی بەعەینی خۆی بۆ ئەوەی لە عەینی سالانەوە کارە حەجە بکا دووهەم بیجارەی ذمە واتە کەسێ بەکرێ بگرێ وە ذمەی کابرا مشغول بکا بۆ بەجێهێنانی لەدسالا یا کەسالیکی ترا بۆیە یەکەم ئەڵێ تۆم بەکرێ گرت وە بڕیارم دا لەسەرت ئیمساڵ ئەو حەجە بکەم وە بۆ دووهەم ئەڵێ واجیبم کرد لە ذمەی تۆدا

کە حەجێکو عومرە ئیکم بو بکەی ئەمساڵ یا ساڵێکی تر بەئەوە ئەوەندە دینار وە کابراش قەبولی بکا : بەلام واجیبە ئەو کەسە ئەم شخصە بەکری ئەگری کە سەر وەصیەتی مردوەکەیە وە یا خۆ ئەفسی کابرای زیندوی ئەخۆیشە ئەوعی حەجو عومرە کە دیاری بکا بۆ کری کارەکە آخو بەشێوەی ئیفرادە یا تمتعە یا قیرانە چونکی لە ئیجارەدا یا تعیینی عەمەلی کری کار یا تعینی ماوەی عەمەلەکەی کە چەن روژە واجیبە :

جا ئەگەر کابرای بەکری گرت وە ئەوعی عەمەلەکەی بو دیاری کرد وە کری کارەکەش عەینی ئەو کارەی بۆکرد ئەمە زور باشە وەلەم صورەتا فیدیەی تمتع یا قران لەسەر مستاجرە وە لەماڵی ئەو وجی بەجی ئەکری :

وە ئەگەر کری کار مخالفی دیاری کردنی مستاجر رەفتاری کرد ئەوە تفصیلی تیدایە بەو جورە کە بەیانی ئەکەین :

ئەوینە کابرای بەکری گرت بو حەجو عومرە بە تمتع وتی لە پێشی دا ئیحرام ببەستە بەعومرە دە پاشی عومرەکە حەجم بو بکە کەچی کری کار بە ئیفراد ئیحرامی بەست بەحەج ئەوە ئەگەر ئیجارەی عەین بێ مثلا بلێت راتوم گرت بەکری بو ئەوە بەنفسی خوت ئەمساڵ بەتمتع حەجوعومرەم بو بکەی ئەوە ئەوحەجە کابرای کری کار ئەیکا دروستە بەلام عقدی ئیجارە لەعومرە کە بەتاڵ ئەبێتەوە وە پیویستە بەعقدێکی تازە

بەکرێ بکرێت بۆ عومرە   وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بوو ئەوە ئیجارەکە لە جێی خۆیا ماوەتەوە بەڵام ئەگەر کاتێ کە لە پاشی حەجەکە عومرەی بۆ ئەکا ئەگەڕاوە بۆ ئەوە میقاتە کە ئەحرامی کردووە پێی ئیحرامی تیا ببەستێ بە عومرە ئەوە ئەم کابرای کرێ کارە فیدیەی لێ ئەکەوێتە سەری لەباتی ئەوە تەرکی میقاتە وە بە قەدری ئەو مەسافەی بەینی میقاتەکەیە لە ئوجرەکەی کەم ئەبێتەوە وە پێی نادرێ ..

وە ئەگەر بە شێوەی قیران حەج و عومرەکەی بۆ کرد ئەوە ئەگەر ئەم کرێ کارە دوجار طوافی کعبەی بۆ کرد لە سەر ژمارەی حەوت تەواف جارێکیان بە نیەتی عومرە وە جارێکیان بە نیەتی حەج وە دوجار سەعی بەینی صفا و مروەی بۆ کرد لە سەر ژمارەی حەوت جارێ بە نیەتی عومرە وە جارێ بە نیەتی حەج ئەوە زۆر باشە چونکی ئیحرامی بەستووە بە حەج و عومرە لە میقاتەوە مع انە مامور بوە بە ئیحرام بەتەنیا عومرە لە میقاتەوە: ئەوە هیچی ناکەوێتە سەر وە ئەگەر هەر وەکو قرانی عادەتی افعالی حەجی بەجێ هێنا ئەوە لە ئوجرەکەی کەم ئەبێتەوە بە ئەندازەی کەم توفی عەمەلەکەی ..

وە ئەگەر بەکرێ گرت بۆ حەج و عومرە بە شێوەی ئیفراد وە ئەم بە شێوەی قران بەجێی هێنا ئەوە ئەگەر ئیجارەی عەینی بوو لەم صورەتا عەقدەکە فەسخ ئەبێتەوە وە ئەو حەج و عومرە

بۆ نەفسی کری کارەکە دانە مەزری وە پێویستە جاریکی تر عەقدی ئیجارەکە تازە بکەنەوە بەلام ئەگەر کابرا کە حەج و عومرەکەی بۆ ئەکا مرد بۆ ئەوە ئەم حەج و عومرەیە بۆ دروستە هەرچەند مخالفەی تیدا یە چونکی خودا یەلی هەیە لەسەر ئازاد بونی ذمەی مردوەکە لە واجبی عومرە :

وە ئەگەر ئیجارەی دا بۆ هەم حەج و عومرە کە بۆ کری کارەکە ئەبێ وە پێویستە جاریکی تر حەج و عومرە بکا بۆ ئەصلەکە وا ئە ئیجارەکە بەتال نابێتەوە چونکی ئیجارەی فی الذمە بوە :

وە ئەگەر کابرای کری کار بەشێوەی تمتع حەج و عومرەکەی بۆ کرد ئەوە لە ئیجارەی عینی وا عومرەکەی بەتالە وە پێویستە جاریکی تر عومرەی بۆ بکا وە لە ئیجارەی ذمەدا ئەم حەج و عومرە بۆ نەفسی کری کارە ئەبێ وە پێویستە جاریکی تر حەج و عومرە بکری بۆ ئەصلەکە بەشێوەی افراد وەکو دامەزرادە :

وە ئەگەر کری کاری گرت بۆ قران وە کابرا ئیفرادی کرد ئەوە ئەگەر ئیجارەی عینی بو عقدەکە لە عومرەکەدا بەتال ئەبێتەوە چونکی تاخیری عەمەل لە کاتی معینا دروست نیە وە لەوجۆرەی بەشی عومرەکەیش نادری پێ وە ئەگەر ئیجارەی ذمە بو ئەوە ئیجارەکە وەکو خۆی ئەمێنێتەوە بەلی ئەگەر بۆ ئحرامی عومرەکەی نەگەڕیتەوە بۆ میقاتی سابق ئەوە فیدیەی ئەکەوێتە سەر وە بە قەدی ئەو مسافەی بەینی مکە و میقاتە لەوجۆرەی کە دانە ئەشکی

ز د ئەگەر بەشێوەی تمتع حەج و عومرەکەی کرد بێ وە لە ئیجارەی عەینیدا وەکو لە حاشیەی

جەمەلدا ئەلێ راجح وایە عقدەکە ئەمێنێتەوە وە لە ئیجارەی زیمەدا بێ گومان

عەقدەکە باقییە بەڵام ئەگەر کابرا لە کاتی ئیحرام بە حەجدا نەگەڕێتەوە بۆ میقات

فیدیەی لەکەوێتە وە بە قەدەر نوقصانی عەمەل لەو حەجەکەیشی کەم ئەبێتەوە ...

بیدار بن ئەگەرچی لەم بەیانا باس کراوە بەڵام بۆ مضبوطی ئاگادار بن

لە هەر مادەیێکدا بە مخالفە کابرای کرێکار تجاوزی کرد لە میقات

پێویستە بگەڕێتەوە بۆ میقات ئەگینا فیدیەکەی لەسەر خۆی واجبە

بیدا وە بە ئەندازەی زەحمەتی ئیحرام بەستن لە میقاتەوە لە کرێکەی

ناقص ئەبێ :

وە ئەگەر بە هۆی جماعەوە حەجەکەی بەتاڵ بووەوە ئەوە ئەگەر ئیجارەی

عەینی بو ئەوە عەقدەکە فەسخ ئەبێتەوە وە پێویستە جارێکی تر بەکرێ بگیرێ

وە ئەگەر ئیجارەی زیمە بو ئەوە ئەو حەج و عومرە لەسەر خۆی حیساب ئەکرێ

وە لە بەرامبەرەکەیشی پێویستە ساڵی داهاتو بێ تەفرە قەزایان بکاتەوە و خۆی

جا لە ساڵی سێهەمدا لە باتی کابرای مستأجریش لەو حەج و عومرە بکاتەوە

وە فیدیە ئیفسادی حەج و عومرەکەیش لەسەر خۆیەتی ...

وه‌ پیویستیه‌ بزانن پیویستیه‌ بو دامه‌زراندنی عه‌قدی اجاره‌ کابرای به‌کری گیراو

له‌گه‌ل ئه‌و که‌سه‌ که‌ ئه‌و به‌کری ئه‌گری چ وه‌صی مردو چ کابرای زیندوی په‌ک

که‌وتبو زانا بن به‌ ارکان وه‌ واجبات وه‌ سونه‌ته‌کانی حه‌ج وعومره‌

زانستی ئه‌وانه‌یش گرانه‌ که‌وابێ زوربه‌ی عه‌قدی ئیجاره‌که‌ به‌تال ئه‌بێ

هه‌رچه‌ن ره‌حمه‌تی خودا زوره‌ وه‌ مادام کابرا حه‌ج ئه‌کا به‌نیه‌تی که‌سێکی

وه‌ها که‌ حه‌ج وعومره‌ واجبن له‌سه‌ری ئومید وایه‌ دروست بێ وه‌ خودا

قه‌بول بکات :

وه‌ چاری که‌ آسان بێ له‌م کارا دروشته‌ یه‌که‌م ئه‌وکه‌سه‌ که‌ ئه‌وکه‌سه‌ ره‌وانه‌

ئه‌کا بو حه‌ج به‌شیوه‌ی (جعاله‌) ره‌وانه‌ی بکا مه‌عنای جعاله‌ ئه‌مه‌یه‌ که‌سێ

مالیکی دیاری بگریته‌ ذمه‌ی خوی بو که‌سێ له‌ مقابلی کاریکی معلوم یا مجهول

وه‌کو ئه‌وه‌ بلێ هه‌رکه‌سێ کیتیبه‌ وونبوه‌که‌م بو ببینیته‌وه‌ ده‌ دینارم له‌

سه‌ره‌ تسلیمی بکه‌م وه‌ کابرائێ به‌ هه‌رچه‌ند حه‌ول کیتیبه‌که‌ی بو ببینیته‌وه‌

واجبه‌ ئه‌وه‌ن کیتیب ده‌ دیناره‌که‌ی پێ بدا وه‌کو قونته‌رات یه‌کێ خانوی

ئه‌دا به‌ قونته‌رات هه‌ر وه‌ستایێ بوی ته‌واو بکا هه‌زار دیناری پێ ئه‌دا

کابرایش له‌م شوینانه‌ ئه‌لێ هه‌رکه‌سێ حه‌ج وعومره‌یه‌کی شه‌رعیم بو بکا که‌ سه‌رم

دو صه‌د دیناری پێ بده‌م جا ئه‌وکه‌سه‌ که‌ طالبه‌ ئه‌روا حه‌ج وعومره‌که‌ی بولی ئه‌کا

وەکاتێ هاتە وەخا وەن کار پارەکەی پێ نەدا .

دوهەم چار شیوەی (حەج بە نەفەقە) ئەمەیە کابرا لە خوی آمادە بکا لە بەرەزای خودا حەج و عومرەی لێ بکا بو فلان کەسی مردوو کە حەجی لەسەر واجب بوە وە نەی کردوە : خاوەن کاری ئەو مردوەش بە ناوی مەسرەفی ئەو سەفەرەوە هەرچەند آرەزوی بێ بیدا بە کابرا لە مقابلی نجاتەکەیەوە :

ئیتر لەم دو شیوەدا طرفین لە کاتێ رێکەوتن لە سەر سەفەرەکە بزانن آیا حەج چونە یا نەزانن دروستە وە ئەو کەسە لە بری ئەو حەجە کە ئەگەر خوی زانای ئەوە باشە ئەگەر نا ئەپرسی لە عالمێ وە آدابی نیشان ئەدا و ئەیشی بەجێیان دێنێ :

هەروا بەشیوەی ئەمدا گاری پێیان ئەلێم ئەوکەسانە کە حەجیان لەسەر واجبە وە آداب نازانن فێری (واجبە) آداب ببن وە یا خود هەر بەو کەسی عالمێ آمادە بکەن بو ئەوە کە لە رێگەدا آدابی احرام و طواف و سەعی بەینی صفا و مەروە و چون بو عەرەفات وە گەرانەوە لە عەرەفات وە باقی داجیاتەکانیان نیشان بدا هەرکەس دارای وە خوی آداب نەزانی وە پرسی عالمێ زانا نەکا ئەوە حەج و عومرەکەی بەتالە وە تاوان باری قیامەتە

١ آدابی طوافی کعبة الله ٢

کە نجاسەت بەست بێ گەر دوڵەکە   بە ئیخلاصی دڵ تۆ بکە لەمەکە

کاتێ گەیشتی بە خاکی حەرەم   غوسل سوننەتە ئەی برای اکرم

کە چوویتە ناو بەیت برای خودا ناس   طوافی قدوم بکە بە اخلاص

ئەمە سوننەتە ئەم جار حوت مەگرە   آدابی طواف لەمن وەرگرە

بۆ طواف هەیە گەلێ واجبات   گەلێ سوننەتیشی معلوم بێ لەلات

یەکەمین واجب ستری عەورەت بو   بۆ ژن سەرتاپا غەیری دەست و رو

بۆ پیاو مابەینی ناوک و ئەژنو   خونثی وەک ژنە معلوم بێ لەتو

دووەم پاکی یە لە پیسی بو لەش   بو بەرگ و پوشاک بزانە بێ غەش

لەبێ دەس نوێژی هەم لەلەش پیسی   ناشێ بو دەوری کەعبەی تقدیسی

ژنی بێ نوێژە یا خو زەیسانە   چاری هەر صبرە قەرای یەزدانە

کاتێ بێ گار بون برون بو طوف   چاری تر هەیە بە شیوەی انصاف

لە سێ رقە دلیکی سیامی احمد   ابن حنبلی اعلم و ارشد

هەرچەن طهارەت واجبە لا عام   بریار دراوە بە یاسای اسلام

بەلام لەلاتی ئەو طهارەتە   فیدیە کافیە چون کفارەتە

با طواف بکەن بە حالی خویان   بەلام حەیوانێ سەربڕن بویان

مطافیش پاک بێ سامەگەر لەوەی   بۆتۆ زەحمەت بێ خۆی لێ لا بدەی

دەس نوێژت شکا لە ناو طوافا   خۆت مەدە بە سەر جفای خلافا

بە پەلە برۆ دەس نوێژی بگرە   لەوو گردوتە ڕیزی پێ بگرە

ئەر بە پێی زور بێ ئەلێ بیتەوە   لە ئەوەڵ جارەوە پیاپیا بیتەوە

واجیبی سێ هەم ئەمەیە (کابە)   لای چەپتەوە بێ بەرل آگا بە

چوارەم یەکەمین طوافی اسعد   دامەزری لە سەر (حجر الاسود)

لە لای چەپیەوە پێی ڕاوەستە   دەس بە طواف کە ئەم شیوە بەستە

بەرەو ڕووی برۆ هەتا لا ئەدەی   جا بە لای ڕاستا طوافت ئەکەی

پێنجەمین واجب طواف حەوجار بێ   بەلکو داخڵی حەو دەرگای ناری بێ

شەشەمین شیوەی طوافت وا بێ   بە دەوری ئەجزای گشت کابە دا بێ

نەک بڕوی بەسەر لەوشازەروانا   زیادە دیوارە لە کابەی جوانا

یا لە سوڕەدا دەستت درێژ کەی   لە سەر شازەروان دەستی خۆت گیر دەی

یا لە طوافا حجری اسماعیل   پیاپیا ڕابوری دەخیل صد دەخیل

چونکی ئەو (حجرە) لە کابەی بەرزە   گەڕان لە دەوری لە سەرتۆ فەرزە

یانی طوافی فەرزە لە سەر تۆ   (کابە) دا بگری هەموی گۆشەو نۆ

حەوتەمیش قەسدی طوافە بەدل	طوافی مطلق کافیە و کامل

بۆ هەر طوافێ لە مناسک بێ	یەکەم مەبەستی شخصی ناسکێ بێ

وەکو طوافی افاضەی حتوم	یا لە بۆ قدوم سوننەتی معلوم

بەلام طوافی لە مە خارج بێ	قەصدی مقید فەرزە بێتە جێ

وەکو طوافی نذری یا وداع	بلێ نویت طواف الوداع

او طواف النذر چونکی لە مانە	لە مناسک نیین باشی بزانە

پێویستە قصدی تایبەتی لەوان	لێ قیدی تعیین دەس نادەن بۆمان

هەشتەم قصدی خوت لا نەدەی لێ	غەیری طوافی مقصودە بۆتو

لە هەر حەوجاری طوافەکانا	قەسدت طواف بێ لەو جێگە جوانا

سوننەتی طواف وایە بێ خلاف	بە پێی سوور بچوی لە عەرزی مطاف

لە طوافەدا بە یاسای اسعد	دەس بنێرە سەر حجر الاسود

ئەوپلی خوشت دانێ لە سەری	ماچیشی بکە لە بەر دل بەری

ئەگەر رێ نەکەوت دەس یا اشارە	بەسە فەرمودەی شاهی مختارە

حەرامە هیدش نەخوس بەعدد	بۆ زیارەتی حجر الاسود

عبادەت لەسەر سوننەتی رێنە	نەک بە عادەتی دور لە تمکینە

هەروا سونەتە ئەلبی بیزالف   دەس پیاهینانی روکنی یەمانی

لە بەران بەری دەرگای کابەدا   ذِکری مەشهورە خیرت پێ ئەدا

لە دوعاکانا هەرچی مأثورن   بیان خوێنە وە وسیلەی نورن

سونەتە بۆ پیاو نزیکی کابە   بەلام بۆ ژنان دوری صوابە

پیاوان لە روژا بۆ ژنان لە شەو   سونەتە طواف بۆ نورو پیرتەو

مطاف مابەینی مقامی خلیل   تا دەرگای کعبەی حەزرەتی جلیل

با نزیکیشی ئەلێن دور لە خلافە   تا رەواقەکان هەمو مطافە

لەو طوافەدا سەعی لە دوایە   سی دەوردەی ئەوەل رەملی تێدایە

سونەتە بۆ پیاو نەک لە بۆ ژنان   ژنان آرامی پێویستە بۆیان

مەبەسمان لە (رمل) بو کاکی خوشناو   پەلە لە ترەوتاو نزیکی هەنگاو

لەو سی طوافاتە رملیان تیا یە   شیوەی (اضطباع) بەرزە بە پایە

هەروا لە سەعیا بە واتەی صحیح   اضطباع بۆ پیاو سونەتە و ملیح

ناوقەدی فوتە لە ژێر بالی راس   سەریان لە سەر چەپ لە بۆ عام و خاص

لەلای شافعی خیرە بێ خلاف   خوێندنی قورئان لە کاتی طواف

مانعیش نیە لە وِردی مشهور   تا ببەتی ئەوەی ثابتە و مأثور

سوننەتە طوافـ یەکـ لە دوی یەکـ بێ — لای قەولی فەرزە جابا بێ شکـ بێ

پاش طوافەکان لە پشتی مقام — لە بو ابراهیم علیه السلام

دوو رکات لە نوێژ سوننەتی دینە — منصوصی آیەی ذکری مبینە

لە یەکەم رکات سورەی کافرون — بو دووهەم اخلاص معروفە و مسنون

لە روژا بە سر لە شەوا جهری — بخوێنە رەوە بو زوری أجری

لای بارئی ئیمام ئەم نوێژە فەرزە — چون ئەمری خودای سەحاو سەعزیزە

سوننەتە خشوع بو کاتی طواف — ئەوە بە پیویستە بو دەرونی صاف

مکروهە وتار اللّا بو خێر — نظری حەرامە حەرامە بو غەیر

طواف بە وێنەی نوێژە بو ئنسان — لە گەلی شتا یەکسانن یەکسان

لە حەج دا چەن جی بو دوعا و نزا — بو بارەی خێر و بو چارەی سزا

لە طوافەدا و لای ملتزم دا — لە ژیر میزابا و لە لای زەمزەم دا

پشتی مقامی حضرەتی خلیل — دەم بە دوعا بە لەی برای جلیل

لە سەر صفادا و لە سەر مەروەی بەرز — لە عەرەفاتا حاضر بە بو عەرز

هەم موزدەلیفە جیگەی دوعا یە — (منا) مەلبەندی لالە و نزا یە

لە کاتی رەجمی هەرسی جەمەرات — دوعا ئەبیتە وەسیلەی نەجات

هەرچەن جی دوعا ناکری حصری — لە مانەی فەرمو حسن لبصری

یاسای چونە ناو مەکە و خانەی خودا

کاتی ئیحرامت بەست لەگەڵ دەوامی ذکر و دوعای خێر و لبیک کردن بەڕێدا
ڕوو بکەرە شاری مەکەی مکرمە زادها اللە شرفا کاتی نزیک بویتە وە لە عوزری
حەرەم غوسل بکە وە بە دەس نوێژەوە بڕۆرە حەرەم وە داخلی شاری
مکە ببە کاتی کە کەعبەی پیرۆز دەرکەوت دوعای تایبەتی هەیە بیخوێنە وە
بە ئەدەبەوە داخلی مزگەوتی مەکە ببە وە فورا دەس بکە بە (طوافی قدوم) واتە
طوافی واردبون بە کعبە ئەم طوافە سوننەتە دەبێ بزانن طواف چە واجبێ
چە سوننەت چەن واجبات وە چەن سوننەت وە چەن مکروهاتی
هەیە .. واجباتی طواف هەشتن یەکەم پاکی لەشی
وە پۆشاک وە جێگەی طواف لە هەر پیسیێک کە عەفوی لێ نەدرابێ
وە پاکی یە لە بێ دەس نوێژی وە لەشی پیسی هەرچەن بە هۆی حیز و زەیستانی
ژنەوە بێ : ئەگەر ژنی لەو کاتا کەوتە عوزری شەرعی یەوە یا خود
منداڵی بو وە کەوتە زەیستانی یەوە ئەوە ئەبێ صبر بکا وە لە مەکە دا
بمێنێتەوە هەتا ئەو عوزرە تەواو ئەبێ وە یا لە خوێنی زەیستانی ڕزگار ئەبێ
پاشی ئەوە غوسل بکەن وە بێن طوافەکەیان بکەن : وە ئەگەر بویان
نەدەکرا لە مەکە دا دەوام بکەن لە ترسی بەجێمان لە قافلەکەیان ئەوە حەیوانی
سەربڕن بە نیەتی ڕزگاری لە ئیحرام وە بڕۆنەوە بۆ وڵاتی خۆیان هەتا ساڵێکی تر

خوا لێ ڕازی بێ

بۆیان ڕێ نەکەوێ بێنەوە بۆ حەج . بەڵێ ئەم وەزعا ئیمامی احمد بن حنبەل

کە یەکێکە لە چوار ئیمامە گەورەکان فەرمودەیێکی هەیە کە طهارەت شەرطی دروستی

طواف نییە وە دروستە لە سەر ئەم فەرمودە لە وژنانە خوێیان قائم بکەن

کە مەطاف پیس نەبێ وە حەوت جار طواف بکەن بە دەوری کابەی پیرۆزا

بەڵام واجب ئەبێ لە سەریان حەیوانێکی وا بۆ قوربانی بشێ سەری ببڕن

بۆ فیدیەی ئەم بێ طهارەتی یە وە ئەمە ئەبێ بە کفارەت بۆیان وە عالمی

بەرز ابن قدامە ئەم فەرمودەیە لە کیتێبی (المغني) دا نوسیوە بەم عبارەتە

وعن احمد ان الطهارة ليست شرطا فمتى طاف للزيارة غير متطهر اعاد ما كان بمكة

فان خرج الى بلده جبره بدم انتهى وەی با بچینە سەر ئەم فەرمودەی ئیمام احمد

بەم جۆرە حەجەکەیان تەواو بکەن : تا ئەگەر خوا تەوفیقی دا جارێکی تر بێنەوە

بۆ حەج وە ئەگەر هیچ لیان نەبو ئەوە واجبەکەیان بە جێ هێناوە :

لەم باسا فەرمودەیێکی ئیمامی شافعی هەیە خوایان لێ ڕازی بێ کە پاش ئەوە ژن ماوەی

شەو و ڕۆژی حەیزی ڕابورد وە زعی وای بەسەرا هات کە خوێنەکەی بە تەواوی نەما

وە تا چارەکە سەعاتی یا زیاتر ئەم پاکی یە دەوامی کرد ئەوە ئەو ماوەی پاکی یە

بە ماوەی حەیز دانانێ دروستە لە وژنانە لە سەر ئەم فەرمودەیە ئەگەر لەو کاتی پاکی یە

دەست کەوت بۆیان گورج غوسل بکەن وە بڕۆن طوافی کابەی پیرۆز بکەن ئەمە دروستە.

اذا عاد الى داره فبعيد لزيارة ... في مكة فلا ... الخ

بۆ عەمەلی نەفسی خۆیان تەقلیدیان بکەن هەتا حەجەکەیان بۆ بکری وە بەخۆشی بڕۆنەوە

ئەگەر یەکێ لە کاتی طوافا بێ دەسنوێژی بەسەرا هات ئەوە زوو بڕوا دەس

نوێژ بگرێ و بگەڕێتەوە لەسەری لەو ژمارەی طوافانە کردیەتی حەوت جارەکە

تەواو بکا . وە ئەگەر ماوەی دەسنوێژەکەی زۆر بو ئەلبەتە هەر لەسەرێکیم

طوافەکە وە دەستی پێ بکاتەوە :

واجبی دووهەم داپۆشینی عەورەتە کە پێویستە مابەینی ناوکو ئەژنۆیەکی وە

وە بۆ ژن هەموو لەشیەتی ئیللا دەستو دەموچاوی وەحوکمی نێرەمێ وەکو حوکمی ژنە

واجبی سێهەم ئەوەیە طوافەکە لە یەکەم ئوختەی حجر الاسودەوە دەست پێ بکرێ

ئەمانە و طوافە حیسێب ناکرێ کە وا بێ ئێستان بە قەدی پێی ئەولای چەپی ئەو

حجر الاسودەوە بۆلێشی وە تەرو بکاتە بەرەوە کە هەتا لالەی ڕاستی جا دەس بکا

بە کاری خۆی چوارەم واجب ئەوەیە کە خانووی کابەی پیرۆز بکەوێتە لای

دەستی چەپیەوە پێنجەم ئەوەیە کە ژمارەی طوافەکان حەوت جار بێ وە

ئەگەر کەوتە شکەوە لەوا شەش جارە یا حەوتە ئەوە بە شەش جاری دابنێ

وە طوافێکی تر بکا بالە دوگومانە دەرچێ .

شەشەم ئەوەیە کە ئەو حەوت جار طوافە بە دەوری هەموو ئەجزای کابەدا بێ

یانی بە دەوری ئەو زیادە دیوارا کە لە دیواری کەعبە دەرزاوەتەوە وە بە دەوری

لەوشوێنەیشا کە مەشهورە بە رحجری اسماعیل ، چونکی ئەمانە لەعەینی خانوی

کعبة اللەی پیروزن : هەروا ئەگەر لەنزیکی کعبەدا طوافی کرد

وە بە فەرزو تقدیر دەستی چەپی راکیشا بوسەر ئەو زیادە دیوارە وە

بەوشیوە هەلسورا بە دەوری کەعبەدا ئەو طوافەکەی دروست نیە

چونکی ئەم کاتەیشا دەستی چەپی والەناوئەجزای کەعبەدا وە بە دەوری

کەعبەدا هەل ئەسوراوە

حەوتەم ئەمەیە ئەنەوەلی طوافەکەوە قەسدی طوافی بەیتی بی ئەلامەلەو

طوافە ئەگەر خارجی مناسکی حەج بی وەکو طوافی ویداع (١) یا طوافی کە نذری

کردبی لەسەرخوی ئەوە پیوستیە لەنیەتەکەیا دیاری بکا بلی نیەتم هەیە طوافی نذر

یا طوافی مال آوالی ئەکەم فقط بو طوافی قدوم وطوافی روکنی حەج یا عومرە هەر

نیەتی طوافی بەیت بەبی دیاری کردنا کە طوافی روکنی حەجە یا عومرەیە یا قدومە

کافیە وە قەناعەتی پی ئەکری :

هەشتەم لە واجبات ئەوەیە لەومادەی طواف قەسدونیەتەکەی لەدعیبا دەنە

لانەدا بوشتیکی تر وەکو قەسدی تماشاکردنی مەطاف یا ئەوخەلکە کەهەلئەسورن

بە دەوریەتیا یا بو مەنظرەی ئەوبنایانە وەئەومنارانە کە لەدیا هەن

---

(١) دلیلی دەرچونی ئەم طوافە ئەوەیە کە لەپاشی هەردوتحلل وەپاش تحلل مناسکەکانی منە

سونەتەکانی طواف

سونەتەکانی طواف زۆرن یەکەم ئەمەیە بە پێی خۆی بە دەوری کەعبەدا بسوڕێتەوە هەرچەن کە طواف بە سواری دروستە دووهەم سونەتە ئەگەر بەبێ ئازاردانی خەلک بۆی بکرێ لە هەمو طوافەکانا دەست بدا لە (حجرالاسود) وە تەوێلی لە سەر دانێ وە ماچی بکا ئەگەر نەکرێ ئەکوت بۆی بەس دەستی لێ بدا وە ئەگەر نەکرێ ئەکوت ئیشارەتی بۆ بکا ئەمە بۆ پیاوە بەڵام بۆ ژنان ئەم وەزعانە سونەت نیە ئەلا لە کاتی شەوا بەفەرجی مەطاف خالی بێ لە قەرەبالغ :

سێهەم سونەتە بۆ پیاو لە نزیکی دیواری کابەوە طواف بکا ئەگەر بۆی بکرێ بەڵام بۆ ژنان سونەتە لە دوورەوە بێ مەگەر کاتی مەطاف خالی بێ :

چوارەم سونەتە بۆ پیاو دەست بێنێ بە روکنی یەمانی دا بەڵام ماچی نەکا بەس لە پاش ئەوە دەستی لێدا دەستی خۆی ماچ بکا وە باقی روکنەکان نە ماچ کردنیان وە نە دەس لێدانیان سونەت نیە

پێنجەم لەو طوافەدا کە سەعی مابەینی صفا و مەروەی بەدوادا ئەبێت خوای طوافی قدوم بێ لە حەجا یا طوافی روکن بێ لە سێ دەورەی ئەوەل دا (رمل) سونەتە بۆ پیاوان لە بری یەلە پەلە کردن لە ڕەوتا وە نزیک بوونی بەینی هەنگاوەکان ...

شەشەم لەو سێ دەورەدا کە رەملیان تیدایە سونەتە بو پیاو اضطباع ، کە بریتیە لەوە هەردو سەری فوتەی سەرو بخاتە سەر شانی چەپی وە ناوە راستەکەی بخاتە ژیر قولی راستی :

حەوتەم سونەتە کە طوافەکانی ماهەبەینیان نەبی واتە هەر طوافیکی تەواو کرد بەشوینی ئەوا دەست بکا بە طوافەکی تا هەر حەوتیان تەواو ئەبن : کەوابی مکروهە بڕینی طواف بو بەجی هینانی نویژی جنازە :

هەشتەم پاش تەواو بونی طوافەکان سونەتە دو رکات نویژی سونەتی طواف بکا لە پشتی مەقامی ابراهیمەوە علی نبینا وعلیه السلام لە رکاتی یەکەمدا قل یا ایها الکافرون وە لە رکاتی دوهەمدا قل هو الله احد بخوینی ئەگەر لەبەر قەرەبالغ لەویا نویژەکەی نەکرد بڕوا بو حجری اسماعیل ئەگەر لەویا نەکرا بڕوا بو هەرکی لە مزگەوتەکانی لە حەرەمدا ئەگەر ترسی نەکەوت لە خارجی حەرەمدا بەهەرحال ترکی نەکا حتا ئەگەر خوی بوی نەکرا کری کاری بگری ئەو نویژەی بو بکا وەکو لە ایضاح دا نووی فەرمویەتی وە ئەگەر بە سونەتی عام دو طوافت کرد بە دەوری کەعبەدا یان یەک طوافت کرد سونەتە ئەو دو رکاتە نویژە لە پشتی مەقامی ابراهیم دبکەی لە پاش هەمو طوافیک لە طوافانەدا وە بو خەلکی خارجی حەرەمی مەکە کاتی تری کەوتە بیت سونەتە هەرچەن بوی بکری طوافی کعبەی شریفە بکا جاری بی دوجار بی یا زیاتر بی وە ئەمە باشترە لە نویژ کردن

آدابی سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا

لە پاش طوافی خانەکەی خودا — سەعیە لە بەینی صفا و مەروەدا
ئەم صفا و مەروە دوو جێن لە وعەززە — هاتووچوون ناویان لە دینیا فەرزە
واجباتی سەعی چوارن بێ خفا — یەکەم ابتدای سەعیە لە صفا
دووەم آخری بە مەروە بێنی — سێهەم حەوجارە لە سەر یەقینی
چوارەم ببیە حجی بە شێوەی مەرسوم — لە پاش طوافی روکنێ یا قدوم
ئەوەی سەعی کرد پاش طوافی قدوم — اعادەی ناکا پاش تەروکنی معلوم
نابێ وقوفی عەرەفەی عُلیا — پاش طوافی روکن لە پێشی سەعیا
ئەمەت بۆ دەرکەوت زۆرکاتە ترتیب — باشی لەم جیدا تذکارە و تقریب

سوننەتەکانی سەعی

سوننەتە بە قەی قامەتی بەشەر — صفا و مەروەدا سەرکەویتە سەر
لە سەر صفا و سێ دفعە تکبیر — سوننەتە لە سەر کردەوەی بشیر
جا حمد و ثنا و خاتمەی تکبیر — لە پاسای سەعیە ئەی برای خبیر
شوێنی تایبەتی هەیە بۆ ساعی — لەویا توند ئەڕوا پیاوی مُراعی
هەروا (اضطباع) لێرا سوننەتە — بەس لە بۆ پیاوان : بۆ ژن بدعەتە
سەعی حەوجارە لەم سەرتانە و سەر — هەر سەری جاری ببە باخەبەر
بەم هاتووچووە سەعی دێتە جێ — ویردی مأثورت فراموش نەبێ

آدابی سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا

سوننەتە کە ئینسان طوافی بەیتی تەواو کرد و نوێژی کرد لە پشتی مقامی ابراهیم وە علی نبینا و علیه السلام بڕوا استلامی حجر الأسود بکاتەوە و جا بڕوا بۆ سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا وە واجباتی سەعی چوارن یەکەم ئەوەلی سەعییە کە لە بەرزی صفاوە بێ دووهەم آخری ئەو سەعییە لە بەرزی مەروەدا بێ سێهەم ژمارەی ئەو هاتوچوە حەوت جار بێ بەم اعتبارە رۆیشتن لە صفاوە بۆ مەروە بەجارێ وە هاتنەوە لە مەروەوە لە صفا بە دوو جار بژمێرێ چوارەم ئەم سەعییە لە پاش طوافی القدوم وەیا لە پاش طوافی رکنە وە بێ وە ئەو حاجییە کە لە پاش طوافی قدوم سەعی کرد لە بەینی صفا و مەروەدا ئەوە لە پاش طوافی (ڕوکنی) اعادەی ئەو سەعیە ناکاتەوە چونکی لەم شێوەدا سەعییەکەی مکروهە لە بەرئەوە سەعی لە عباداتی مستقلە نیە وە تابعی طوافە

وە سوننەتەکانی سەعی زۆرن یەکەم سوننەتە سەعییەکەی لەگەڵ دەست نوێژا بێ وە عەورەتی داپۆشرابێ وە بەخلافی ئەمەوە مکروهە دووهەم سەعییەکەی توند بێ لە جێگەی توند رۆیشتن دا وە عادەتی بێ لە باقی شوێنەکانا سێهەم سوننەتە کە ئەو حەوت جارە هاتوچوە مابەینیان کەم بێ وە بەکولە شوێن یەک بن بە پەلە کردن چوارەم ئەگەر بوی ڕێکەوت لە وەختی خەلوەتا بێ پێنجەم ئەوەیە کە رعایەتی ئەو ذکر و دوعایانە بکا کە واردن وە استغفار زۆر بکا وە بلێت رب اغفر وارحم وتجاوز عما تعلم انک انت الأعز الأکرم اللهم آتنا فی الدنیا حسنة وفی الآخرة حسنة وقنا عذاب النار

باسی ئیختیاری نەوعی لە نەوعەکان

کە ئاگادار بوی لەو ئادابانە — بە دڵ گوێ بگرە بۆ ئەم بەیانە

تۆ خۆت موختاری لەو سێ نەوعانە — ئیحرام هەرچۆنێ ئەبەستی جوانە

ئەر بە تەمەتتوع ئیحرام ئەبەستی — لە مانگەکانی حەج ئەبێ بیبەستی

کە ئیحرامت بەست لە عەرزی میقات — رو بکە لە مەکە لە بۆ بەرەکات

نزیک بویتەوە لە عەرزی حەرەم — غوسڵی لەش بکە و بیبە خاتەمم

گەیشتی بە بەیت دەس کە بە طواف — روکنی عومرەیە بێ شوبهە و خیلاف

تۆ راستت کەوی لە من گوێ بگرە — طوافی قدوم دەس نادا لێرە

ئادابی طواف زۆر عالیم کردی — بە جێیان بێنە بە جوانمەردی

پاشی طواف برۆ بۆ سەعی مابەین — صفا و مەروە کە حق ای نوری عەینین

پاشی سەعی بە حەلق یا خۆ بە تەقصیر — تەحلل بکە و خۆت بکە بە میر

تا ئیحرام بە حەج بە حەق ئەیتە پێش — مەشغوڵی دینێ بە بێ فکر و ئەندێش

لە نوێژی سوننەت لە دەوری قوربان — لە طوافی بەیت بۆ چاری تاوان

یا خود لەو بەینا چەن عومرە بکەی — یەقینی بە جەزای خێری خۆت ئەگەی

یا هەر لەو بەینا بە دڵێکی ساف — بۆ رەزای خودا بکە ئیعتکاف

احرام به حج

جا کاتی حەج هات مەردانە هەستە — وەکو مەکەلی ئیحرام ببەستە

برۆ بۆ رمیتا شەو بنوە لەوێ — لە نا بە قەولی فیدیەت ئەکەوێ

سبەینێ بڕۆ بۆ نەمرەی عظیم — نوێژەکان بکە بە جمع التقدیم

جا بڕۆ لە بۆ عەرەصەی عەرەفات — بپاڕێرەوە لە مەولای کائنات

کە ڕۆژ ئاوا بو لە سەر عەرەفە — بێرە خوارەوە بۆ موزدەلفە

مەغرب و عشا بە جمع التأخیر — لەویدا بکە بێ تەفرە و تقصیر

لە موزدەلفە حەوتا بەردی جوان — هەڵبگرە لە بۆ ڕەمی جەمرەکان

لە پاش شێوە شەو پێرانی بێ سام — داپەڕن لە بۆ (مشعر الحرام)

جوانەکان لە پاش نوێژی بەیانی — بڕۆن بە شێوەی شەرمی انسانی

پاش هەتاو کەوتن زۆر مرتبە — بڕۆن بۆ ڕەمی جمرەی عقبە

پاش ڕەمی جمرە ڕو بکە لە منحر — چی سەربڕینە لە مینای اندر

فدیەی تمتع سەربڕە پاشە — ئەمجار بە پاکی سەرت بتاشە

بە کەم تحلل بە دو لە مانە — بۆ تۆ حاصل بو پێرانی جوانە

بە غەیری جماع هەرچیت لە ئەوێ — لە حەرامەکان بوت حەلال ئەوێ

لەوێش بە طواف بۆ تۆ حەلالە — هەردو تحلل لەوێ کەمالە

دەی بڕۆ بۆ بەیت بۆ ڕوکنی طواف — پاش طواف سعی صفا و مەروەی ڕا

جا پاشی شێوە ڕو بێرە و منا — سێ شەو لەوێ بە بە شادی بو هەنا

سێ ڕۆژەی تشریق هەر ڕۆژێ سێ جار — ڕەمی جمرات بکە بە قەرار

شێوەی قران وایە کە ژێ

ئەگەر بە (قران) ئیحرامەکەت بەست — حەج و عومرەی جوت کردت بە مەبەست

کە چوویتە (مەکە) طواف القدوم — جێ بە جێ بکە بە یاسای مەعلوم

طواف القدوم لێرا مەوقوفە — مادام طوافت پێش لە وقوفە

ئەوەی لە بۆ حەج پێویستە بکەی — بۆ حەج و عومرە لێت رەوا ئەدرێ

فیدیەت لەسەرە وێنەی تمتع — لە بەر ئاسانی کردەوەت فاسمع

ئەگەر افرادت مقصودە بە دڵ — افراد روناکەو دورە لە موشکل

پاشی ئیحرام بەستن بە دڵێکی صاف — رو لە مەکە بێ بە عەزمی طواف

افضل وەهایە بە شێوەی معروف — بروێتە مەکە پێش وەختی وقوف

لە پێش مەکەدا چونە عەرەفات — بۆ گەلێ سونەت لێ بێ بە آفات

کە چوی بۆ (مەکە) لە (ذی طوی) را — خۆت لێ شود تادان بدە بە آوا

کە بەیتت بینی بە صفای سینە — نوری رەحمەتی خودا ببینە

بپاڕێرەوە لە خودای منان — بۆ تشریفی بیت بۆ عەفوی تاوان

ئەم جار لە دەرگای بنی شیبەوە — بە شەرموونەوە بەرەو بەیتەوە

فورا طوافی قدوم بێنە جێ — تحیەی مسجد لەدیا وا ئەبێ

گەر بیمی فەوتی نوێژی فەرزت بو — یا نوێژی فەرزی جماعەت هەبو

لە وەختەدا لە پێش طوافی قدوم — نوێژەکەت بکە بە شێوەی مرسوم

جاپاشی نوێژە کەرت طوافی قدوم سونەتە بیکە بەشێوەی مەرسوم

بەلام طوافی قدوم بۆ ژنان هەل بگرن بۆشەو چاترە بۆیان

جا ئەگەر ویستت پاش ئەم طوافە سەعی رەوایە و دور لە خلافە

هەرچەند ماییەوە بەسوانی بەیت بیبە بە مشکات بۆ مصباحی زەیت

چرای زەیتێکی صافو پڕتەو دار زەوتی حضورو حیاو عتبار

سەعاتی حضور لەو بارەگادا هەیەتی بەسەر ژینی دنیادا

بارانی انوار بەتاو دێتە خوار دائەگری هەمو پاکو تاوانبار

بە آرام ئەڕژی بەسەر دلانا بەوێنەی باشەونم بەسەر گولانا

ئەشورێتەوە خەتای خەتابار بەوێنەی باران لە لوتوزی دار

عالەم لە لولۆ بەرگو پۆشاکا ئەسورێنەوە بە بەیتی پاکا

ئەگەڕێن بەجوش بەدەوری مالا وەکو داماوان لە سیاسالا

بەتاوی دەرون ئەپاڕێنەوە بەچەندین زمان ئەلالێنەوە

کەعبەلیشی رەمزێکی خودای زانایە کانی انوارو جێی تجلایە

لە عەرزدا بەرز کولەکەی نورە دوسەری کەعبەو بیت المعمورە

کەعبە معمورە بە ئەهلی حضور بیت المعموریش بە فرشتەی نور

وێنەی مەرکەزی گورەی عالەمە دائیرەلیش کەللەکانی آدەمە

وێنەی کارەبا دڵ ڕا ئەکێشێ   ئەبێ بە دەرمان بۆ ھەموو ئێشێ

ئادەم لەو شوێنیا قەت بێ بەش نابێ   کێ بە سورمەی ڕەش چاوی ڕەش نەبێ

باوەڕم وایە لاوێ ئەجوشێ   وەک دەریای ڕەحمەت سەر دائەپۆشێ

جا مادام پایەی کەعبە وەھایە   عەرشە جیلوەگای عەفوی خودایە

دڵ لەو مقاما با ئاگادار بێ   بۆ فەیضی ڕەحمەت بە ئنتظار بێ

ئەکاتە جەلای فەیضی خودایێ   لە دەسمان دەرچێ بەبێ ئاگایی

ئەم دنیا وێنە کوگای کالایە   خێرێکی تیابێ دانەی صفایە

فرصەتە شەماڵ بۆ خاوەن خەرمان   خەرمان ھەڵ بگرن ئامان صد ئامان

عومر باخێکە بە سوود و ثەمەر   ثەمەر بە مەوسم بۆ لێتە دەر

مەوسم حضورە ئاخ بۆ ھشیاری   بەرنایەنەدا فرصەت بۆ کاری

فرصەت ڕا بگرن سعادەت ئەگرن   بۆ ڕێی دنیا بارە وەر ئەگرن

بەشی دنیاکەت بەبێ ئالوزی   لەوەیە بشرێت لەگەڵ پیروزی

بەشی دینەکەت لەوەیە شیبەی   بە بارەی ڕەضای ذاتی حق لگە

لە ئیمە سعیە و تەوفیق لە خودا   بڕێژی فەیضی بە کورەی دڵدا

بە پایەی ئەوەی کابەی ئاواکرد   صەرفی نظری لە ماسوا کرد

ڕەھبەری عالەم ئەنوری ئادەم   محمد (صلی الله علیه وسلم) لە بو ڕەھبەران خاتەم

خولاصەی ئەو سێ شێوە بە بڵاوی

ئەگەر بە تمتع ئیحرام بیەستێ واجبە لە میقاتا نیەتی عومرە بێنێ بە تەنیا وە
مەشغولی لبیک کردن بێ تا ئەگاتە نزیکی حەرەمی مەکە لەوێا غوسل بکا جا داخلی
مزگەوت بێ وە لە پێش هەموو شتێک حەوت جار طوافی کعبة الله بکا بەو یاسا
کە باسمان کرد لە پاش طواف بڕوا دو رکات نوێژی سونەتی طواف بکا لە پشتی مقامی
حەزرەتی ابراهیم وە علیه السلام ئەوسا بڕوا بۆ استلامی حجر الاسود جا بڕوا بۆ صفا و
مەروە حەوت جار بەو ماوەیە بڕوا هاتوچۆ بکا جا خۆی ڕزگار بکا بە سەرتاشین یا مو
هەڵپاچین وە ئەمەکە دابنیشێ وە تا کاتی حەج جا لەگەڵ خەڵکی مەکەدا ئیحرام ببەستێ
بە حەج وە آدابی حەج تەواو بکا وەکو باسی ئەکەین .

وە ئەگەر بە شێوەی قران ئیحرام ئەبەستێ ئەوە لە میقاتا بە نیەتی حەج و عومرە پێکەوە ئیحرام ببەستێ
کاتی گەیشتە نزیکی حەرەم غوسل بکا وە کاتی داخلی ساحەی کعبە بو طوافی قدوم بکا بە
یاسای پێشو وە بە ئیحرامەوە بمێنێتەوە هەتا حەجیش تەواو ئەکا وە خاوەنی تمتع وە
قران هەردو فیدیەیان لە سەر واجب ئەبێ وەکو باسی ئەکەین ان شاء الله تعالی

وە ئەگەر بە شێوەی افراد ئیحرام ئەبەستێ لە میقاتا بە نیەتی حج بە تەنیا ئیحرام ببەستێ وە مەشغولی
لبیک کردن بێ تا نزیکی حەرەم ئەبێتەوە لەوێا غوسل بکا وە بڕواتە ساحەی کعبە وە
طواف القدوم بە جێ بێنێ وە بە احرامەوە دەوام بکا هەتا حەجەکەی تەواو ئەکا بە ڕاوەستانی
عەرەفات وە باقی آدابەوە وەکو بەیانی ئەکەین وە لە پاش حج عومرەکەی بکا وەکو باسی دێت

باسی چونە دەرەوە بۆ عەرەفات وە باقی واجبات

لە پاش نیوەڕۆی حەوتی ذی الحجە — ئیمام خوتبەئێ ئەدا خۆش لە حجە

ئەڵێ سبەینێ ئەڕوین بۆ منا — وەهایە و وایە فەرمانی خودا

جا سبەی ئیمام ئەڕوا لەگەڵیان — بۆ خاکی منا بۆ هێزی دڵیان

شەو لەوێ ئەبن کە سبەینێ هات — لەوێ دەرئەچن ڕوو بە عەرەفات

ئەگەر شەو نەبوی لە عەرزی منا — فیدیەی تیا نیە لە یاسای دینا

ئەگە بڵێیە (ئەمرە) هەموو دانیشن — پیشوی ئاسایش بە دڵ ڕاکیشن

لە پاش زەوال دا ئیمامی سلیم — لەناو مزگەوتی خلیل ابراهیم

دو خوتبە ئەدا بۆ حاجی بە عام — نصیح و بلیغ سەراسەر احکام

پاش خوتبەی یەکەم بانگ دەربانگ ئەدا — لەگەڵ دووهەما بانگ ئەداو لەکا

ئیمام دو نوێژی عصر و نیوەڕۆ — بە جمع و بە قصر ئەکا لەسەرخۆ

بە مسافران ئەکا ئەهلی مەکە — اتمام ئەبوڵەوان فەرزی بێشکە

جا ئەڕوون لە بۆ عەرصەی عەرەفات — لەوێ ئەبن هەتا ڕۆژ غروب ئەکات

حمد و تسبیح و تهلیل و دعا — لبیک ئەکەن بۆ ڕەزای خودا

بە تەهورە وقوف لە جەمەی انور — حەجیت بوڵەکا بە حەجی اکبر

خێری زۆرترە لە حەفتا جاران — حەجەکانی تر بۆ طاعەت کاران

واجبە حضورە لە عەرەفاتا ... — هەرچی ڕابوری بە بێ عذر باتا

بەلێ واچاکە ئەرونە سیبەر   لەبەر تواضع بوحونای اکبر
کاتی رادەستان لە عەرەفاتە   ئەوشیوە شرعا لە واجباتە
لە پاش زەوالی روژی عەرەفە   تا دەچری روژی جەژنی اشرفە
لە پاشی غروبیش تا زەردە ئەروا   سونەتە حاجی بچێنی لە دوا
ئەگەر پێشی غروب لەو خاکە دەرچی   ئەمیش گەرێتەوە تا روژ آوا بێ.
فیدیەی پێویستە وقوف بەم تەرزە   لای زور سونەتە لای کەمیش فەرزە
چونکی دانەیەک لەبو روژ وشەو   پێویستە لە دوا ئەی خاوەن پرتەو
جا ئەگەر فەرزە فیدیەکەی فەرزە   ئەگەر سونەتە ئەویش بەو تەرزە
ئێستانی هشیار لەو شەیفو کاتا   هێتو بروانی بە عەرەفاتا
دیمەنی حەشرە دیتە بەرچاوی   دیتە کول بەحق دلو هەناوی
مەوج ئەداتەوە ئەوسا رادەوەشتە   هەرکەسی بەجوری رووی لە بەهەشتە
بازی بە لبیک لبیک کاری   بەبازی بە دوعاو نزاد زگاری
بازی بە جوشی دەرونی بوریان   بازی خروشی دیدەی پر گریان
بازی کەس مەستی تجلی نورە   کە رێتو ئەروا ئەلێ مخمورە
بازی سەرسامەبی دەنگو صدا   . بازی بانگ ئەکا ئەلی یا خودا
گەر راستت ئەوی دیمەنی وایە   لایقی جلوەی نوری خودایە

دابەزین بۆ موزدەلفە

پاشی ڕۆژئاوا بوون لەسەر عەرەفە   دائەبەزنە خوار بۆ موزدەلفە

مەغریب و عیشا بە جمع التأخیر   لەگەڵ قەصرەدا بکە بێ تقصیر

قەصر هەر تەنیا لە بۆ عیشایە   بۆ مسافری دوورە ماوایە

لە موزدەلفە لە پاشی نیوە شەو   ڕەوایە حاجی بکەوێتە ڕەو

لە پێشی نیوە شەو گەر بەیەکێ دەرچێ   ئەگەڕێتەوە فیدیەی لێ ئەوێ

بە قەوڵێ سوننەت بە قەوڵێ فەرزە   ئەو مانەوەیە لە زخاکو عەرزە

(عەقەبەی تێ)

حەوت بەردی پاک لەوێ هەڵ بگرێ   ڕەجمی شەیتانی پیسی پێ بگرێ

لە پاشی نیوە شەو ئەوەی ضعیفە   دەرچێ بۆ مشعر لە موزدەلفە

سەلام خاوەن حەیز لەوێ بمێنێ   تا نوێژی صوبحی بە جێ ئەهێنێ

جا بەت ڕێکی دنیاوە بە عام   بڕۆن تا نوختەی مشعر الحرام

لەویا ڕاوەستن زۆر مەرتەبە   جا بڕۆن لە بۆ جمرەی عەقەبە

لە پاشی دەرچوونی هەتاوی بێ گەرد   کۆگای عەقەبە بدەنە بەر بەرد

پاشی ڕەجمی بکەن بە حەوت بەردی تاک   لەگەڵ تکبیری بۆ یەزدانی پاک

لەگەڵ هەر بەردێ تکبیری خودا   بکەن لە باتی لبیک لەویا

ئەمجار ئەوکەسەی حەیوانی سەرئەبڕێ   لە قصابخانەی مینا دای بگرێ

هەرچەن جائزە بە شێوەی تحقیق   هەتا آخری ایام التشریق

ئەم جارە سەرتاشین یا هەڵپاچینە   ئەو بۆ پیاو ئەم ژن خەیلی شیرینە

ئەگەر نی مو بۆ هەروا سوننەتە   مووسی پیا بێنی خێر و رەحمەتە

لە پاشی ئەمانە طوافی فەرزە   جا سەعی صفا و مروە بەو تەرزە

بە دوو لە رەمی و لە حەلقو طواف   یەکەم تحلل ئەبێ بێ خلاف

رەوایە غەیری نکاحو جماع   مقدماتیش بە شێوەی اجماع

بۆت حەلال ئەبێ بەرگت لەبەر کەی   نینۆکت بکەی مووی لەشت لابەی

بە سێ هەمیشی دووەم تحلل   دێتە جێ و ممنوع حەلالە بالکل

مە بەس ممنوعی بە هۆی ئیحرام بێ   نەک ممنوعاتی یاسای ئیسلام بێ

ترتیبی رەمی و ذبحو سەرتاشین   لەگەڵ طوافا سوننەتە بۆ دین

یەکەمین رەمیە سەربڕین دووەم   حلق یا تقصیر کردەوەی سێهەم

بەڕوو روا بشیان هەر روا رەوایە   بەلام ترتیبە احسانی تیایە

کاتی ئەوانە غەیری سەربڕین   دێ بە نیوەی شەو لە جەژنی شیرین

ئەمینی کاتی رەمی عەقەبە   تا خوراوای جەژن بێ قەرەقەبە

وەختی فضیلەی دەرچوونی هەتاو   تا زەوالی رۆژ بوت گێتیە بەرچاو

کاتی اختیار تا رۆژ ئاوایە   لە رۆژی جەژنا هەتا هەتایە

حەلقو تقصیرو طواف بە کەمال   دروستە بکرێن تا آخر یەک ساڵ

بەم شەرتە حاجی لە ئیحرامە دا — بمێنێتەوە لەو نظامە دا

ئەمەیشی دەستی نادا بە یاسای عادەت — کە وابێ رێگەی لقای سعادەت

هەروەها چاکە لە رۆژی جەژنا — رەمی و ذەبح و حەلق بکا لە منا

لە عەینی رۆژا بڕوا بۆ طواف — جا سەعی بەینی صفا و مەروەی ساف

بۆی مکروهە تأخیریان بخەی — لە رۆژی جەژنا ئەوانە نەکەی

مەگەر بۆ مەعذور بە وێنەی محصور — یا بۆ حائض درەیسانی روسوور

لە لوبە مانە ترە وایە تأخیر — وەها یە شەرعی حەزرەتی بشیر

چون باسی حەرەمە باشە بیزانن — زانای خیرە هەتا ئەتوانن

عمومی (مینا) و (وادی محسّر) — هەم مزدلفە حەرەمن یەکسەر

(جمع عرفی مزدلفەیە — جمع زانا لەم باسانیە — خلافی زانا)

قزح تەپۆلکەی مشعر الحرام — لە مزدلفەیش بیزانە تەمام

جمرەی عەقەبە لە مینا نیە — لەلای کۆمەڵەی زانای دینیە

وادی محسّر نە لە مینایە — نە مزدلفە زانا آگایە

بەلکو حەمری آوی بارانە — هەرچەن حەرەمە باشی بزانە

جا پاشی ئەوانە بڕۆ بۆ طواف — طوافی رۆکنی حەج بێ خلاف

جا سەعی مابەین بۆ صفا و مەروە — ئەگەر نەت کردبو لە پێشی ئەم دەورە

جا بڕۆرەوە (مینا) بێ صدا — نوێژی نیوەڕۆ بکە بۆ خودا

باسی دەرچون لە مەکە بو عەرەفات

پاش ئەوە لە طوافی قدوم وە لە سەعی بەینی صفا و مەروە بونەوە سونەتە روژی حەوتەمی مانگی قوربان ئیمامی کوەل لە پاش نیوەڕوی روژ یەک خوتبە بدا بو حاجیەکان وە باسی دەرچون لە مەکە وچون بو عەرەفەیان نیشان بدا جا سبەینی روژی هەشتەم پاش نویژی روبکەن لە خاکی (منا) وە کاتی گەیشتنە منا دابەزن وە نویژی نیوەڕو و عصر و مغرب و عشای تیدا بەجی بینن وە شەو سونەتە لەوی بمیننەوە وە مەشغولی لبیک کردن وە ذکر و دعا بن وە نویژی صبحیشی لەوی بکەن ئەمانە هەمو سونەتن وە لەواجبات نیین ئەگەر شەو لە منا نەمانەوە ئازادن بەلام سونەتەکانیان فەوتاوە وە ئەجریان ناقصە جا لە روژی نوی مانگدا کاتی هەتاو دەرهات لە شوینی خویان دەرچن بو عەرەفات. وە لە ریگەدا لبیک لبیک وە ذکر و دعا زور بکەن وە سونەتە لە ریگەی (ضب) ەوە کە کیویکە لە نزیکانا وە مزگەوتی (خیف) وا لە خوارەوە بروّن بو عەرەفات بولەوە لەوسەرەوە لە ریگەی (مأزمین) ەوە دابەزن بو (مزدلفە) جا کاتی گەیشتنە (نمرە) دابەزن لەو شوینا حەزرەت صلی الله علیه وسلم تیایا دابەزیوە ئەوەی نزیکی بەردیکە لە بنی کیویک دا کەوتوەتە لای راستی کەسی نەروا بو عەرەفات وە لە شێری لە کیوا ئەشکەوتی هەیە مەشهورە حەزرەت صلی الله علیه وسلم لەویا ماوەتەوە هەتا ری کەوتوە بو عەرەفات. جا لە نمرەدا دانیشن

تا پاشی زەوال جا سوننەتە غوسل بکەن بۆ وقوفی عەرەفات وە حەلکە لەگەل
ئیمام دا بڕۆن بۆ مزگەوتێ ئەمرە کە بە شەهورە بە مزگەوتی (ابراهیم) وە ئیمام لە پێش
نوێژا خطبەکی بخوێنێ وە آدابی ئەو ڕۆژ وشەوە یان بۆ باس بکا کاتێ ئەو خطبەیە
تەواو کرد دابنیشێ بە قەدی سورەتی اخلاص جا هەستێ بۆ خطبەی دووهەم وە
مؤذن دەس بکا بە بانگ تا ئەوە ئەو بانگ ئەبێتە وە خطیبیش خطبەی دووهەم
تەواو بکا وە دا بەزێ نوێژی ئێوە وە عەصر بە جمع التقدیم (وە قصر) بکا پێیان بە
یەک بانگ وە دوو قامەت وە ئەگەر ئەهلی مەکەیش اقتدایان کرد بە ئیمام
پاشی سلام دانەوە لە نوێژە کورتەکەی خۆی بلێ هەرکەسێ مسافر نیە هەستێ
نوێژەکەی تەواو بکا بۆ خۆی وە پاشی ئەم نوێژانە وڕابتە یان ماتل نەبن وە بڕۆن
بۆ عەرەفات وە ئەگەر ئەو ڕۆژە جمعە بوو ئەوان نوێژی جمعە نەکەن چونکی
شەرطی صحەتی جمعە نایەتە جێ : کاتێ داخلی عەرەفات بوون لە هەر شوێنێ کا ڕاوەستن
دروستە بەلام چاکتر وایە لەو شوێنە بێ کە حەزرەت صلی الله علیه وسلم تیایا ڕاوەستاوە
کە شوێنێ چەند بەردێکی گەورەی تێڕا خراون لە خواری (جبل الرحمة) وە .
وە سوننەتە بۆ پیاو ڕاوەستان وە بۆ ژنان دانیشتن وە لە عەرەفاتا سوننەتە
مەشغولی لبیک لبیک کردن وە قورئان خوێندن وە لا اله الا الله کردن وە
دوعای خێر بکا بۆ خۆی و دایک و باوکی وخزمانی و باقی مسلمانان وە صلوات بدا لە حضرت صلی الله علیه وسلم

بزانن واجباتی عەرەفات دوشتە یەکەم ئەو ڕاوەستانە لە پاش زەوالی
ڕۆژی نۆهەم وە لێ تا طلوعی فجری ڕۆژی جەژن دەهەر کەس کاتی لەو ماوەدا
لە عەرەفات ابی لکافیە وە حەجەکەی تەواوە ئەگەرنا حەجەکەی وسالا فەوتاوە
دووهەم ئەوەیە یاروی ڕاوەستا و ئەهلی صحەتی عبادەت بی یانی ٣ هۆش
وە بێ هوش و والوستونەبی :
وە سونەتەکانی عەرەفات زورن یەکەم خوشوردنی لە نمرەدا دووهەم دو
خوتبەی ئیمام سێهەم جمع التقدیم بو نوێژی نیوەڕوو عەصر چوارەم پەلەکردن
بو داخل بونی عەرەفات پاش نوێژەکان پێنجەم لە پاش ئەو نوێژانە بڕواتە
خاکی عەرەفات شەشەم سەعی بکا بولەوە لە شوێنی حجرەتا ڕاوەستی ئەگەر زەحمەت
نەبو هەرچەند ئیو دقیقەبێ حەوتەم بە پیادە لەوی بمینێتەوە نەک بە سواری هەشتەم
ڕاوەستان بو پیاو وە دانیشتن بو ژنان نوهەم ڕوبە قیبلە بی لە ڕاوەستان وە
ڕاوەستانا دەهەم ئەوەیە ڕوژو نەگری لەو ڕوژا یازدەهەم ئاگای لە دلی خوی
بێ وە چاوەڕی ڕەحمەتی خودابێ دوازدەهەم زور دوعا و تهلیلە وە قورئان
خوێندن بکا لە دوعا ماثورەکانە اللهم آتنا فی الدنیا حسنة وفی الآخرة حسنة
وقنا عذاب النار سیازدەهەم بڕواتە بەرسیبەر هەتا بتوانی چواردەهەم ڕوژ
بداتە دەم شەو یانی لە پێش خوراوادا دەرنەچی هەتا ڕوژی لی ئاوابێ ئەگەر
لە پێش غروبا دەرچو وە پاش غروب نەهاتەوە بو عەرەفات سونەتە حیوانی سەربڕی

چواردەهەم خێروصەدقە کردنە لە ورۆژا یا نگرەهەم خوپارازتنە لە رەفتارو وتاری بێ سود وە بەتایبەتی جدال لەگەڵ رەفیقانا :

باسی دەرچون لەعەرەفات

سونەتە بۆ سەر قافلەی حاجیان کاتێ روژا وابو بەراستی لەعەرەفات دابەزێ لەگەڵ حاجیەکانا وە نوێژی مەغرب دوا بخەن بە قەسدی ئەوەی کە لەگەڵ عشادا لە موزدەلفەدا بەجمع التأخیر بیکەن وە خەلکە کە ئاگادار بکا لەم قەسدەیە بەسته وە بەرێگەی تەنگە بەرەی (مأزمین) دا بڕۆن بۆ موزدەلیفە کە ئاخرحدی حەرەمە لەو جانبەوە وە سونەتە کە بێ هەم وە باقی خەلکە کە بە ئارامی وە ئەدەب دابەزنە خوارەوە وە بەرێگەدا زۆر لبیک لبیک بکەن وە ذکر ودوعا بخوێنن . وە کاتێ گەیشتن بە موزدەلفە نوێژی مغرب وعشا بەجمع التأخیر وە بەقصر بکەن وەکو لەپێشەوەدا باسمان کرد وە ئەگەر حاجیەکان ئەم نوێژانەیان بەغەیری جمع یا هەرکەسی بۆ خۆی نوێژ بکا ئەوە دروستە بەلام بە خێری ئەم سونەتە ناگەن . وە سونەتە غوسل بکەن لە موزدەلیفەدا وە شەو لەوێ بمێننەوە وە ئەگەر مقداری لە پاش نیوەشەو لەوێ بن یا خود لە پێش نیوەشەوا دەرچن وە لە پاش نیوەشەوا بێنە وە بۆ مزدلفە ئەم سونەتە جێبەجێ ئەبێ ئەگەر هەر نەچون بۆ مزدلفە یا خود لە پاش نیوەشەو نەبون لەوێدا ئەوە فیدیەیان لەسەرە وە راستترئەوەیە ئەو مانەوەیە واجبە وە لەکاتی تەرکیا فیدیە کەیشی واجبە

وەسوننەتە شەو لە موزدەلیفە دا هەرکەسی حەوت بەردی وەکو نۆک لە موزدەلیفە
هەڵبگرن بۆ رەجمی شەیتانی عەقەبە لە سبەینێ دا وە بەردی رەجمی هەرسێ کۆگاکان
لە ایام التشریقیا لەخاکی (منا) دا هەڵبگرن وە بازێ ئەڵێن هەمویان کە
ئەکاتە حەفتا بەرد لە موزدەلیفە هەڵبگرن :

وەسوننەتە پیر و لاواز و بێ هێز لە نیوەشەو بە دواوە داپەڕن بۆ مشعر الحرام
وە جوانو خاوەن هێزەکان هەر لە جێگەی خۆیانا مەشغولی ذکر و طاعەت بن هەتا
بەیانی کاتی طلوعی فەجری دا زور نوێژی سبەینێ بکەن وە بڕۆن بۆلای باقی
حاجیەکان وە کاتێ گەیشتن بە مشعر الحرام کە تەپۆلکەیلکی بچوکە وەناوی
(قوزەحە) ئەگەر ئاسان بۆ سەرکەون بە سەریا ئەگەر نا لە نزیکیا ڕاوەستن
روبەقیبلە دوعا و حمد و تکبیر و تهلیلە و لبیک لبیک بکەن تا پێشی هەتاوکەوتن
هەموو دەرچن لە مشعر الحرام وە موزدەلیفە بەجێ بێڵن وە ڕو بکەن لە منا بە ئارامی
وە لبیک لبیک بکەن تا ئەگەن بەر (وادی محسّر) جا تۆند بڕۆن بە ڕێگەدا
هەتا ئەو وادیە ئەبڕن وە ئەگەن بە (عەقەبە) کە کۆگا بەردەکەی تیایە
جا باشی ئەوە کە روش بە قەی رمی بەرز لە بیتەوە یەکێ حەوت بەردیەکە یەکە
وەبدەن بوی وە کولکایە ئیتر لبیک لبیک بگۆڕن بە الله اکبر وە لەگەڵ
هەر بەردی لە و حەوت بەردانە کە فڕێی ئەدەن بڵێن الله اکبر ..

بزانن لەم رەمیا چەن باسی هەیە یەکەم واجیبە ئەوەی فڕێ ئەدرێ بەرد بێ خواە
بەردی عادەتی یا مەڕمەڕ یا یاقووت ئە نواعی بەرد دووهەم واجیبە بەردەکان
بە حەوت جار فڕێ بدرێن ئەگەر دوو بەرد بە جارێک فڕێ بدرێ ئەوە بە
یەک رەمی حسێبە سێهەم واجیبە بە وەزعێ بێ کە لە عورفا بە فڕێدان بێ
ئەنا ئەگەر ئەو بەردانە دابنێ لە ناو کۆگاکەدا ئەوە دروست نیە چوارەم
واجیبە قصدی ئەو کۆگا تاییەتی پێ بکرێ ئەگەر بەردی بۆ شوێنی تر فڕێ دا دە
کەوتە ئەو شوێنە دروست نیە پێنجەم واجیبە ئەو بەردە بکەوێتە ناو ئەو
ئەو کۆگایە ئیتر بمێنێتەوە لەویا یا خود دەرپەڕی قەی ناکا ئەمانە واجیباتن
وە چەن شتێکیش لێدا سوننەتە یەکەم کاتی حاجی گەیشتە مینا لە پێش هەموو کارێ
رەجمی ئەو جمرە بکا دووهەم سوننەتە ئەو رەمیە لە پاش دەرچوون وە بەرزبوونەوەی
رۆژ بێ بە قەدەر رمێ سێهەم سوننەتە لە خوارەوە راوەستێ وەها کە شاری مەککە
بکەوێتە لای چەپیەوە وە مینا بکەوێتە لای راستیەوە وە رووی لە عەقەبە بێ
بۆ پیاو
چوارەم سوننەتە ئەوەندە دەستی بەرز کاتەوە کە بنی باڵی دەرکەوێ بەلام بۆ ژنان
ئەمە سوننەت نیە پێنجەم سوننەتە لە کاتی ئەوەل بەردا ئیتر تەرکی لەبیک بکا وە بڵێ
الله اکبر لە باتی لبیک چونکە لبیک شعاری ئیحرامە وە رەمی شعاری ئازادی یە
لە ئیحرام شەشەم سوننەتە بە سواری ئەو رەمیە بکا حەوتەم سوننەتە ئەو بەردە بە قەدی

بەردی پەلە پیتکە بێ نە زیاتر بێ وە نە کەمتر بەلام مکروهە بەشیوەی پەلە پیتکە بێ

بەلکو سوننەتە بە شیوەی فڕە دانی عادەتی بێ . وە هەرکەسی خۆی نەی توانی

ڕەمی بکا لەبەر ڕەنجی وەکو نەخۆشی وە خۆ نەگرتن لە ناو خەلکدا واجبە

(ئەگەر حاجی بو صحیح)

لەسەری نائبی بگرێ وە واجبە ئەو نائبە لە پێشدا ڕەمی بۆ خۆی بکا جا پاشی

ئەوە ڕەمی بۆ کابرا بکا : وە ئەگەر حاجی نەبو طبعا هەر بۆ کابرا ڕەمی ئەکا

جا کاتی لە ڕەمی ڕزگار بو بڕوا لە شوینیکدا دابەزی لە مینادا وە لە هەر شوینیکدا

دابەزی دروستە بەلام سوننەتە لەو شوینانەی کە حەزرەت ﷺ تیایا دابەزیوە وە

مەنزلی حەزرەت لە بەینی گوگای یەکەم و دوگگای ناوەڕاستە لە لای ئەو مزگەوتەکەوا

لەو شوینەدایە وە بازی فەرمویەتی مەنزلی حەزرەت لە لای چەپی جیگە نویژی ئیمام

لەو مزگەوتە : جا کاتی گەیشتە ئەو شوینە حەیوانی خۆی فیدیەیە یا هەدیەیە سەری ببڕی

وە سوننەتە بێنسان خۆی حەیوانی خۆی سەربڕێ وە ئەگەر بۆی نەکرا وەکیل بگرێ وە خۆشی

حاضر بێ بە لایەوە وە سوننەتە ڕوی ئەو حەیوانە بکاتە قیبلە وە ناوی خودا ببا

وە صلوات بدا لە حضرەت ﷺ بەم عبارەتە بسم الله والله اکبر وصلی الله

علی رسوله محمد وعلی آله وصحبه اللهم منك والیك فتقبل منی أو تقبل

من فلانٍ صاحبها وە کاتی سەربڕینی ئەم حەیوانانە ئەوەیە بە قەدی نویژی

جەژن وە دو خطبەی عیانە لە پاش طلوعی ڕۆژ لە ڕۆژی جەژنا ڕابوری وە

باشترە وەیە لە پاش ڕەمی جمرەی عقبە وە لە پیش سەرتاشینی خویا بێ :

بەلام کاتی دروستی بوونە و حەیوان سەربرینە ئەمینیتە وە هەتا ڕۆژاوای آخرۆژی

ایام التشریق : وە لەشەوە کانیشا دروستە بەلام مکروهە :

جا کاتی لە سەربڕینی حەیوانی ڕزگاربو لە مجارە سەری تباشی یا موەکانی هەڵ یاچی

بەلام بۆ پیاو تاشینی خێری زۆرترە وە بۆ ژن کورتەوەکردنی وەلای کەمی لەندازە بۆ

تاشین یا هەڵ یا چینی سێ موە وەلای زۆرێ هەمو مویسەرە وە فەرموودە

بە حەیزری ئیمامی شافعی رضی الله ئەوەیە کە ئەم سەرتاشین یا هەڵ یاچینە ڕوکنیکە لە

ئەرکانی حەج یا عومرە وەبەبی ئەوانە حەجەکەی یا عومرەکەی بەتالە وە فیدیەی جبری

ناکاتەوە : وەحەتا بنالەسەرئەم فەرموودە ئەگەرکابرا سەرتاشی دکشکەدت

ئەوە باشە وە ئەگەر خوی سەری خوی بتاشی یا هەڵی یاچی دروستە وە عەیبی

نیە وەکو لە عبارەتی ایضاح وە غیری ایضاح بە آشکرا دەرئەکەوی ،

جا پاش سەرتاشین ئیتر کاتی گەڕانەوەیە بو مەکەی مکرمە زادها الله شرفا

بو طوافی کعبەی شریفە کە ڕوکنە لە حەجا :

وە دەرکەوت ئەوکردەوانە کە مشروعن لە ڕۆژی جەژنا چوارن یەکەم ڕەمی

جمرەی عقبە دووەم بسەربڕینی حەیوانی هەدی سێیەم سەرتاشین یا هەڵ یاچین

چوارەم ڕۆیشتنە بۆ مەکەی مکرمە بۆ طواف ئەمانە بەم ریزە کە وتمانی سوننەتە

ئەگەر حاجی مخالفەی کرد وە بازێکی پێش بازی خست ئەوە دروستە بەلام فضیلەتی فەوتاوە

کارەی فەوتاوە :

بڕاتن وە حەتی طوافی ڕوکن دائە بە هاتنی نیوەشەو لە شەوی جەژنا بەلام وتمان سوننەتە لە سەرئەو ڕیزەی کە نوسیمان بنا، علیە لە پاش سەرتاشین کاتی تحللی یەکەم ئیتەجی وە ئەتوانی غەیری جماع وە نکاح وە مقدماتەکان هەمو بەجی بێنی وە بەرگی خوی بپوشی وە بە طوافی ڕوکن تحللی دوەم ئیتەجی وە هەموئەدائەی بوحەلال ئەبێ :

جا کاتی حاجی لە سەرتاشین بوەوە ئەگەڕێتەوە بو مکەی مکرمە وە طوافی ڕوکن جی بەجی ئەکا بەدیاسا کە بەیانمان کرد جا پاش طواف بڕوات بو سەعی لە بەینی صفا و مەروەدا ئەگەر لە پاش طوافی قدوم سەعی نەکردبو ئەگەرنا تەکراری سەعی مکروهە وە پاش ئەمە ئەعمالە بگەڕێتەوە بو مِنا وە نوێژی نیوەڕو لە منادا بکا :

ئەگەر یارو پاش تحللی یەکەم نەهاتەوە بو طوافی ڕوکن وە ڕێگەی وڵاتی خوی گرتە بەر بە جاهلی وە بە نەزانی وە یا لە بیری چوبوە وە کە ئە طوافی ڕوکنە فەرزە لە سەری ئە وە ابن حجر لە حاشیەی ئیضاحا ئەفەرمویت مادام کابرا طوافی قدومی کردبێ بوی حسیب ئەکری لە باتی طوافی ڕوکن وە حەجەکەی تەواوە وهیچی لە سەر نیە هەروەها ژنی کە طوافی قدومی کردبێ وە لە کاتی طوافی ڕوکن دا توشی حەیز هاتبێ ئەویش ئەگەر بڕواتەوە بو وڵاتی خوی ئەوە ئەو طوافی قدومەی بو حسیب ئەکری لە باتی طوافی ڕوکن ، وە ئەگەر طوافی قدومی نەکردبێ ئەوە پاش مسافەی قصر لە مەکەوە ئەتوانی حەیوانی سەربڕی بە نیەتی تحلل و بڕواتەوە بەلام طوافی ڕوکن بە فەرزی لە سەری ئەمینێتەوە وە هەرکاتی بوی ڕێک وت لەگەڵ ئەوانا ئەڕون بو عومرە بڕواتەوە وە لە میقاتا ئیحرام ببەستی بو تەواوکردنی حەجەکە وە طوافی ڕوکن بەجی بێنی :

گەڕانەوە بۆ منا بۆ رەجمی كۆگاكان :

طوافو سەعیت كە بە جێ هێنا — بگەڕێرەوە بۆ خاكی مینا

لە پاشی رەوالی ئەم رۆژی جەژنە — خۆتی لێ حەرق پێماوی مەزنە

لە بۆ ئاوایی رەمی و جەمەرات — بۆ شەو مانەوەی مسای پڕخێرات

هەتا حاجیان بە بصیرەت بن — لە سەر رەفتاری عالی سیرەت بن

جا لە منا دا شەوان دانیشن — بۆ دوعا و نزا نەفەس راكێشن

وردە بەردی رەجم هەتا شەستو سێ — لە وێیا هەڵ بگرن لە سەر رەمە پێ

سبەی پاشی رەوال هەر سێ كۆگاكان — هەریەكە حەوت بەردی لێدە بە تەكان

بە كەم لە دیانە لای مزگەوتی خەیف — دووەم تا دەرێت لەی سرای شەریف

سێ هەمیا كۆگای عەقەبەی گەورە — رەجمیان بكەن بە وتە رزوقەورە

هەموو بەردەكان یەك لە دوای یەك — دایان بهاوێن لێیان دا پێ شەك

بە جاری دوو بەرد یاخو بە دانان — نابێ یا نەدەن لە ناو كۆگاكان

كاتی رەمیت كرد شەو عەمینەوە — هەر لە منا را خۆت بنوێنەوە

رۆژی دووهەم و سێهەمیش هەروا — هەر سێ كۆگاكان لێدە بۆ خوا!

یەكی عوزری بۆ وەكیلی بگری — با حاجی نەبێ تا تەفرە نەدری

بەلام با وەكیل پاش شەرەمی خۆی — بیكا بو اصیل اگاپی بوخۆی

هەر رۆژی سەرەمی بۆ خۆی تەواو كا — پاشان بیتەوە بۆ لەوی بكا

(١) واتە كابرای وەكیل حاجی بێ یا حاجی نەبێ هەر دروستە ببێ بە وەكیل :

لەگەرخو ڕەیی لەوانە نەکا — فەرزە لەو ڕەوییە تدارک بکا

شەوی داهاتو یا ڕوژی دوهەم — پیش ئەدای حاضر بیەفاترصەم

هەروەها ڕەمی جمرەی عەقەبە — کەفەوتا قەزای وا مرتبە

قەزای کاتەوە پیش ڕەمی تشریق — ئەمەیە یاسای ترتیبت بەتحقیق

قەزا تەوایە لەپیش زەوالا — بوئەدا فەرزە لەپاش زەوالا

ئیمام ٢

سێ ڕوژ پاش زەوال لەڕوژی دوهەم — خوتبەی بدا پترمەعنا بوحجم

گەلی ارشاد و نصیحەت بکا — پاشی دەرچونە ڕوژی دو بکا

ثلیث تەوایە کەڕوژی دوهەم — پاشی ڕەمی دەرچن لەمینای حەرەم

بەلام بەوشەرتە پیش کاتی غروب — لەمینا دەرچن بومەکەی محبوب

مانەوەی شەوی سێهەم نامینی — شەرعیەت لیدا کەرەم ئەڵینی

ئەگەر ڕوژی دو وەستان تا غروب — مانەوەی شەویان واجبە دمطلوب

هەم واجب نابێ ڕەمی ڕوژی سێ — لەوسا خوا حافظ لەمینا دەرچی

ئەمەیە مەعنای خوتبەکەی ئیمام — عەزم کردلەبو حەججی کرام

سونەت لەبو ڕەمی گەلیکن کاکە — یەکەم بەبەر لەلذیر لەو ڕەمیە چاکە

دوهەم ڕەمیەکان متوالی بن — بو جوملەی بوفەرد باشە خالی بن

سێهەم بارامی دوڕوژی ئەوەل — بەپیادە بڕوا بوئەجری اکمل

بوڕوژی سێهەم قەری ناکا سواری — با یا وەری بێ ڕەحمەتی باری

چوارەم ئەوێژی زور لە مزگەوتی خنیف　　بوشاوان ئەبێ بە مایەی تخفیف

جا قەولی هەیە ئەی کەرەم بێ مەلال　　لە بو جوازی رەمی پێش زەوال

وە ریوودە ئیکە لە بو شافعی　　جەزمی پیاناوە شێخی رافعی

ئەمەیە رەمی ایامی تشریق　　لە پێش زەوالا حەقە بە تاقیق

بەرلە رافعی ئەم قەولە بە عەینا　　تائیدی فەرمو ئیمامی حەرەمەین)

ئەسنەوی ئەلی حسب الواقعی　　ئەم مەزهەبە لە بو شافعی

هەرچەن کە تحفە تضعیفی ئەکا　　لە بەرچاوانا تخفیفی ئەکا

بەلام شیروانی ئەلی بە تصریح　　با أصح نەبێ قەولێکە صحیح

ابن حجریشی بەهەوی بناوە　　تائیدی ئەکا لە روی دنیاوە

هەموشی ئەزانین پایەی واقعی　　لە بو ئەسنەوی و لە بو رافعی

پایەی امام الحرمین بەرزە　　شێخی غەزالی ئیمامی ٣ ئەرزە

تقلیدیان هەمو رەوایە بو عام　　چون اختیاری قەولە بو امام

ئێمرو بو وەزعی هاتوچوی جهان　　سیارەی زورو طیارەی جوان

دو میلیون حاجی بازیاد یا کەم　　لە بو ادای حج ئەرون بو حەرەم

پیرو لاوازو نەخوشی بێ گیان　　مخصوص پیرەژن یا ژنی جوان

بازێکیان ئەمرن بازێکیان بێ هوش　　بازی ئەکەونە ناو فتنەی ناخوش

دەی با ئەم قەولە عالمی زانا　　اعلانی بکا لە روی جهانا

وەکو خاوەنی ئیعانەی شەریف   بە معتمدی دانا وە ظریف

تا موسلمانان تقلیدی بکەن   لەو ئیزدحاما خۆ بەرباد نەکەن

پاش فەجری ئەمڕۆ تا فەجری سبەی   مەوسیمی ڕەمیە هەروا دوو صوبحەی

بەردە بارانی شەیتانی نامەرد   بکەن بەگشتی یەکی بەحەوت بەرد

ئەم تقلیدەدا تعصب نەکەی   دیباچەی تحفە موتالا ئەکەی

ئەوسا ئەزانی لەڕوی شیروانی   جوازی تقلید بەبێ گومانی

مەبەس ئەم قەولە تسهیلە بۆ دین   وفق الله الکل أجمعین

پاش ئەوە لە طوافی ڕوکن وە سعی بەینی صفا و مەروە ڕزگار بون سونەتە عەیی کات بگەرێنەوە بۆ (مینا) وە ئەوێشەوێ لێوە ڕۆ بکەن ئیتر لەویا بمێننەوە وە تا سێ شەو و سێ ڕۆژ وە لە هەمو ڕۆژێ لەو ڕۆژانا لەپاشی زەوال دەبێ پێشی ئەواکە ئەوێشەوێ لێوە ڕۆ بکەن بڕۆن هەرسێ کوچکاکان بەرز کوچکای خێف وە کوچکای ناوەڕاست وە کوچکای عەقەبە هەریەکی بەحەوت بەرد ڕەجم بکەن وە واجیبە ئەوشتەی وتی لەوەڵ بەردلێ وە بەڕاست وتیان زەین دە یەکە یەکە وە بدرێ وە بکەونە ناو کوچکاکانەوە وە سونەتە لەگەڵ هەمو بەردێکی کا وە لەدا الله اکبر بکا جا پاشی ڕەجمی شەیتان لە ڕۆژی دوەما ئەگەر بیانەوێ لە مینا دەرچن ئەبێ دەرچن لەپێش غروبی ئەو ڕۆژا ئەگەر کەوتنە

پاشی عزوب واجبە ئەوشەوەیشی بچینێتەوە وە سبەینێ رەجم بکەن ئەوسا
بگەڕێنەوە بزانن لە تەرکی مانەوەی شەوی مدی طعام کفارەتە وە بۆ لادانی شەوی
دو مد وە بۆ سێ شەو وە حەیوانی واجب ئەبێ کە بۆ قوربانی بشێ وە ئەگەر
رەجمی ڕۆژێکیت نەکرد واجبە لە شەوا وە یا لە ڕۆژی دواییدا قەزای
بکاتەوە بەو شەرتە ڕەمیەکەی وتاوەکان هەرسیانیان قەزا بکاتەوە
ئەوسا دەست بکا بە ڕەمیەکانی واجبی خۆی لەو ڕۆژەدا ئەگەر یەکێ خۆی
ڕەمی بۆ نەکرا لەبەر نەخۆشی وە یا پیری یو لاوازی وە ترسی بو لە ژێر پێیدا بمرێ
یا توشی زیان بێ دروستە نائیبی بگرێ بۆخۆی بەخورآئیی بێ یا خود بە کرێ
بەلام ئەوەکیە واجبە لە پێشا خۆی ڕەمی هەرسێ کوگاکان تەواو بکا ئەوسا
بگەڕێتەوە وە لە باتی کابرای اصیل بیایان کا بەلام زەرکەشی ترجیحی مقابلی ئەمەی داوە (١)
هەرکەسێ تەرکی بەردی لە وجەو بەردانەی کرد واجبە مدی طعام بدالە کفارەتا
وە بۆ دو بەرد دو مد کە بون بەسێ بەرد واجبە حەیوانی سەربڕی بۆ قوربانی بشێ
وە ئەگەر ڕەمی ڕۆژێکی تەرک کرد هەر حەیوانی واجبە وە ئەگەر هەرسێ ڕەمیەکەی
نەکرد هەر حەیوانی واجبە. وە سونەتە فەرداً فەرداً یەک لە شوێن یەک ئەو
حەوت بەردە فڕێ بدا وە کو سونەتە جویلەی ڕەمی کوگای دوهەم لەگەڵ ئەیکا
وە سێهەم لەگەڵ دوعا مادەیان بۆ غەیری استراحت زۆر ڕێ لێ..

(١) وەکو لە حاشیەی ایضاح دا لە باسی جمرەی عقبە دا ابن حجر نقلی کردوە منه

مەزانن مەشهورە کاتی رەمی لەو سێ رۆژانە لەپاش زەوالە بەلام ئیمامی شافعی
قەولێکی هەیە کە لەپێش زەوالیشدا دروستە وە ئەم قەولە لەناو عالمە بەرزەکانی
شافعی مەذهەبا وەکو امام الحرمین وە ئەسنوی وە رافعی تائید کراوە کە وابێ
دروستە تقلیدی ئەم قەولە بکرێ وە هەموو رۆژێ پێش زەوال رەمی بکرێ
بۆ ئەوەی کە مەجال بۆ رەجمی شەیتانەکان زۆر بێ وە پیر و لاوازەکان لەژێر پێدا تووشی
ئازار نەبن :

آدابی عومرە

عومرەیش واجبە و روکنی ئیسلامە　　لە عومرا یەک جار حوکمێکی عامە
میقاتی مەکان لە بۆ آفاقی　　میقاتی حەجە بیزانە تاقی
بۆ ئەهلی مەکە وەطنی و غەریب　　میقاتی حەلە لە نوختەی قەریب
میقاتی کاتی تەواوی سالە　　الا لە حەججا عومرە مەحالە
هەتا رزگاری رەمی جەمەرات　　ئەوجار بۆ عومرە بڕۆ بۆ میقات
یا جِعرانە یا خاکی تنعیم　　یا حُدَیبیە بە صدق و تسلیم
آدابی هەتا ئەگاتە لبیک　　چەن جار لەم و بەر تلونا علیک
گەیشتیتە بەیت حەوت جارە طواف　　جا سعی بەینی صفا و مەروەی ساف
جا بە سەرتاشین یا بە هەڵ پاچین　　تحلل بکە و آدابە شیرین
کاتی عومرەت کرد جا لەپێش حەج بێ　　جا لەپاش حەججا زووت لە فەرەج بێ

هەتا نەتوانی عومرە یا طواف   بەجیبان بێنە بەدلیکی صاف

طواف حەوت دەورە یا زیاد یا کەم   باعثی خیرە بۆ ا خاترجەم

ئەوەندە هەیە ئیحرامی ناوێ   طوافت بکە دانیشە تاوێ

بڕلام لەپشتی مەقامی خلیل   دوو رکات لەنوێژە بکە بۆ جلیل

عومرە هەر کاتی بیکەی جائزە   تا یبەتی ئەوەی لەڕەمەزانە

خیری حەجیکی هەیە باتمام   لەگەل حەزرەتا علیه السلام

ئەم عومرە وتمان پاش حەجی افراد   خاتمەی فەرزە لەزمەی عباد

کە . ولیستت دەرچی لە خیرالبقاع   زوو بە جی بینە طوافی ویداع

مال آوالی یە لەخودای مهرەبان   بۆ لوطفی رەحمەت بەرزی بۆ سەرمان

حائض و زەیسان ویداعیان نییە   هەروا معتمر لەمە بەرییە

کاتی حەج ئەداو بۆ بەدەرچونییەکەم لەروژی دوو هەمی ایامی تشریقدا یا خود

بەدەرچونی دووهەم لە آخر روژا جا کاتی عومرەیە :

ئەروی بونزیکترینی جیگەی حەل وە افضل جعرانە جا تنعیم جا حدیبیە یە

وە لە ویا ئیحرام ئەبەستی وە مشغول لبیک لبیک ئەبێ وە دێتە وە بۆ حەرەم

وە حەوت جار طوافی ئەبێت بەپاسای پێشو ئەکەی جا ئەڕویت حەوت جار

سعی بەینی صفا و مروە ئەکەی دەسمرت ئەتاشی یا هەلی ئەپاچی وە ئەبێ تحلل

ئەکەی لە عومرە کەت جا کاتی ویستت لەمەکە دەرچی برو طوافی ویداع بکە بەپاسای سابق

وەطوافی ویداع بو خاوەنی عومرە نیە ئەگەر عومرەکەی لەگەل حەجا بی بەیەکی لەو نەوعانە کە باسمان کردن واتە بو خاوەنی عومرەی تەنیا نیە

هەروەها بو ژنی حائض وەر دیسانیش بەلکو حەرامە لەسەریان :

باسی تحلل وە قوارار کردن لە ئیحرام

ئیحرام بەستنمان مانای پەیمانە   پەیمانیشی لەگەل خودای رەحمانە
بوی قەرار داوین بارەی تحلل   یانی آزادی لەو بارە بالکل
ئەو آزادیەیشی لە باری ئیحرام   بە حەج یا عومرە چوار نەوعە تمام
یەکەم بە حەتمی حەج عومرە یە   آزابت تەواوبو آزادیت هەیە
هەرچەن کە حەج عومرەی فاسد لی   تحلل بە بی اتمامی نابی
یاخود عومرەکەت بە وەزعی وا بی   لە جیی حەجی بی کە نارەوا بی
بوونیە یەکی پیش مانگانی حەج   ئیحرام بیەستی بە عەمەلی حەج
ئەوە بەتالەو ئەبی بە عومرە   بەو عومرە ئەیکا تحلل ئەمرە
دووهەم ئیحرامە بە حەجیکی وا   وەقوفی عەرەفە لە بوتو نەکرا
لیراشی تحلل بە عومرە فەرزە   عومرە تەواو یازو سەربەرزە
ئەوعی سەهەمین تحللی وا   بەشەرطی خوی لی لە ئیحرام دا!
بلیت هەرکاتی عوزری هاتە جی   بدمن تحلل لەو کاتا هەبی
وینەی نەخوشی و ون بون لە یاران   یا کارەساتی لە روزگاران

ئیشی بێ وعد وفا بالە پاش وعد وفا
هەرچی بە یەکێ بانا بە شەسەوادەوە وفا
عم

جا ئەگەر هاتو عوزری هاتە رێ — تحلل بو ئەو ئەبێ زو بەزو

بەسەرتاشینو قصدی تحلل — بێ سەربڕینی حەیوانی مأکول

بەڵێ ئەگەر خوی بڕیاری وابێ — زەبیحەشی لەگەل تحللدا بێ

ئەوە پێویستە حەیوان سەربڕی — جا بە سەرتاشین و تحلل بکرێ

نەوعی چوارەمی بەلای مؤمنە — لەبەر احصار و مەنعی دژمنە

تحلل لیرا بە سەربڕینە — لەبو حەیوانو جا سەرتاشینە

لیرا نیەتی تحلل فەرزە — لە (حدیبیە)دە رچو ئەم تەرزە

بەلام تحلل لیرا وادەبێ — غەیری رێی ممنوع رێگەی تر نەبێ

باوەڕیان وابێ حەجیان بو نەکرێ — بو عومرەولیش سێ روژ زیاتر رێ نەگرێ

یا سالی هەیە بو ماوەی حصار — بیزانن باشە لەبو روزگار

محصور لە حەج و عومرەی سونەتا — قەزای پێ ناوێ لە شەریعەتا

بو فەرزی سالی احصار القاعە — قەزای مشروطە بە استطاعە

بەلام بو فەرزی سالانی قەدیم — قەزای واجبە بەشرعی سەلیم

تحلل وە آزادی لە ئیحرام بە حەج یا عومرە چوار نەوعە یەکەم ئەوەیە کە یا سای حەج و عومرە کەسێ تەواو بکرێ وەلەم بەشەیە تەواو کردنی عومرە بو کەسێ کە ئیحرامی بەستبێ بە حەج لە غەیری مانگی حەجدا ئەوە ئیحرامەکەی بە حەج ئەگوڕرێ بە ئیحرامی عومرە وە مادام عومرەکەی کرد ئەوە لە ئیحرامە آزاد ئەبێ و تحلل ئەکا

هەروالەم بەشەیە تەواوکردنی حەج وعومرەیە کە بەهۆی جماعەوە افسادی کردبێ

چونکە واجبە لەسەری ئەوحەج وعومرە فاسدانە تەواو بکا وەکاتی تەواوی کردن

تحلل ئەکا هەرچەن قەزای عومرە فاسدەکەی لەعەینی سالا وە قەزای حەجە فاسدەکەی

لەسالی داهاتووا واجبە لەسەری : دەبێ وسترێکی پێنج سالەشی سەربیرێ :

نوعی دووهەم تحللە بەعومرە بۆحاجیێک کە رادەستانی عەرەفاتی لەدەس دەرچوبێ

ئەوە واجبە تحلل بکا بەعومرەیێ . جا ئەگەر حەجەکەی هەرلەوسالا واجب بوبێ لەسەری

ئەوە تا استطاعەیێکی تازەی بۆنەبێ قەزای واجب نیە وە ئەگەر زووواجب بوبێ ئەوە

پێویستە بەهەرحال قەزای بکاتەوە :

نوعی سێهەم تحللە بەعوزرێ کە وا مانع بێ لەتەواوکردنی عبادەتەکەی ئەمەشی

بۆ بەلێکەشەرتی ئەوتحللەی کردبێ لەکاتی ئیحرام بەستنەکەیا مەثەلا بلێ وا ئیحرام

ئەبەستم بەحەج بەشەرطێ هەرکاتێ نەخۆش کەوتم یا خەرجیم نەما یا لەرەفیق وبنم تحلل بکەم

جا کاتێ نەخۆش کەوت یا خەرجی لێ براوە یا لەرەفیقان دابڕا یا مانعێکی تری بۆ پەیدا

هات ئەتوانێ تحلل بکا جا ئەگەر بریاری ئەوەی دابێ بەهاتنی عوزرەکە متحلل بێ

ئەوە بەهاتنی عوزرەکە آزاد ئەبێ وە هیچی لەسەر نیە وە ئەگەر هەرنادی

تحللی بردبێ ئەوە ئەتوانێ نیەتی تحلل بێنێ وە سەری بتاشێ وە تحلل بکا

وە ئەگەر بڕیاری دا حەیوانیش سەربڕێ ئەوە ئەبێ حەیوانەکە سەربڕێ وە سەری بتاشێ بە مەتحەللەل ئەبێ :

ئەوعی چوارەم تەحەللەل بەهۆی ئیحصارەوە واتە بەهۆی مەنعی دوژمن لەتەواو کردنی حەجەکەیان : یا عومرەکەیان ، جا ئەگەر کابرای معتمر گومانی وا بو تا سێ ڕۆژ ئەو دوژمنە ڕێگەی لێ ئەگرێ وە حاجیەکەیشی ڕێگەیەکی تری نەبو بۆ چونە مەکە یا ڕێگەی تر هەبو بەلام دورتر بو لەم ڕێگەیە وە ئەو ڕێگەوە فریای حەج ناکەوێ ئەوە ئەتوانێ لە شوێنی خۆیا تەحەللەل بکا بە مەرجێ ئەوە حەیوانی سەربڕێ بۆ قوربانی لێ بێ وە سەری بتاشێ بە نیەتی تەحەللەل وە ئازاد بون لە ئیحرامەکەی بەڵێ ئەگەر حەیوانەکەی بۆ نەگەیشت بە حەرەم ئەوە صبر بکا تا ئەو حەیوانەکە بگات وە سەری ببڕن ئەوسا خۆی لەم شوێنەوە سەری بتاشێ ئەگەرنا هەر لە شوێنی خۆیا سەری ببڕێ وە سەری بتاشێ وە تەحەللەل بکا وە گۆشتی حەیوانە بدا بەگەدای ئەو شوێنە زاناکان فەرمویانە ئیحصار تایبەتی بە دوژمنی زۆردار وە دڕندەی کوسار وە مەنعی خاوەن ماڵ بۆ قەرزاری کە ئەثباتی اعساری بۆ نەکرێ وە بە مەنعی مێرد بۆ ژنی خۆی لە بارە کاتێک دا وە ئەمری پێ بکا بە تەحەللەل .

جا ئەگەر ئەو حەجو عومرە ئیحصاری کابرای لێ کراوە سونەت بێ ئەوە قەزایان دا. [حت نیه]
وە ئەگەر واجبێ یەکەم ساڵ بێ ئەوە قەزایان مەوقوفە لەسەر استطاعەیەکی تازە یانی

جاریکی تر استطاعه‌ی حه‌جی بو ری که‌وی ئه‌وسا دیته بو ئه‌و حه‌ج و عومره یه
وه ئه‌گه‌ر واجبی سالانی زوبی ئه‌وه به هه‌رحال واجبه قه‌زایان بکاته‌وه

فیدیه بونا سێک دوبه‌شی جوانه ‌‌   به‌شی منصوصی آیه‌ی قورئانه
ئه‌وه چوار به‌شه به یاسای میزان   یه‌که‌مین فیدیه‌ی تمتع بزان
دووهه‌مین فیدیه‌ی ئه‌چیره راوه   سێهه‌مین فیدیه‌ی آزار و تاوه
مه‌ته‌لا له‌به‌ر ئێشکی دل گیر   سه‌رت ئه‌تاشی یا ئه‌که‌ی تقصیر
چواره‌مین فیدیه وه‌رعی احصاره   محصر داماوه و محصر به دکاره
فیدیه‌ی (تمتع) به ترتیب ئه‌لێ   حه‌یوان سه‌ربره تا حه‌یوان هه‌بێ
حه‌یوانی بو قه‌ده‌ح به اعتباره   که حه‌یوان نه‌بو روژو به‌کاره
روژوی ده روژه سێ روژ له مه‌که   حه‌وتیش له وه‌ته‌ن بێ شوبهه و له‌که
سێ روژه‌ی حه‌ره‌م له پێشی جه‌ژنا   ئه‌نا قه‌زایه ئه‌ی برای زانا
حه‌وته‌ی وه‌ته‌نیش باشتر وه‌هایه   یه‌ک له دوی یه‌ک بێ فصلیش ره‌وایه
ئه‌مه‌ت بو نه‌کرا هه‌موی بو وه‌ته‌ن   به‌ینی سێ له حه‌وت چه‌نه احسن
کاتی وجوبی ئه‌مه‌یشی بێ حه‌رج   کاتێکه ئیحرام ئه‌به‌ستی به حه‌ج
ره‌وایه ذبحی پاشی خه‌تمی عومره   پێشی احرام به حه‌ج به دل گوی بگره
فیدیه‌ی جه‌زای صید له سه‌ر تخییره   وینه‌ی سه‌ربری قوربان ئه‌گیره

بیدە بە گەدای ولاتی حەرەم — گوشتو سەرو پێی بێ زیادو کەم

یا پاشی سەربڕین تسلیمیان بکەی — نابێ زیندویان بە تحویل بدەی

ئەگەر ئاوس بو ئەچێرە لەریدا — قیمەتی وێنەی ئاوسی بدا

نابێ حەیوانی ئاوسی سەربڕی — بەلکو قیمەتی پێویستە بدری

یا خود تقویمی صیدەکە بکری — قیمەتی هەمو بە طعام بدری

مەبەس لە طعام قوتی محبوبە — هەموشی بو گەدای حەرەم محسوبە

بو هەر مسکینێ مدێ لە طعام — بو یەکێ نابێ هەموی بالتمام

بو کەمتر لە سێ مسکینیش نابێ — ئەبێ ئەهلی حەرەم لەمە ئاگابێ

یا خود لە باتی هەر مدێ طعام — بوخودا بگری روژێ لە صیام

لە هەر شوێنێک دا فاتری جرمە — لە وەتەنی خوی یا لە حەرەمە

ئەو فیدیەشی فرزە بو چاری آزار — وێنەی سەرتاشین یا قطعی اظفار

لە سەر تخییرە یا فیدیە بدا — یا سێ روژ روژو بگری بو خودا

یا دوازدە مدە طعام بو گەدا — شەش کەس یەکی دو بیبەن لە صدا

فیدیەی احصاریش لە سەرتیبە — ئەر حەیوان نەبێ بەدول حسیبە

یانی قیمەتی حەیوان بو طعام — بو گەدای شوێنی احصاری ناکام

یا خو لە باتی هەر مدی طعام — یا بە روژو بێ روژێ تا تەمام

صح

بەشی دووهەمین غیرە منصوصە — لەسەر اجتهاد حوکمی مخصوصە

ئەم بەشە بزانە لەسەر دوو نەوعە — یەکەمیا تەرکی نُسُکی شرعە

لە بەینی (قران) چونکە بە یەک ئیحرام — عومرە و حەج ئەکا بۆ سهلی مەرام

یا تەرکی ئیحرام لە عەینی میقات — تەرکی مبیتی کە ئەمری پێ هات

وەک شەومانەوەی حاجی لە مینا — کاتی بەرەو رووی عەرەفات ئەروا

یا شەومانەوە لە موزدەلفە — کاتی هاتە خوار لە لای عەرەفە

یا شەومانەوەی شەوانی تشریق — بۆ رەجمی شەیتان قاطع الطریق

یا تەرکی رەمییک لە تەرەمیەکان — رۆژێ یا دوو رۆژ یا لە هەرسێکان

هەروا بۆ تەرکی ۳ عەدد لە حەوت — لەبۆ یەکو دوو یەک دوومدی کەوت

هەروەها تەرکی طوافی ویداع — لە کعبة الله افضل البقاع

فیدیەی ئەمانە بە ترتیب ئەدری — هەتا دەسی کەوی حەیوان سەربڕی

کە حەیوان نەبوو بەپوول بە تقدیر — چی دانراوە بۆی بیدا بێ تغییر

نەوعی دووهەمین بۆ شەهوەترانی — فەرزە نەبێ لەسەر تفعلی نسانی

بە وێنەی جماع یا ماچی رووخسار — یا لەمسی رووتی بوولەشی نازار

خۆبوون خۆش کردن بە عطر و گولاو — یا پۆشینی بەرگی مساغە یا دڕاو

فیدیەی ئەمانە تخییرە و تعدیر — . بیجگە لە جماع ئەی برای جبیر

فیدیەی دوو بارە هەم ئەدرێتەوە — ئەگەر سەبەبێ تەکرار بێتەوە

بە اختلافی زەمانو مەکان　　وەکو روژو شەو یا ناو هەورەکان

یا اختلافی اصنافو انواع　　وەکو بون خوشی و پوشاکو جماع

بەلام بو جماع یاش جاری یەکەم　　فیدیە سوکە ئەبی یقین خاترجەم

یەکەم وشتری بو دووەم مەڕی　　بشی بو قوربان لی عەیب گەڕی

پوختەی ئەم باسە بو ضبطی احکام　　بوت بەیان ئەکەم برای خادەن فام

فیدیە لە حەجا و لە عومرەی مراد　　لە سەر چوار بەشە لی کەمو زیاد

یەکەم واڵە سەر ترتیب وتقدیر　　ئەمە بزانە بە یاسای تفسیر

ترتیب یانی فەرزە سەر بڕین　　جا ئەوانی تر ئەی برای شیرین

تقدیریش مانای ئەوەی دانرا　　تقدیری شەرعە کەس لی لانەدا

میثالی فیدیەی فواتە و قِران　　فیدیەی (تمتع) بە عومرەی نیسان

تەرکی احرامە لە حاڵتی میقات　　تەرکی رەمی تو لە بو جەمرات

تەرکی شەوەمانی مینای ئەشرەفە　　یا شەوەمانەوە لە موزدەلیفە

تەرکی طوافی ویداعی کعبە　　یا پیادە رەوی نذری کەعبە

مەثەل بو قران فەرزە حەیوانی　　ئەوەنە بو دە روژ روژو بتوانی

دووهەمین فیدیە ترتیبە وتعدیل　　ترتیبت زانی تعدیل بە تفصیل

یانی لە شەرعا فەرمان وەها بو　　پاش حەیوان قیمەت پاش قیمەت روژو

وینەی ئەمە بەشە احصارە وجماع   فیدیە بو جماع لە سەر اتباع

ئەوەل وشتری پێنج سالە ئەوێژ   ئەمە ئەبو گائی گا ئەبو حەوەمەژ

ئەمەلیشە ئەبو بەنرخی وشتر   طعام بوگەدایی بدە باشتر

ئەمەلیش ژنی ئەکەوێت بەش بەش کە طعام   لە سەر هەر مدێ روژی لە صیام

طعامی جماع بو گەدای حەرەم   ئەگ لەبو غەریب حصار ئەوە ئەم

یانی ژەوایە بو گەدای حەرەم   هەم لە بو گەدای جێی احصار وغەم

سێ‌هەمین فیدیەی تخییرە وتقدیر   هەرد دیارن بە مانا و تفسیر

وینەی سەرتاشین یا نینوک کردن   خوبون خوش کردن جل لەبەر کردن

چەور کردنی سەر و ڕیشو هو   موی ڕوخساری خوت حالی بیە زو

ماچ کردنی ژن بە ژوتی ڕوخسار   یا هینانەوەی آوی شهوەت بار

یا جماعی ژن پاش جاری یەکەم   یانی پاش افساد بو حەجی اکرم

چوارەم تخییرە و تعدیل بە قرار   وەکو فیدیەی زاد یا بڕینی دار

کابرا مختارە حەیوان سەر بڕی   یا نرخی حەیوان بە طعام بدری

کاتی وجوبی ئەم کفارەتە   کاتی توش بونە بە دکارە ساتە

مەثەل ئەو فیدیە بو قران فەرزە   کاتی احرامە لە سەرئە وعەرزە

واشە باشی فیدیەی تمتع ئەکری   بو ئە پاش عومرە و بەر لە حج ئەدری

یانی ڕەوایە پێش احرام بە حەج — فیدیەی تمتع بدەی بێ حەرەج

وەختی سەربڕین تحدید ئەکراوە — ڕۆژانی تشریق تفضیل دراوە

خوێنی فەوتانی حەج بە هەرهوێ — فەرزە پاش احرام بە قەزای نوێ

شوێنی مختاری لە بۆ سەربڕین — بۆت بەیان ئەکەم لەی برای شیرین

(مەروە) یە لە بۆ شخصی معتَمِر — (مینا) بۆ حاجی مأمور و آخر

هەرچەن ڕەوایە مادام حەرەم بێ. — لە هەر شوێنێ بێ خاترت جەم بێ

(هَدْی) لە عورفا برای محترم — حەیوانی وایە ببرێ بۆ حەرەم

زۆر بەی سوننەتە گەر منذورە — بۆ احسان ئەیبەن لە ڕێگە دوورە

استعمال ئەکرێ لە سەرەتای عام — بۆ زبائحی مناسک تەمام

سوننەت یا واجب واجب منذور بێ — یا عود لە فیدیەی کاری محذور بێ

واجب حەرامە خاوەن لێی بخوا — هەروا ئەوکەسەیش نفقەی ئەدا

هەروا حەرامە لە بۆ دەولەمەند — خاصەی گەدایە برای بارەمەند

ئەدری بە گەدای ساکنی حەرەم — وەتەنی و غەریب ببە خاترجەم

بەڵام وەتەنی چاترە لە غەریب — مەگەر ردامادی بێ چارەی نجیب

بەلام ئەو فیدیە لە سەرا حصارە — بۆ جێ حصار و حەرەم بەکارە

سوننەت ئەوەیە بۆ ڕەزای خودا — بە احسان حەیوان بدەی بە عەردا

خۆتو عائلەو گەداو دەولەمەن — درووستە بیخۆن برای بارەمەن

چاتر وەهایە بەسێ بەشی بکەی — بەشێ بە فوقەرا عائیلەت بدەی
بەشێ بۆ گەدای وڵاتی حەرەم — بەشێ دەوڵەمەن بیبا خاتر جەم
ئەم (هەدیە) مانای قوربانی نیە — هەرچەن شەرتی لە ولیدا جاریە
لە توانای هەروا قوربانیشی بکەی — تا بە هەموجود بە جەزا بگەی
خولاصە فیدیە و هەدی و قوربانی — هەیە و مەنذورە و خێری ئینسانی
ئیسلام سەراسەر خێر و ئیحسانە — بۆ خێر مەزرەعە و باخ و بیستانە
خۆزگەم بە وکەسە ماوەی حیاتی — لە لا بەکشتی خێر و خێراتی

فیدیەی واجب

فیدیەی واجب لەسەر ئەهلی حەج و عومرە دوو نەوعە یەکەم ئەوەیە کە لە قوربانی پیرۆزا باس کراوە وەکو فیدیەی (تمتّع) وە جەزای (نەچیر) وە فیدیەی (دەفعی ئێشو ئازار) وەکو سەرتاشین وە نینوک کردن وە فیدیەی (إحصار) واتە مەنعی حەجاج لە حەج کردن :

جا فیدیەی تمتع لەسەر ترتیبو تقدیرە واتە ئەدەل ئەبێ حەیوانی شەرعی کە بۆ قوربانی بشێ ئەگەر نەبو یا نرخەکەی زیاد بو لە عادەت واجبە دە رۆژ بە رۆژوبێ سێ رۆژ لە موسمی حەج دا وە حەوت رۆژ لە پاش گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆی وە ئاسایش کردن ئەگەر بوی نەکرا

لە مەوسمی حەج دا بە رۆژوو بێ ئەو سێ رۆژەیشی بنیتە وە بۆ وڵاتی

خۆی بەڵام کاتێ سێ رۆژەکەی گرت چەن رۆژی بەینی بجا

ئەو ساعەوەت رۆژەکە بگرێ : وە ئەم حوکمە شەرع بڕیاری داوە

کاتێ سەربڕینی فیدیەی (تمتع) ئیحرام بەستنە بە حەج بەڵام

دروستە لە پاش تەواوکردنی عومرەکە وە لە پێش احرام بە

حەج سەری ببڕێ : وە ئەو حوکمە شەرع تقدیری کردوە لانادرێ لێ

(لە سەر تخییر و تعدیلە دانە صە)

وە فیدیەی (ئەنچیر کوشتن) لە سەر خاتر خۆی کابرایە جا ئەگەر ئەو

نەچیرە وێنەی هەبو کابرا مختارە وێنەی ئەو نەچیرە لە حەیوانی خانەکی

سەربڕێ یاخود قیمەتی بۆ دابنێ وە بە و قیمەتە دانەوێڵە بکڕێ

وە بیدا بە فقرانی حەرەم بۆ هەر مسکینێ مشتێ وە یا لە باتی هەر

مشتێ دانەوێڵە رۆژێ بە رۆژوو بێ وە ئەگەر نەچیرەکە وێنەی نەبو

ئەوە خاتر خۆیە لە بەینی دوشتا یا بە قەی قیمەتی نەچیرەکە دانەوێڵە بکڕێ

وە بیدا بە هەژارانی حەرەم وە یاخود لە باتی هەر مشتێ رۆژێ

بە رۆژوو بێ : بزانە دروست نیە ئەو دانەوێڵە بدرێ بە کەمتر

لە سێ هەژار . وە فیدیەی دەفعی ئازار وەکو سەرتاشین لە سەر تخییر و تعدیلە

داتە کابرا خاتر خوازە لە بەینی حەیوانێ سەربڕێ یا رۆژووی سێ رۆژ

وه یا خوی دوازده خشت دانه ویله بدا به شه‌ش که‌س له هه‌ژاران

(وتعدیله صح)

وه فیدیه‌ی احصار له سه‌ر ترتیبه کابرا یه‌که‌م حیوانی بو قوربانی بشی

سه‌ری ببری بو فقیر و هه‌ژارانی حه‌ره‌م یا شوینی احصاره‌که وه

ئه‌گه‌ر حیوان نه‌بو ئه‌وه قیمه‌تی حیوانه‌که به تقویمی دو عادل بدا

به دانه ویله بو هه‌ژارانی ولات ئه‌گه‌ر ئه‌مه‌ی پی نه‌کرا له باتی

هه‌موو مشتی ڕۆژی به ڕۆژو بی :

نه‌وعی دووه‌م فیدیه‌ی غیره منصوصه ئه‌میشی دو نه‌وعه .

- نه‌وعی یه‌که‌م له سه‌ر ته‌رکی یه‌کیک له مناسیک وه‌کو شیوه‌ی قران

که به یه‌ک ئیحرام عومره و حه‌ج ئه‌کا وه‌کسی میقاتیکی کردوه واته ته‌رکی

میقاتی کردوه بو یه‌کی له دووانه یا ته‌رکی شه‌وماننه‌وه‌ی (مینا) یا

موزده‌لیفه یا شه‌وماننه‌وه شه‌وانی ایامی تشریق یا ته‌رکی

ره‌جمی له ره‌جمه‌کان له ڕۆژیکا یا له دو ڕۆژا یا له سێ ڕۆژا

یا بو ته‌رکی وه‌دانی سه به‌رد له حه‌وت به‌رده‌کان یا ته‌رکی

طوافی (ویداع) مال آوائی که‌عبه‌ی پیروز ئه‌م فیدیه حیوانیکه

هه‌تا ده‌ست که‌وی ئه‌گه‌ر نا ڕۆژوی ده ڕۆژ ئه‌گه‌ر قابل بو

سێ ڕۆژ له حه‌جا وه ده حه‌وت ڕۆژ له ولاتی خویا ئه‌گه‌ر قابل نه‌بو

هه‌موو ده ڕۆژه‌که له ولاتی خویا به لام به‌ینی سێ ڕۆژ و حه‌وت ڕۆژه‌که بجا

(هەیە صە)
وە قەوڵیکیش ئەگەر حەیوانی دەس نەکەوت ئەوە قیمەتی بکا بە پارە

وە دانەویلەی پێ بکڕی بۆ هەژاران ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرا لە باتی

هەر مشتی لە دانەویلە ڕۆژێ بەڕۆژوبێ :

نەوعی دووهەم بۆ ئارەزوبازی یە وەکو خۆبۆنی خۆش کردن وەچەورێ

لە سەر دان یا پۆشینی پۆشاک یا ماچ کردنی ژن یا دەس لێدانی

بە ڕۆوتی (غەیری جماع کردن) فیدیەی ئەمانە لەسەر خاتر خواهی

وە تقصیرە واتە خاتر خویە لە بەینی حەیوانی ٣ سەر بڕین بۆ هەژارانی

حەرەم وە اطعامی شەش هەژار بکا هەر هەژار نیو صاع

یا سە ڕۆژ بەڕۆژوبێ :

وە فیدیەی جماع کردن لە سەر ترتیب (دە تعدیلە) واجبە کابرای وشترێکی

پێنج ساڵە ٣ سەر بڕێ لە بۆ هەژارانی حەرەم ئەگەر وشتری وا

نەبو گاڵێ دو ساڵەی تەواو : ئەگەر ئەوەیش نەبو واجبە

حەوت سەر مەڕی یەک ساڵە سەر بڕێ ئەگەر ئەمەیش نەبو

بە نرخی وشترەکە دانەویلە بسێنی وە بەشی بکاتە دە بە هەژارانی حەرەما

ئەمەیش نەبو لە باتی هەر مشتی دانەویلە ڕۆژێ بەڕۆژوبێ :

(داتە) (احصارەکە)
وە فدیەی احصار لە سەر ترتیبو تعدیلە واجبە حەیوانی سەر بڕێ وە بیدا بە هەژاری شوێنی ا

ئەگەر ئەمە نەبو قیمەتی لە دانەویلە ئەمەیشی نەبو لە باتی هەر مشتی ڕۆژێ بەڕۆژوبێ :

(طوافی وداع)

لە پاش مەناسک بە دڵ گوشائی / پاش طوافی بەیت بۆ ماڵ ئاوائی

بە هیوای کەرەم دەرچیو لە شار / دڵ پڕ لە هیوای عەفوی تاوان بار

لە وودوعایانە کەوا مأثورن / دافعی نارو جالبی نورن

بخوێنە رەوەو بە دڵ بناڵە / بە رەحم بێ دەنگ بۆ تکا و لالە

گومانت وابێ خوا غفّارە / هەرچەن تاوانت ملیاری بارە

نائومێد نابێ لە بارەی رجا / ئەوەی بۆ خودا ببا التجا

خودا أكرم فوق الأكرمين / خودا أرحم فوق الراحمين

خودایە فیضی لە دنیا و دینا / ئەباری بەسەر گشت عالەمینا

بەبەهانەیە ئەک بەبەهایە / بەخشینی خودا لی انتهایە

مادام کە خودا رەحمی وەهایە / نمی رەحمەتی وێنەی دەریایە

نائومێد نابێ کەسێ لە خوانی ئەو / لە ناو بارەگای پڕ احسانی ئەو

ڕیزەی خوانی ئەو کافیە بۆمان / بۆ دنیا و بۆ دین بۆ ئەهلی ئیمان

باسی زیارەی رسول الله صلی الله علیه وسلم

کەی محروم ئەبی لە احسانت کەی ‌ ‌ ‌ کە ئەرزی وینەی باران پەی دەی

تینو بە کاسی شاد ئەبی بەرەی ‌ ‌ ‌ چون تیراو نابی لە دەریای بێ پەی

هەزاری چون من ئومیدی وایە ‌ ‌ ‌ بگا بەپایە لە وحاوەن مایە

جا تکام وایە ئەی خاوەن صفا ‌ ‌ ‌ ئەی کانی فیضی کەرەم و وەفا

زناحی لەپەنات بگا بەپایە
چونکی خادمی رسول اللەیە

لە نزیکی شاری (قصیم)، لە شمالی مدینەی منورە دا
ئەم قصیدەمە دانا (لە عام ئازیزتر)

لە عام عزیزتر لە عام عزیزتر — عەزیزە کەی من لە عام عزیزتر

بە لای خوداوە لە عام عزیزتر — روخساری لەگوڵ پاکوتمیزتر

مخلوقە لە نور: لە نور لطیفتر — لە فرشتەی عەرشی عالی و شریفتر

عنصری خاکە و ئەوڵی بو فەلەک — صورەت ئادەمی و بە سیرەت مەلەک

ئێستانە و لە گشت ئینسان داناتر — نەخوێندە و لە عام بەرز و بالاتر

عجیب شخصێکە تاریف ناکری — شەرحی ئەوصافی زەریف نادری

لە عەرەب پانەو ئاشنای عالەم — والە سایە یا عەرەب لو عەجەم

خوی شەمعی شەمعان ویلەیی پەروانە — لە دەوری شەمعی زویا دیوانە

ئازیزە کەی من بێ وێنە و مثال — مەزرە بە سیمای سەعادە و اقبال

ئازیز کام ئازیز ئازیزیکی وا — پایەی بولەندە لە سەرماسوی

ئازیزەکەی من قیبلەی عالەم — مایەی سەربەرزی باوکە ئادەم

سەرداری عەرەب ناداری عەجەم — یەکتا گوڵباغی گوڵزاری حەرەم

رابطەی بەینی خالق مخلوق — بێ جوێندەواری مامۆستای حقوق

بە دەروون لەگەڵ نوری خودادا — لە بیروون لەگەڵ گشت ماسوی دا

پایە بەرزێکە حەتا لەخودا — کەسی نەی دیوە کەسی لە پایەی ئەودا

دووستارەی حق ری نیشان ئەدە	بۆ جن و بشر بە حق رەهبەرە
معجزاتی گشت رەهبەرانی کەسە	ناگا بە پایەی معجزەی سەروەر
ئەلی مسیحا عیسای بن مریم	زیندوی کردەوە مردو پاش ماتەم
احیا سەرکیە هەر لای خودایە	لە عەلاقەی بشر جیایە
بەلام معجزەی رەهبەرەکەی من	نورە بو فکرو نظرەکەی من
هەزاران کەسی دل پڕ لە ظلمات	دل نورانی کرد لە ڕوی سەرپسات
هەزاران کەسی ڕۆحو دل مردو	زیندوی کردنەوە بە حق زو بە زو
بە بەرزی ئەخلاق چرای هەلگرسا	ڕوناکی گەیاند بە ڕوحی انسان
صبری ایوبو حکمەتی لوقمان	دوستی خلیل و دەستی سلیمان
لە لای خولکی ئەو دیاری نەئەدا	ئەوندە جامع بو لولوی هدی
جامی بە فیدای خولکو ڕەوشتت	بە فیدای بەرزی پایەی سرشتت
بە فدای مدرسەی تعلیمی دینت	بە فیدای شوعلای نوری یقینت
بە فیدای ئەو چرای عالم نوماتە	بە فیدای ئەولوورەی هەموو جهاتە
بە فیدای ئەو زەحمەو مهرەبانیتە	بە فیدای ئەو لوطفی کەس نەزانیتە
بە فیدای ئەو سەرە خودا داویەتیت	کە کەس تا داوی هالی نەبووەتیت

(نامی) داماوی دەرگای احسانە
بە هیوای نمی احیای انسانە

سەری حاڵەکەم

سەری حاڵەکەم سەری حاڵەکەم ... ئارەزووی زانای سەری حاڵەکەم

دڵبەری دڵدار خۆش جەماڵەکەم ... خاوەن پایەکەی بەرز کەماڵەکەم

عومرێکە دانا لە سەودای تۆدا ... بەڵکو جارێ بێت بە ناو ماڵەکەم

بپرسێ حاڵی پەروانەی شەمعت ... چلۆنە شەیدا پەشێو حاڵەکەم

دڵ بوو بە بوریان لە تاوی فیراق ... یانی سووتاوە کوێ زووخاڵەکەم

شاباڵی بوو جێی قوقنوسی ئاشیان ... نەیاری عەرشی پەڕ تا باڵەکەم

بە شەرتە چیرا داماو بووە ... گوێ بگرە لە دەنگ ئاهو ناڵەکەم

من داماوەکەی دەست دامانم ... لێ قەوماوەکەی ئەجەل بەشاڵەکەم

دیلی زیندانی فیراقی تۆیم ... گیرۆدەی عەشقی حەبە قیتاڵەکەم

چی ما بێ ئەمری بەرەی بە وەصڵت ... چونکە داماوی بەڕەو ڕماڵەکەم

دڵ بوو بە کاسەی شەرابی گۆنە ... لە عەشقی چاوی چاو و خاڵەکەم

حاڵی ناو چاوت تیرێکی دا لە دڵ ... داوای دەوایە دڵی ئاڵەکەم

سینەم مشتا بوو دڵم بوو بە خوێن ... خوێنی تیا ئەما زۆری پیاڵەکەم

سەرم دانا وە لە سەرێ تریتا ... بەڵکو وەرگێڕی شڕاو ناڵەکەم

بە زەحمەت وابێ لە سەر ئەحوالم ... من کە زیندانی شیا چاڵەکەم

نامی بێ ناوت زارگاری ناڵی
دەستی ڕاکێشە و بکەرە باڵەکەم

من سەرگەردانم من سەرگەردانم

من سەرگەردانم من سەرگەردانم   لە کاری خودا من سەرگەردانم
شەخصێ هەڵکەوێ بە بارەی قودسی   پاکو تەمیز بێ لە هەوای شەخصی
لە سارائیکدا پەڕبێ لە وەحشەت   پەڕبێ لە جەهلو خەرافەو دەهشەت
قەت نەچوبێتە هیچ دانشگائێ   نەیشی خوێندبێ لا مامۆستائێ
دوربێ لە دەوری علمو حضارە   دوربێ لە یاسای نظمی اِدارە
وەهای بگاو تێبگا لە حەق   عالەم وەرگێڕێ لە جەهلی مطلق
روی بکاتە لای پەروەردگارێ   خاوەن کەمالێ بە هەمو بارێ
هەڵی سوڕێنێ بۆ ئائینی پاک   بۆ ڕەوشتی بەرز بۆ کردەوەی چاک
بۆ ڕێگەی پیاوەتیو یەکیتیو وجدان   لە بۆ یەکدلیو ادارەی جهان
بۆ باوەڕکردن بە پاداشتی کار   بۆ ڕۆژی حسێب لای خودای قەهار
ئەم دەستورێشە بگا بە عالەم   بگا بە پەری بە بنی آدەم
لە خۆرهەڵاتو تا بە خۆرنشین   جنوبو شمال لە بۆ تێکۆشین
بێ تفاوتی خزمو بێگانە   بێ لادان لە ڕێی ڕاستی مەردانە
میزانی شەرەف تەنیا تقوی بێ   چ لە عەرزا بێ چ لە بالا بێ
قەت ڕێ ناکەوێ بێ هیدێی خودا   آدەم ڕەهبەر بێ بۆ هەمو دنیا
ئەگەر بڕوانێ بە یاسای عرفان   سیراو عروجی بۆ ژور آسمان

نیشانەنێکە بۆ پایەی رەسول　　ئەویان دە لیلە ئەمیانە مەدلول

یانی چوون عوروج لە ئاسمانان　　خەرقی عادەتە بە عەقلی ئینسان

وەهاش ئەشئەلەتو نشری لە بودێ　　خەرقی عادەتی لا ئەهلی تەرکیب

یانی وائێکە لە رووی سەرپیات　　بۆ هەری حوودا بورهانە واثبات

وتامی ئەوکە ئەمەی بە بورهانی زانی　　رووی کردە رەهبەر بەتەنا خوانی

وتی ئەی مەولای ئەرواح و ئەشباح　　حاجەی رزگاری بو هەموو ئەرواح

وەهای بڕیاردا خودای کائنات　　بت کا بە کلیل بو دەرگای خەیرات

لە دەوری قوبەی پڕ سەعادەتا　　لە دەوری رەوضەی جێی عبادەتا

چول چول فریشتەی لە من شەیداتر　　لە سووڕینەوە دەم لە دەم زیاتر

بە ساڵو مانگو حەفتەو رۆژو شەو　　لە باری بەسەر رەوضەتا پڕ تەود

یانی خەزینەی خێری عالەمی　　کانی ئیحسانی بەنی ئادەمی

ئەلێ لە تووە بەشی بەش بێتەوە　　هەرکەسێ بە بەشی بخەشێتەوە

دە سا تۆ خودا ئەی رەحمەتی عام　　سەرچاوەی خێری ئەرواح و ئەجسام

دەمێکە عومرم بە زایە رۆی　　لە بەر مەهجووری یانی لێ تۆڵێ

والەم پیری دا رووم کردە دەرگاش　　بە مووی سپی وە بردەوای نەجاش

وا دڵە دەس عومری بە عەبەث دەرچو　　لە سپیتی مو لە سیاهی زەد

داد لە حەیرانی دڵەکەی تەنگم   شەبەندە بەروژ بە چەن هارەنگم

ساقی لە سایەی سێتیاتەدا   لە ناو نادانی و خورافاتەدا

ساقی حەیرانی فتی فەلسەفە   گێژی کێشانەی وەزنی ابەلکەفە ،

ساقی لە رازی جیهان ئەخوێنێ   ساتێکیشی رازی دازی ئەنوێنێ

ساقی بە لەعەب رەوانی لشە   ساقی بە ئەدەب کێشی دەروێشە

دەردو بەسەر رەرزالیم بو بەکەڵە   بو بە قەلاتەو گەلیشتە فەلەک

ئێستاش نازانم ئەنجامم چیە   بەهیوا ئەلیم ئیمامی ناجیە

دەسمە دامانت شای خاوەن نظر   نظر پیروزی کیمیا اثر

دەرگای دڵەکەم قوفل دراوە   تاوان لە ناویا بەجوشو تاوە

چارێ بروانە لەم دڵەپڕژەنگە   لەم قەفەسی وینەی تاریکی تەنگە

بە پەنجەی رەحمەت بیکەرەوە لێوم   خوێنی بەحسیب لە کومەتی نێوم

لە دەریای فەیضت مشتی کافیە   نمێک بو دەردی دڵم شافیە

بە صبغة اللهی توحیدو اسلام   رەنگی ثابت بی تاکاتی ئەنجام

بدرەوشێتەوە لە روژی تەزەعا   لەشەر نظامی زنورهم یسعی ،

ببێ بە انسانی کامل   لە اصل و فەرعا بە مەعنای شامل

نامەی آزادی بدرێتە دەستم   ئەمەیە هیواو غایەو مەبەستم

نامەیە بانی لە تۆوە دوورە　　لە بۆ ڕاماوان ئیحسان زەرورە

بیکە بە خاطر صدیقی عتیق　　بە عدلی عمر خلیفەی وثیق

بە حەیای عوثمان بە صفای علی　　بە خوێنی حمزەی خاوەن تجلی

بە شەهیدانی ڕێی ئیسلامی خۆت　　ئاگای کوە ڕێگرە بە غولامی خۆت

هەتا ئازادی لە دوو دنیادا
لە ژێر سێبەری شای ئەنبیادا

خاوەن جاهە کەم خاوەن جاهە کەرەم　　خاوەن جاهەکەی شایە ناهەکەرەم

فەرمان ڕەوایە بە سەر شاهانا　　نور بەخشی ئەکا بە ڕووی جیهانا

پاشای جیهانگیر ئەبێ ئاوالی　　بو دارا و گەدا خاوەن ماوی لی

پایە بولەندە و سەربەرزی عالەم　　تاجی شەرەفە بۆ سەری ئادەم

بە شیوەی شیرین هەلکەوتوی جیهان　　نوری عالەمە ظاهر و پەنهان

هەر دڵی تاریکی بۆ بە ئاشنا　　سینەی ئازاد ئەبێ بە طوری سینا

ئاشنائی ئەو هوی نەوروزی یە　　هوی بەختیاری و هوی پیروزی یە

سا بو ڕەزای حق ئەی باخی شاگول　　بە ئاشنائی پروانە بو دل

پروانە بو خوت بە کەرەم کاری　　بە سەیلی سەحای تاوی بەهاری

بو ئەم غولامەیش نشان دراوە　　بە چەن دەس بەرێ تقدیم کراوە

بو سایەی دەرگای بارەگای بەرزت　　بو صفا خانەی گەلی سەربەرزت

صد سوپاسی حق لەم پایە بەرزە   سەری خۆم دانا لەسەر ئەم حەرزە

دیدەی خەمم ریژا بەسورمەکەی ریت   سورمەی تو تیای غوباری بەرییت

بەڵی بکریتە دەو چاوی لەیار رجب   پەروانەی شیدای شەمعی رووساری

بە دەوری گوڵ را بەویەی بولبول   بیتە سەر دەو تو نەشئەی بەرەگوڵ

ئەمەیە مایەی ژیواری دڵان   ئەمەیە غایەی عەشقی بولبولان

دەستی سەخای تولیشی تەواو رەسایە   لەنوری جەمشیدا فەرروویە گرتایە

بەڵ پرتەوی بێت بو دڵی نامی
بگا بە موژدەی لقای مەرامی

بۆ آسانەی تو   بۆ آسانەی تو

بۆ آسانەی تو   بۆ آسانەی تو   پەنام هێناوە بۆ آسانەی تو

بارەگای پەنای ئەهلی دنیا گشت   [3] سەرداری سوپای خاوەن ئالای تو

پایەی تەختی تو لەسەما شەرکەوت   فرشتەی سەما عاشقی سیمای تو

ثەناگوی صفای سینەی میناکەت   ثەناگوی پایەی بەرزی والای تو

بو کێ بنووسم عەرضی حالی خەم   غەیری بارگای عالی بنای تو

لاکێ بەیان کەم شکوای ئەحوالم   غەیری حضرەتی صاحب صفای تو

لاکێ تقدیمی دەردو بیماریم   غەیری حەزرەتی لوقمان آسای تو

ئەگەرچی حاجەت بە بەیان نییە   لەلای ضمیری صافی مینای تو

من داوا کارم لە فەیضی قودسیت — لە ڕوحی بەرزی والای ڕەسمای تۆ
چەتری داوم نەگری لە مەدەد کاری — لە فەیضی وەصفای سایەی هومای تۆ
یادی وا نەگری خانەی دەروونم — ڕام نەگری لە سەر ڕێگەی وەفای تۆ
لام بدا لە بۆی هەوای جفاکار — ئامادەم بکا لە بۆ لقای تۆ
چرای هەلکەی لە بۆ دەروونم — دەلیل بێ لە بۆ ڕێی بارەگای تۆ
هەر بەو یادەوە بژیم و بمرم — ڕێنوێنیش بیمەوە لە سەر وەفای تۆ
تا بەو نورەوە ڕێی بگرمە بەر — بۆ ژێر سێبەری ئالای لیوای تۆ
مەیدانم بدەن لە ناو یاران — بۆ تە ناخوانی بەرزی بالای تۆ
کاتی بەوی ڕووی تۆ ببینم — بگەم بە بارەی صەفای دیدای تۆ

ناحی بە هیوای ئەو سروەئە ژی
کە دیت لە شنوی سەروی بالای تۆ

دل داران سەرچەم

دل داران سەرچەم دل داران سەرچەم — قوچی بورجی تون دل داران سەرچەم
بیماران دەرد عەشق ڕوخسارت — دیل بون بە داوی گیسوی خەم چەم
بە هەوای تودە ها تو چو یانە — بە هیوای تۆدە ئێنە چەند خەم
نیگای چاوانت بوماتەم باران — مایەی خەلاصە لە دەرد ئەلەم
نمی لە فەیضی دەریای حسانت — سەرچاوەی فۆزە لە بۆ خاطرجەم

لەفرێی بەتەرزی مهر آمیزی تۆ   قودسی کەلامە بۆ صفای دڵەکەم

ناگا بە شنۆی نسیمی رەوحت   شنۆی بەهەشتی فردەوس و زەمزەم

تۆی مایەی فخری سەربەرزانی دین   تۆی مایەی نشری عرفان عالەم

قاپیت بارەگای بیت الاحسانە   تۆی سەرچاوەی خیر لەزۆر و لەکەم

سایەت بۆ نامی سایەی رەحمەتە
بەرزیتە باران ئەی ٣ مانی کەرەم

جۆشی دەروەکەم

جۆشی دەروەکەم جۆشی دەروەکەم   جۆش گەرمی تاو لەرزە سەروەکەم

هەدیشیان هینا بۆ سەر ژیانم   کەوتنە تەقالای کالای گیانم

منیش بە هیوای حفظ حەیاتم   کەوتمە تەقالا لەبۆ نەجاتم

ئەو پەرو ئەم پەر جهانم بینی   بە نای رزگاریم بۆ خۆم نەبینی

تا وای لە بیرم صدای راحیل،   بۆ کەهف عزەت ماوای جبرەئیل

یانی بۆ دەرگای بارەی بۆلەندی   جێی داوای دەرمان بۆ دەردمەندی

بۆ آستانی راستان ماوا   بۆ پەرستانی دوستان ئاوا

بۆ بورجی عروج بەسەر هەوادا   بۆ عەرشی راستی لەگەل خودارا

بۆ قوللەی دەرچوون لە بۆی ماسوی   بۆ ملەی بەرزی شاریگای هدی

بۆ سەربولەندی و مایەی سعادەت   بۆ بارەمەندی پایەی عبادەت

بو قاپێ هیوای ئەهلی درایەت   لە بو جیلوەگای نوری عینایەت

یانی بو پەنای رسالەت پەناه   بو ئارامگاهی رەهبەری خودا

سوپاسی و ثەنا بو ربی عباد   کە ئێمەی گەیاند بە قاپێ مراد

شەرم نایە سەر آسانەی بولەند   جێی هانا و پەنای زەرەی دەردمەند

توزی پیروزی آسانەی خوشناو   کردم بە سورمە بو روناکی چاو

خاکی پرشەوگای جیلوە لیداوی   بو بە مومیام بو دل شکاوی

نمی شەونمی روضة الروضات   لیوی ئەرکردم بە آوی حەیات

لەزەیتی بەهێشتی سیدالسادات   چرام ئەیارکرد بو کاتی ظلمات

لە سایەی گەیلانی و پیری بوخارا   دێم تێراو بو لە لای دلدارا

صلاتو سەلام بباریت هەرکات   لە سەر ئەرواحی وەسیلەی نەجات

تامی وانامەی مرادی دەسکەوت
فالحمد لله لەم فەوزە ڕێکەوت

شیرین گولەکەم

شیرین گولەکەم شیرین گولەکەم   گولی بون ئەدا بەناو دلەکەم

گولی بەهەشتە هاتوە بو دنیا   لە عەرزا نیە وێنەی گولەکەم

بو ماوەی ژینم لەروی جیهانا   بو ئەو دنیاشم باشە گولەکەم

لە هەرشوێنی بم سارای یا کێو   عەطری خوی ئەدا لە مەنزلەکەم

ئەگەر موشکلی ڕێگام پێ بگری   ئەبێ بە کلیل بۆ موشکلەکەم
داری ئەو گوڵە واڵە بەهەشتا   نە داری یاسەمەن و نە سونبوڵەکەم
هەرچەن لە خاکا بەرزو پوی دەرچو   لە ڕوحی پاکە ڕیشەی گوڵەکەم
بە ئاوی حەیات ئەشو نمای کرد   بە وێنەی سدرەی هەزارچڵەکەم
مەپرسە لە ڕەنگ لطیفی ڕەنگە   بەڵ لطیف‌ترە پەڕەی گوڵەکەم
ڕەنگی بەنەوشی سەوز و نێرگسین   بێ نرخن لەلای شێوەی گوڵەکەم
مەپرسە عەتری بۆ دەماخی دڵ   ناگاتە فەلەکی عەتری گوڵەکەم
نە عطری ماهور نە نافی ئاهو   نەشەدلوی شاهو ناگاتە گوڵەکەم
ئەپرسی ناو و نیشانی بەرزی   نوسیومە لە ناو پەڕەی دڵەکەم
ناوی ڕهبەری بۆ ڕانراوە   ئەو کاتە پشکوت غونچەی گوڵەکەم
یانی ڕهبەرە و فورستادەی حق   سپاسالارە سەر قافڵەکەم
طورەی طوماری پیغەمبەرانە   قازی دادگای شاعادڵەکەم
نوری وەهاجە بۆ نامەی اعمال   مایەی ڕەواجە بۆ حاصڵەکەم
نور ئەدا بە ڕوژ بە ئەستێرە و مانگ   بە اعلی و اسفل تا بە گڵەکەم
ڕوحی جیلوەگای تەجەلای حەق بو   بەر لە آدەم بوعەتری گوڵەکەم

ڕەبی ڕابگری دوشت بو (ناحی)
یەکەم گوڵەکەم دوەم دڵەکەم

گوڵی گوڵ زارم

گوڵی گوڵ زارم گوڵی گوڵ زارم   من بوڵبوڵەکەی گوڵی گوڵ زارم
من پەروانەکەی شەمعی ڕوخسارم   من دیوانەکەی شێوەی دڵدارم
بە باڵا ڕاستم بە وێنەی عەرعەر   لە دڵا لوولم وێنەی طومارم
لە زەردی ڕوخسار بە وێنە بەهیم   لە ئاڵی ڕەنگا وێنەی گوڵنارم
دیدەی دڵەکەم گلاراویە تێ   چاو لە توتیای گەردی پێی یارم
ئەگەڕێم لە شوێنی دەرمانی دەردا   بەڵکو طبیبی بکا تیمارم
هەر ناوی یارە لەسەر زمانم   کاتی فریشتە بێتە مەزارم
بسوتێنم نوزرم لە هەوا ئەنوسی   هەر لە بیلە یارم هەروبیلە کارم
حزینم ببرژێتە سەر دەریای هاکی   ئەنوکی تینوی ئاوی عوزارم
شفام وەفاتە ئەگەر بێتە جێ   دەمێکە بو ئەو بە انتظارم
گیان لەبەر چاری بوخویان ئەمرن   من کوژراوەکەی هەزاران جارم
ڕوژم طلوعی ڕوخساری یارە   شەوم سیائی دوگیسوی تارم
من لاولاوەکەی سەروی باڵاتم   خەولول حەواردوی سەروی جوبارم
بە دڵ سەرخوشی چاوی مخمورم   مەستی سەربەستی پیاڵەی خمارم
من قوربانیەکەی قەزا گیدی ئەدەم   ئاکام هەاوردوی بێ اختیارم
فەرزە فیدایم بو یاری فەردم   یاری نادرەی ڕوی ڕوزگارم
هەرچی جیلوەگای باڵاکەی ئەوی   ئەلی جیلوەگای لۆرالانوارم
بەیانی بەحەی دائەدری بەشەوق   بو استقبالی بەحەی دل دارم
ڕوژ هەل ئەسوری بە دەوری دانم   لە اشتیاقی ڕوخساری یارم
شەماڵ ئەشنی لە دادینەی کۆ   بو باوەشینی یاری نازدارم
ناصی بە تەمای نیگای چاو دیکە   بو لێ بە دەورە وێنەی پەرگارم
ئەو نیگای چاوی دەرمانی دەردە   ئەلی بە مایەی شفای آزارم
هێرزی بەسەریا صلاتو سەلام   هەم لەسەر آلو یارانی یارم

ڕۆژی مەحشەرە

ڕۆژی مەحشەرە ڕۆژی مەحشەرە   تاقە سوارەکەی ڕۆژی مەحشەرە

مەردی مەیدانی ڕووی عەرەساتە   خاوەن وجدانی هاتو نەهاتە

بە بەرزی پایەو هێزی هەمەتی   ئەوە لەو ڕوژدا ئەلێ اُمتی ؟

کەس ڕوناک نابێ بەبێ نوری ئەو   کەس ڕانابوری لێ مروری ئەو

لەهەر سەرالێ دەستە چرا لێ   ئەبێ بە نوری ئەو هەڵکرابێ

جوش کورەی نور بوجیهان بەکسرێ   بەرق نورێکە لائەو دێتە دەر

خاوەن بارەگای هاناو هاوارە   یەکەمین پەنای گەلی هەژارە

دەی بسا هوسوار سوارەکەی بوراق   سەرکەوتوی ئەفلاک بەبەرزی اخلاق

پەنای تاوان بار ڕۆژی عەرەسات   یەکەم تکاکار لەشەڕ موشکلات

دامادی ڕێگەم لەبەر بێ دڵی   لێ قەوماوی دێم لەبێ مەنزڵی

نە ماڵە نە حاڵ نە پەڕە نە باڵ   هەرتوم بۆ مادی ئەی کانی کەماڵ

لانی کەرەوە بەلای داماوا   نیگاهێ بەلای سەرلێ شێواوا

کەم ناکا دەریا بە ئاوی دەمی   بارانی هەوا بە پڕشەی نمی

کەم نابێتەوە پرتەوی هەتاو   بدا لەبەرپێی مژموری داماو

شەماڵ کز نابێ بە شنوی شیرین   بۆ فینکی زل لەگڕەی هاوین

بەنمی ئاوی دەریای هەمەتت   زیندو ئەبنەوە هەمو ئوممەتت

بەپرتەو پکێت دەروون بێتە جۆش　　　دڵ لە خەیالات ئەبێ فەرامۆش

هەر خەوشۆ خالی بێتە خەیاڵ　　　ئەسوتێو ئەڕوا بە بای شەماڵ

هەر بەر بەیانی نەسیمی صەفات　　　بدا لە سینەی ئەربابی وەفات

تا قیق پیر ئەبێ لە ڕەوحی ڕەحمەت　　　ڕزگاری بودی لە زاکەی زەحمەت

دەی با بە شنەی نەسیمی ئەمجار　　　ناحی بێتەوە بۆ زێڕی ڕزگار

بەپرتەو پکێت دەروونی ناحی

ببرژێو دەرچی لە جەفای خاحی

من میوانی توم

من میوانی توم من میوانی توم　　　میوانی حوانی خانەوانی توم

ری بوارەکەی لێ توشەو زادم　　　چاوەڕێی سفرەی ناو دیوانی توم

ریگە کوێر کردوی تاریکە شەوم　　　چاوەڕێی چرای ڕێگەو بانی توم

داماوی شارای سێ ڕەگەزانی بووم　　　جویای پشانەی ئاوەدانی توم

کلۆلی کەشتی مەوجی گێراودم　　　چاوەڕێی دەرکی دەریابانی توم

لە عیل برادەی لێ کە سێ دەستم　　　چاوەڕێی سێ ڕەعیل فادەن شای توم

دیلم لە بیری تاریکی بیرا　　　چاوەڕێی چرای شابووڕهانی توم

سواری نابارێ نەفسی سەرکێشم　　　یەنا بە سوارەی خوش عنانی توم

هەتیوی لێ شێوسەرنادەی چەرخم　　　هانا بە دەرگای پڕ ڕحسانی توم

لەسەرای چۆڵا بادە باوەمە — چاوەڕێی بانگی ناوباوانی تۆم

لەدووشکە ساڵی سەرماو سۆڵەدا — چاو لە بارانی بەهارانی تۆم

بەزەمهەریری دووریت سڕ بووم — چاوەڕێی تاوی گەرمیانی تۆم

مایە سووتاوی بازاڕی زەوقم — چاو لە موڵەتی سەرکارانی تۆم

قەسەم بە تاوی ڕۆژی ڕوخسارت — سینە سووتاو و دڵ قوربانی تۆم

لەم جەژنانا هاتم بۆ فیداکاری — تۆ حەجی قوربانی دەرگاو بانی تۆم

هەرچەن شایستەی قوربانی تۆ نیم — نەزری بێعەیبی مخلصانی تۆم

گەدام خۆ گەدای دەرباری شاهم — فەڕاشی فەرشی شاهەیوانی تۆم

ئەگەر شایاوی حضوری شا نیم — بەندەی وامەندەی دەرگاوانی تۆم

لەگشت وڵاتی بەندەی تۆ زۆرت — منیش بەندەکەی کوردستانی تۆم

من بە قوربانی قوبەی سەوزی تۆ — عاشقی جەماڵی زۆر جوانی تۆم

بە هیوای قەبوڵ ئەپاڕێمەوە — دامادی سایەی شاسەیوانی تۆم

تەوحیدو تەوصیف نییە باوەڕم — پەیوەندی یاسای ڕاو فەرمانی تۆم

لە محکەمەتا دڵم محکەمە — بۆ مجمل بەندی ژینی بەیانی تۆم

بۆ تشابە دەڕوێنم یانە — دەم بە تاویلی ڕێی عرفانی تۆم

تۆشا ڕەهبەری قورئان یاسە — کەعبەیە قیبلەی نوێژەکانی خۆم

ئالو یارانت کانی شەرەفن — خاوەن میزانن بە وجدانی خۆم

تابعین یانی پەیرەوانی تۆ — دەریای حکمەتن بە ئیمانی خۆم

پێشەواکانمان لە رێگەی دینا — هەموو ماجورن بە عرفانی خۆم

پایەی ئەولیا رانەگرم بەحق — بو ئەسلەم دین بە میزانی خۆم

موسلمانەکان بە یاسای یاران — نوسیوەتن وەکو برایانی خۆم

هەوا پەرستان لە خوا دوورن — نایانکەم بە یار بۆ ژێو بانی خۆم

بە زانستی خۆم لەگەڵ زانایان — دیمەهاتو چو لە مەیدانی خۆم

رێگەی خۆم ئەگرم بەلام معتدل — تا سود وەربگرم لە ژیانی خۆم

هیوام ئەستورە بە لوطفی خودا — نەک بە کردەوەی پڕ نوقصانی خۆم

تۆیش تکا کاری بو تاوان باران — رێگەی رزگاریت بو تاوانی خۆم

(نامی) ناوی خوی لێرە دا نوسی

ئەم زەوضەم دانا بە باوانی خۆم

لەبەر بەیانا ..

لەبەر بەیانا لەبەر بەیانا — بانەسیم لیشنی لەبەر بەیانا

لە رەوزەی بەرزی شای مەدینەوە — بلاو بیتەوە بەسەر دلانا

نەشەی خیربدا بە گیانی دلدا — توزی غەم لابا لەسەر گولانا

لە پاش تاوی دل بە گەرمای فراق — فینکی بدا بە روحو گیانا

بوی عەتری ڕەوضەی رضوانی ڕهبەر   بدا بە شامەی دەماغ دارانا

لاوا لە سەر دل غوباری جفا   هەتا هشیار بی لە بار گیشانا

دەم بکاتەوە دل بە وینەی گول   بول بول بخوینی بە سەر گولانا

شەومی صفا لەگەل خوبینی   جەفا هەل بگری لە ناو دلانا

لە ناو سینەدا بڕوینی داری   بەرزی ئیمان بی لەگەل پەیمانا

لە ئیمانەوە تەقوی بی بگا   بو خلاصی دل : لەگەل یەزدانا

تا بە ئازادی بڕوا تە مەیدان   شەرمەسار نەبی لە ناو هەردانا

گیانم بە فیدای قدومی خەرت   قەدەم دابنی بە سەر چاوانا

چاوی توتیای گەردی ڕیگەت بی   سەرار نەبینی لە ڕوی جهانا

نعلەینت دانی لە سەر هەر سەری   شایاوی تاجە لە ناو شاهانا

بە وەفا قولی لە هەر کەس بکەی   نەددی بە سرار لە ناو قوربانا

پەنجە لی بدەی لە لیوی هەر کەس   نابی بە شکبان لە ڕوی زەمانا

بڕوانی بە دل بو هەر ڕوژەری   شەرمەسار نابی لە ڕوی میزانا

سینەی جیگەی سری حوبت بی   خەزینەی نەمنە لەگەل ئیمانا

تا قوبەی خضرای کەیوانی پایەت   نەدرەوشیتەوە لە بەر چاوانا

تا سروەی شەمال بە ئارامی دیت   بە سەر باخانا لە کوردستانا

پەی دەرپەی بەرزی بارانی سەلام بەوینەی باران لەکوساراتا

لەسەر رەوضەتا و لەگەل آلی بەیت لەسەر آرامگای هەمو یاراتا

بەل نامی نمی لەو آدە لیبدا

تاکو ببتیە ریز لای دلداراتا

لوکەونە جوالی

بولەونە جوالی لوکەونە جوالی لوئەصلیو فەرعە یوسوی کنعانی

نازانم شعرای لەگەل دەرهاتی یاگەلاویژی بەری بەیانی

یارۆهرە یاخو موشتەری چەرخی فەلەکی شەبداتبوبەسەرگەردانی

یالە ستیرەی قطب مەرکەزی دەوری یاماهی تەمام بدری تابانی

یاروژی چەرخی چوارەم آسمان کە پرتەوبەخشی هەمو جیهانی

حاشا تو دوری لەم تشبیهانە تو نوری جیلوەی فیضی سوبحانی

نوریکی وەهای دنیا داگری بە کەهەرئەم دنیا هەم دنیانی

بەروح کارەبای نوری قدسی نوربەخشی روحی فیدا کارانی

بەردەم بەلاغی قورئانی حوزای تیربیە دەری هشیارەکانی

مادام نوری دل بی انتهایە تو دەریای هادی کورەوی جیهانی

بەیادنەبت هەیە لەگەل مخلصان ژلشیتە دیە ریو روحی انسانی

لەبو هەرکەسی توی ببی بەدل تاریف کراوی بەمهرەبانی

هەرچەن بیزاری لە تاوان بارات   تو نەکا کاری تاوان بارانی

کاتی خەوت دەرخەی بەجیلوەی جەمال   دل پەنجە ئەبڕی بەسەرگەرانی

حەیرانم حەیران بەروحو بەدل   گیژم لە گیژی دەریای حەیرانی

نازکترل گول لطیفتر لە بون   مەگەر تو شنوی فیضی یەزدانی

لە هەرشوینیکدا تابی تو بکری   بونی خوش ئەگری تا نەشئەی ثانی

بوی خوشت بکا بەسینەی هەرکەس   ئەبی بەقوتوی عەتری یەمانی

لا ئەکەیتەوە لە هەر داما دی   پی عارە شاهی بوپادشانی

دارا و نەدارا چاوەروانی تون   چونکی تو دەریای فیضی یکسانی

نامی یەکیکە لە چاوەروانان   ئەی دەریای عطای فیضی ربانی

قەناعەت ئەکا بەتاقە نمی   بو ئەشونومای نوری یمانی

نامی ئەم کاتەت هەلی حەیاتە   بنالە بو خوت هەتا ئەتوانی

لەسەرێ سیرژینە بەبەر دەرگادا   آدیرژینی بکا بەردەرگاکانی

باشوینیت دیاربێ لەم آستانا   کاتی کە دەرچوی لە آستانی

ترابگرە بەدل قوبەی خضرا کەی   جیگەی فرشتەی پاکی روحانی

بزانە پیرە لە نوری رەحمەت   چە سەرزەمینی چە آسمانی

بە قوربانت بم ئەی نوری قدسی   ئەی جیلوەگاهی نوری سوبحانی

تا دام آستانەت جیلوەگای نورە   قەبولمان بکە بۆ پاسەوانی

پاسەوانێکی مخلص دل پاک   لە بۆ آستانەی فەخری انسانی

بەڵکو بە فیضی آستانەکەت

نامی ثابت بێ لەسەر پەیمانی

شهیدانی دین

شهیدانی دین شهیدانی دین   یارانی حەزرەت بەقەدر و تمکین

لەسەر هەرتەویان لە بارێ انوار   یەک دەریەی دیدەی بارانی بهار

خلیفەی یەکەم ئەبوبکری صدیق   خلیفەی دووەم عمری فاروق

مدفونن لە پشت رسول اللەوە   یەک لە دوای یەک لە پشتی شاوە

وان لە ناو حوجرەی پیروزی بەرزا   اشرف مکان لە هەمو عەرزا

لە مجاوەرە بەرزو بۆ آرامگای عام   (جنة البقیع) ماوای احترام

هەتا هەوصد کەس اصحاب رسول   مدفونن لەویا بە رۆتبەی قبول

کاتێ چوویتە ناو حەساری بقیع   بە هەشتی عالی مدفنی رەفیع

لە لای راستە و جێگەی عمّاتە   موورای نوورە و جێی بەرەکاتە

یەکەم عائشە دووەم صفیە   دو دلبەری گەورەی خیر البریّة

لە پشتی ترا حەزرەتی عباس   لەگەل ئیمامی حەسەنی حق ناس

هەروەها علی زین العابدین   محمد باقر بە علمو تمکین

هەروا ئیمامی جعفری صادق   صاحبی نوور و علمی حقائق

هەروا اسماعیل ولدی جعفر   بەزڕیتە سەریان رضوانی اکبر

هەرلەو خشتانە فاطمەی زهرا   بارانی رەحمەت بزڕێ بەسەریا

باقی اولادی رهبەری هادی   لەخشتی ترا بەدل آزادی

رقیە و زینب هەم ام کلثوم   عبدالله و قاسم لەگەل ابراهیم

لەخشتی ترا ئەوکەس لە زەوجات   بەزڕیتە سەریان فیضی بەرەکات

سوودە عائشە حفصە بەتمکین   رەضای خودایان لەسەربێ آمین

ام حبیبە و ام سلمە   دوو زینب ناوی زۆر محترمە

هەروا صفیە هەم جویریە   دایکی ئوممەتی خیر البریە

عقیل برای علی مرتضی   لەخشتی ترا لەگەل عبدالله

عبدالله‌ی کوڕی جعفری طیار   بەزڕیتە سەریان انواری ستار

لە مانە هەمو لە آلی بەیتن   بۆچرای رەحمەت بەوێنەی زەیتن

هەم لە بقیعە حەزرەتی عثمان   لەگەل ابن عوف ناو عبدالرحمن

سعد ابن معاذ هەم ابو سعید   لە شهوور بە خدری صحابی شهید

سعد ابن ابی وقاصی شجیع   عبدالله‌ی ابن مسعودی رفیع

عثمانی ابن مظعونی رضیع   برای هاوشیری رهبەری شفیع

هەروا حلیمەی سعدیە نسب   دایەنی شیری شای عالی حسب

قەبری نزیکە لە قەبری عثمان   سەرژێتیە سەربانی خەلاتی رضوان

جا سعدی ابن زرارە لەگەڵ   خنیس ابن حذافەی افضل

ئەصحابە فاطمەی کچی اسدە   والدەی علی بەحق اسعدە

سەربندارانی احد هەرچی بو   کە لە ماڵەوە وەفاتیان فەرمو

وان لەیەک شوێنیا لە عەرزی بقیع   جنّة المأوای شُهَدای رفیع

والە بقیعا ئیمامی اقدس   ئیمامی مالک وەلدی انس

(نافع) کە مەولای ابن عمر بو   خادمی دینی خیر البشر بو

ئەمانە ناویان معلومە لەلام   وان لە بقیعا جێی دارالسلام

آرام گاهەکەی سیّدالشهداء   حضرەتی حمزە لەگەڵ عبدالله

مصعبی ابن عمیر و شماس   ولدی عفان اصحابی خاص

باقی شهدای اُحُد تا حەفتان   هەمو مدفونن وان لەیەک شوێنان

سانی مدفونن لەیەک حەسارا   هەمو وان لە ژێر سایەی انوارا

هەمو وان لە بەرداوێنەی احد   کێوی محبوبی حەزرەتی احمد

احد کێوێکە وێنەی زنجیرە   جیبهەی شمالی روضەی منیرە

هەر لەو شوێنیایە میدانی الفرسان   هەم تلّ الرماة حفظ الانسان

وا لە بەردەمیا ماوای تێک ڕژان   بۆ یارانی پاک لەگەڵ کافران

پیروزە بەرزی بۆ یادی آثار   چەن مزگەوتی خۆشی لە دەورو کەنا

مزگەوتی بوبکر مزگەوتی عمر   مزگەوتی علی مرتضای انور

هەروا (مسجد الغمامە)ی انور   هەور بووبە چەتر بۆ سەری رهبەر

ئەمانە هەمو داخلی شارن   لە مدینەدا بۆ عام دیارن

جا بۆ مزگەوتی پڕ لە بەرەکات   مزگەوتی (قوبا)ی سەیدی سادات

یەکەم قرارگای پیرۆزی حەزرەت   جێی یەکەم جمعە لە کاتی هجرەت

مزگەوتی (فتح) و مزگەوتی خندق   مزگەوتی (سلمان) و ڕواڵەی دینی حق

خندق مابەینی دوو کلکەی کێوە   (اُحُد) و (سَلَعْ) بە شێوەی سێوە

ئەمجار (مسجد القبلتین) بەرز   لەلای (بنی سلمە) اشرافی سەر عەرز

لەو مزگەوتەدا بۆ شێوەڕۆ یا عصر   کە قیبلە گۆڕا بۆ شای خاوەن نصر

هەروا چەن بیری هەن لە باخاتا   نۆشینگای حەزرەت لەو ساتوکاتا

بیری بضاعە جا بیری خاتم   جا بیری عثمان ڕومەی محترم

بیری (ابو حا)ی شیرین نفسە   بئر العهنەیە هەم بیری بُصّە

لە پاش ئەمانە هەیە (بیری غرس)   جێی آسایشی بوون بۆ ذاتی اقدس

هەبەسی لەمانە یادی حەزرەتە   یادی وسیلەی نوری رەحمەتە

ئەم قەصیدە لەوکاتەدا نووسیم لە مەدینەی مونەوەرە دەرچووین لە مەککەی موکەڕەمە زادهما الله شرفا

دەردی فراقت دەردی فراقت   مایەی مەراقە دەردی فراقت

چونکە وصالت لاواندیەوە   زیاتر فراقت تاواندیەوە

خودا دل کەوتە بەینی نوور و نار   انک انت الحلیم الستار

چۆن بەجێ بێڵم ڕەوضەی شریفت   شنۆی نەسیمی ساحەی لطیفت

چۆن ئەبێ وون بێ لە نووری نەظەر   دیمەنی ڕەوضەو محرابو مینبەر

جیلوەی ڕەوضەکەی جەنەت مقامت   مزگەوتی مایەی نووری اسلامت

حەوالی سوجدەو مناجاتی ذات   جێگەی بارانی نوورو بەرەکات

مینبەری شوێنی خیر الکلامت   جێ نشری یاسای دینی اسلامت

ساحەی پڕصفای جامعی عالی   جێ نزولی نوور علی التوالی

چۆن بەجێ بێڵم ئەم ڕەوضە بەرزە   کە زیارەتگای اولیای عەزیزە

قەزای خودایە دووری لەم ساحە   کە جێ فرشتەی خیر و اصلاحە

بە ئارام بە صادی چاوانت قەسەم   بە ڕۆژی ڕوخسار شمسی معظم

بە جبهەی قیبلەی دلدارەکانت   بە واتەی دەوای بیمارەکانت

بە ڕووی طاهایت ئەی بەدری تابان   کە عاشقە پێت یوسفی کەنعان

بە بالای ئالای قیامەت خیزت   بە نیگاکاری ڕووی ڕەستاخیزت

شاسوارەکەی سارای عەرەسات   دل هەر لە لاتە با بیش ڕووم لە لات

ئەمجار تۆ ئارێی ئازارانی فەوت / چاوت لە دڵ بێ کە قوربانە بوت

ئەو زەمینێ ماوا تۆ بورجی قدسی / ئەو تختە اثرا تۆ فوق الکرسی

ئەو بولبولەکەی گوڵزارەکەی تۆ / تۆ شاگوڵەکەی عەرشەکەی سەرکۆ

ئەو عاشقەکەی دەروون بریندار / تۆ مەعشوقەکەی اصفیای دڵدار

ئەو خوشەچینی مەزرەعەی احسان / تۆ خاوەن خەرمان بۆ هەموئینسان

لە هەتا تۆ چودا بە ضعیف حالی / بێگاداری بە ئەسوتی باڵی

ئەمری بێ طاقەت بۆ جاری لە حاڵت / اجازەی فەرمو بۆ رووی کوساران

بابڵێ لە باڵ بۆلای دڵداران / خزمەت کارانی حق فیدا کاران

لە بابا الشیخی لە بەغدا زەمیت / ئەو ساقی یەری بۆ اجیل حمرین (؟)

ئەو جار هەلْ فرێ بەرەو تکیەی بەرز / جێگەی اولیا و اصفیای رووی عەرز

مقدسی قدس لاهوری آثار / محمود و احمد خالصی ئازار

بارەگای عەلی خالصی ئیشان / جێ ذکر و فکری گرۆی دەرویشان

جێگەی ئەزادی بۆ صفا دەلیل / تاییەتی خاوەن رەوشتی جمیل

جا بڕوا بەرەو شاری شارەزوور / بۆ لای جامعەستای علامەی مشهور

عمری مشهور بە قەرە داغی / عطاری علوم عەتر گوڵ باغی

ئەمجار بەرەو رووی یاری نصاری / ابو عبیدەی مەردی دیاری

لامی آرام گایا أربابی قبول | چون کە کوهەن نشینەی شێخ بابا رەسول
جالاگانەوە بو هانا و ئامان | بولای بارەگای پیری هەورامان
عثمان ناڵی بەشەرمو حەیا | جا بەهاءالدین جاپیری ضیا
جا اولاوانی بەفیض و تنویر | جی خزمەتی زین بەعلم و تفکر
یاساتی هەوا بدا لەبالێ | لەهەر دلداری بپرسی حاڵی
ئەمجار بێتەوە بو قوبەی خضرا | بولای فادەنی معراج و اسرا
بەلکو بجینی بەپاشەوانی | بو ئاگایانی عهد و پەیمانی
نامی ئەمەیە هیوا و آداتی | لەتو وەربگری نامەی نجاتی
ئەی ئەسجادەم بەنفحەی قدسی | دەرمانی دەردی خوی خوپەرستی
ندائی بەدل نیگائی بەچاو | بەسەربوشقای نامی ناتەواو
بەنام هیناوە یا کهف النجا | تاگو میدن بم لەبارەی رجا
صلاتو سەلام بی حەد و حساب | لەسەر روحی تو هەم آل و اصحاب
بەقەی ذەراتی مەوجودی آفاق | بەقەی دەوامی ئەهلی اشتیاق
بەقەی بیماری دلی دلداران | بەقەی زاماری زەهرەی زاماران
بەقەی آرەزوی دیداری پاکت | بەقەی شەرتو شوقی بندەی چالاکت
تانەشنی هەوای صباغ کوساران | تانەشنی وەفای دلی دلداران

نامی بەتەنهای قەلعی حسابە
چاوەری صفای شای کهوەتانە

ئه‌م قه‌سیده‌ مه‌ نووسی پاش ده‌رچوون له‌ مه‌دینه‌ی مونه‌وه‌ره‌ بو مه‌ککه‌ی موکه‌ڕه‌مه
کاتی که‌ گه‌یشتینه‌ سه‌رچیاوه‌ی بدر

سه‌رچیاوه‌ی به‌دره‌ سه‌رچیاوه‌ی به‌درۆ   جیلوه‌گای صه‌فای اصحابی بدره

جیگه‌ی شیرانی بیشه‌ی توحیده   جیگه‌ی ژیرانی خاوه‌ن تمجیده

جی فیدا کاری ریگه‌ی خودایه   جیگه‌ی جهادی غایه‌ی اعلایه

جی پاله‌وانان که‌ وه‌ستان به‌ صف   شمشیر له‌ ده‌ستا ئه‌رواح له‌سه‌ر کف

جیگه‌ی شهدای ئه‌صحابی بدره   ئه‌و بدره‌ که‌ وا بناغه‌ی نصره

بدری ردیفی لیلة القدره   اسلام به‌و بدره‌ هاته‌ ئه‌م قدره

بوشه‌وقی لقای جنّة المأوی   ئه‌رواحو حالیان ئه‌دا به‌ ئاوا

غونچه‌ی ده‌روونیان له‌ غه‌م ئازاد بو   له‌شیان به‌ خوینی شهاده‌ت شاد بو

پایه‌یان که‌ گه‌یشت به‌ عه‌رشی ارفع   واردبو بویان (الله اطلع)

ته‌پلی فریشته‌ لیدرا بویان   بارزی ئه‌ دده‌نگه‌ هه‌ردی له‌ گویان

بریژیته‌ سه‌ریان انواری خودا   تا تاوی هه‌تاو دانی له‌سه‌ر دا

به‌ ڕه‌ل بروانه‌ ئه‌ی کاکه‌ هشیار   پول پول فریشته‌ بویان بون به‌ یار

ئه‌و فریشت نه‌هاتن بو نصرت   له‌ بو یارمه‌تی یارانی حضرت

هه‌رچه‌ن فریشته‌ عنصریان جیایه   مناسبه‌تی کاملیان تیایه

یارانی حه‌زره‌ت فریشته‌ خولون   به‌ حوسنی سیمایش فریشته‌ رو بون

اشاره‌یه‌ بو فه‌رمووده‌ی لعل الله اطلع علی اهل بدر فقال اعملوا ما شئتم فقد غفرت لکم

سەرسام ئەبیمن لە وەزنو صعباً   فریشتەی فەلەک بویان ببێتە خوار

چون منور بون بە نوری اخلاص   تفاوت نەما ئەگەر بە لباس

علاوە یەی پەی تجلای خودا   پرتەوی ئەدا بو رسول الله

ئەوندە جیلوەی کرد یارمەتی بودات   (وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ) هات

یارانیش دڵیان لەگەڵ دڵیا بو   فریشتەی خودا هاو مەنزڵیان بو

هەمو لە جیلوەی نوری أَحْمَدا   مابون لە (ابدا) بەلکو (أَبَدا)

جبریل بو (احمد) رەفیقی بی   گەلی فریشتەیش ئەبی لەوجی بێ

ئیستاش مەولای من هەربەو میزانە   نوقصانی نیە بە دل بیزانە

قسە بیر ئەبی عشقی نامینی   لە حالی خوی دا دەرویش دائەمینی

ئەگەر نا تاقیق کیل هەر لە دلیلە   جیلوەی جەمالی لە صفا کەیلە

ئەزەل بو صوفدا أبد آسایە   تجلای خودا دائم رەسایە

وەیسا هەم یاری هەمو دلدارانی   ئەی مددکاری گەلی هشیاران

فیدای ششەرجی وەی بەبری جاریت بم   فیدای انواری بو دل ساریت بم

فیدای عرشو جامع العرش   هەزاری وەک من دل پر لە تشویش

فیدای یارانی خاوەن قدرت بم   شیرانی ششەرزەی عەرزی بەدرت بم

فیدای نیگاکەی عاشق کوژت بم   روحە آگاکەی نور هەلاجت بم

تنوكی شیری شیران لی خواردد   لەمالو حالو لە گیان بوردو

بشكینە دەمی ئەم هەرزەكارە   كە كاتی پیریش هەر شیرە خوارە

بەلكو پی بگری بو ریگەی اخلاص   زمانی بەربی بو وتاری راس

نامی بی بەول لەباغی یارا

بارەی بمینی لەروزگارا

بیت اللەی عظیم

بیت اللەی عظیم بیت اللەی عظیم   ئەم شوینە كویە بیت اللەی عظیم

دەس كار خلیل یانی ابراهیم   بەئەمری خودا بوعلمو تعلیم

بوقبیلەی عالەم لەعبادەتا   بوریمەری راستی لەری طاعەتا

لەبەر یەكیتی مسلمان یەكسەر   لەسوجدە بردن بوخودای اكبر

ئەگەرنا خودا بەحق ناظرە   لەهەموشوینی علماً حاضرە

بیت اللە وایە بەئەمری خودا   هەركەزی هیزە لەبو كارە با

لەمەركەزەوە چرا هەل كرا   عالەم روناكە لەسارا و سەرا

یانی هەرلی روناك بو بەنور   نوری كابەیە لەنزیكو دور

چینی یا هندی یا پاكستانی   كوردو فارس وتوركو ئەفغانی

عەرەبو عجەم حاضرن سەرجەم   لەبو طوافی بیت اللەی اكرم

بەگەلی زمان ئەپارینەوە   دەس بەرەو بالا ئەلالینەوە

چەتاوڵو چەن دەستی بەرەو سەماوات   چاوەڕێن لە بو فەوزی بەرەکات

تکاو نزایان ئەکا بە فەلەک   لەگەڵ ئامینی طائفەی مەلەک

دڵیان واڵە بەبێ خوف و رجادا   لە دەوری کابەی جمع الاتحادا

هەرکەسی نیازێ وا لە دەروونیا   ئارەزی واڵەناو دڵی زەبوونیا

باشی عەرزی ئەکا لەگەڵ جوشی دڵ   بەڵکو ئەو عەرزە بگا بە مەنزڵ

باوەڕیان هەیە خوا مەرە بابە   لەگەڵ بێنا ناخاوەن چاسە

جلوەی تەجەلای دی لە بو عالەم   تاییبەتی لە بو نەتەوەی آدەم

بو آدەم بو شیث بو ادریس بو نوح   تجلدی فریو بە نصر و فتوح

بو صالح بو هود لە بو ابراهیم   معجزاتی نارد بو جایەی تسلیم

جیلوەی تەجەلای دا لە بو تنوبر   بو طوری سینا پیش کیوی ساعیر

هەم بە سەرشتەی کیوی (فارانا)   بە دیمەنی باران لە بەهارانا

یانی بو ساراو بەلەی کوساران   انوار ئەنێری لە بو دڵ داران

بو ئەو بێ فەرقە سارا یا دەریا   لە ۳ جێ راستی خوی لەر دی بە ۳ ریا

شەپولی فەیضی بێ لێها یەتە   ئەم وسعەتی دەریای رەحمەتە

ابراهیمی نارد کەعبەی کردەوە   دڵی گوڕانی بیینا کردەوە

محمدی نارد کردی بە خاتەم   ناردی بە رحمت بو هەموو عالەم

خودا تو خودای جیلوەت وەهایە   تجلای رەحمەت بێ انتهایە

ئێمەش وا هاتین بە شەرمساری   لە بۆ چاوپۆشی لە تاوان باری

ئەزانین بە حق فیاض عامی   چە لە بۆ ئازی و چە لە کوسامی

هەرچەن کە رەحمەت لە بۆ هشیارە   بە فەیضی تۆیە هشیار بیدارە

خلیل ئەنێری بۆ وادی بێ زرع   بێ با خو بیان لی یاسادی شرع

قوربانت دەرلەکەی عالەم دەنگ لکا   تا بە رەنگی حق دل یان رەنگ لکا

دەنگی ئەو ئەگا بە سمعی ارواح   وەکو ئەگاتە سامعەی اشباح

دەنگی دەعوەتت ئەگا بە اصناف   لە هەمو صنفی دێن لە بۆ طواف

بە طوافی بەیت دل بە نوری زەیت   هەل ئەگرسێنێ بۆ روناکی بەیت

شەعیا بەسێ صفاو مەروەی پاک   ئەکەی بە صفا بۆ دلی روناک

ئەمر ئەفەرموی بە وقوفی عام   لە عەرەفاتا بۆ فەیضی اِنعام

ئەمر ئەفەرموی حجاجی کرام   لە مزدلفە و مشعر الحرام

بحێننەوە لە پاش نیوە شەو   تا روژی اِحسان هەل بێ بە پرتەو

بە رەوە بارانی ابلیسی گومراه   ئەکەی بە رمزی کف حی اِغواء

بانی خولاوەن لە هاوژێ بە دەخو   قرت با وەژم کەن بە تشخی بەرادو

لە مینا دابن چە روژ و چەن شەو   بو رەجمی ابلیس لەسێ حجی بەدەو

هوی سەرتان لابەن یانە بەمەرزی   لادەن لەرەشی گڵی یا قوری

ئێمەیشی بەدەنگی ابراهیمەوە   هاتین بۆ کابە بنقطیەوە

مناسک ئەکەین بەهوی زرگاری   تا بمان بەخشی بەهوی ستاری

ئەی پەروەردگار قیوم زانا   لەسەرحکمەت بەحق تەوانا

آشباحی ئێمە وینەی پەروانە   لەدەوری شەمعی بەیتا حەیرانە

هەمو پەروانەی نوری تجلاین   هەمو دیوانەی رەحمەتی مەولاین

ئەسوڕینەوە بە إخلاص دل   بەدەوری بەیتا بەجوش بەکول

ساتوێش بەوپایە راتەبە ابراهیم   کە زرگارکردی لەپاشای لئیم

بەوصدقو صەبرە راتەبە اسماعیل   بیی بەقوربان بۆ خودای جلیل

بەوپایەوسایە راتە بە محمد   کردت بەچرای أبدی سرمد

بارانی رەحمت ببرژینە بومات   بوروحو دلو برای هاودلمان

غونچەکەی دلمان دەم بکاتەوە   بەحمدو ثەنا و تەسبیحاتەوە

تا بەلکو جاری بەناو بلی تۆ   دل لەگەل تۆدا بیتە گوفتوگۆ

وەربگری ندای رەحمەتەکەی تۆ   بیی بەقولتوی عطاری خوشبو

بەولونە خفاشە بنەشێتەوە   بەوینەی گولباغ بگەشێتەوە

تا ئامی لەسای وصفی بقای تۆ
دل شادبی هەتا کاتی لقای تۆ

بو قاپی کەرەم بو تاپی کەرەم

بوقاپی کەرەم بو قاپی کەرەم پەنام هێناوە بو قاپی کەرەم
لە پەروەشوەی بای بەلادەیم هاتم بو پەنای شای خاوەن حەرەم
خاوەنی آوی سەرچاوەی زەمزەم خاوەنی بەیتو روکنو ملتزم
بەبێ کەقولیفی نا بو بێتەوە تا عالەم زورتر هەڵ سوڕێتەوە
مەپتێ بارانی ئیحسانی خودا طائف و عاکف ئێنی لەسەردا
رێ ئەی خودای ئەوەل و آخر زانا بە احوال باطن و ظاهر
آگر بەگوڵ کرد لەسەر ابراهیم ئەیوب شفادەر لە جەستەی سقیم
خودایەکی وای هەرچی بتەوی لەبوکردنی پەکت ناکەوێ
خاوەن بارەگای لەبو داماوان پەنای رزگاریت بو لێقەوماوان
ئەگەر بتەوی بفەوتی فیرعەون ئەی بەی بەآوا بێ سفینەی عەون
ئەگەر بتەوی ئەمینی نەمرود بە مێشولەی ئەبێ بە نابود
لای تەوانایت چە عاد چە تەمود چە فراعنە چە هێزی نەمرود
بە کن فیکونە ئەرزو آسمان ئەبێ بە عبرەت بوچی رحی زەمان
خو ئەگەر خواستت بێتە سەر اقبال ابراهیم ئەکەی بە پاشای دوبال
بالی لە شام او یەکی لە حجاز ئەیگەی بو پایەی پیروزی اعزاز
محمد ئەکەی بە خاوەن عەلەم ئەیکەی بە رهبەر لەبو هەموو عالەم

قەدەمی بێ قەلەم وا زاتانەکەی — حکمای دنیای بێ دانا ئەکەی

ابوبکر ئەکەی بە ثانی اثنین — عمر بە دارای کلتا الحسنیین

عثمان ئەکەیتە بدری ذی النورین — علی ئەبەیتە پایەی علمو عەین

کەعبەی صوت ئەکەی بە توختەی مدار — ئەیکەی بە مطاف بو هەموو ابرار

عالەم بە اخلاص ئەسوڕێنەوە — بە دەوری ئەوا ئەخولێنەوە

دەریا نمیکە لە الطافی تو — دنیا کەمیکە لە اطعامی تو

نمی لە فیضت ئەبێ بە زەمزەم — بو هەزاران سال ئەبێ بە مطعم

ئەی خاوەنی پەنای هەموو کائنات — وشکای تو دەریاو عەرزو سماوات

لەو روژەوە کابەت کردوە بە مطاف — ئەبو طوافی اخیار و اشراف

هەرچی طائف بونا لە زمرەی ابرار — لە زاتانای حکمەت لە دانای اسرار

هەموویان ئەکەم بە تکا کایم — بو عەفوی تاوان چون تاوانبارم

من دخله کان آمنا — کاد یکون لنا ضامنا

ئەمەیش عەلاوەی تکاو رجایە — هەموی وەسیلەی ری التجایە

چون بە تاوانم پڕ بووە کتاب — ئەدونە حسابت دەرچی لە حساب

ما یفعل الله بعذابکم — نص الکید فی کتابکم

دەی بە وحسابت دەرچی لە حساب

نامی ببەخشە لە عەینی عقاب

لەم عەرزە بەرزا

لەم عەرزە بەرزا لەم عەرزە بەرزا   دەرزی دانا وە لەم عەرزە بەرزا

طواف رەمزێکە بۆ پایەداری   لەسەر اطاعە و فەرمان گوزاری

کە لۆ حەفتەی صبدە تکرار ببێتەوە   هەلسوڕان هەرگز نابڕێتەوە

سەعی و هەروەلە لە ناو طوافا   مانای اخلاصە لە دڵی سافا

هاتوچوی بەینی صفا و مەروەکە   رەمزی طاعەتە بۆ خالقەکەت

هەموو تدریبە بۆ خزمەت کردن   یانی لە ترینا ئیمان دەربردن

یانی ئەم کابە خانەی خودایە   هەتا هەتایە جێی تجلایە

لە هەر زمانێ لە هەر ولاتێ   بەندەی هەبێ لەسەر پساتی

رەمزی یەکیتی کعبة اللەیە   لە بۆ عالەمیش هەوا خودایە

راوەستانی عام لە عەرەفاتا   رەمزی وەستانە لە عەرەساتا

نمونەی حەشرە بە کۆبونەوە   نمونەی نشرە بلاو بونەوە

بەردە بارانی شەیتانی گومرا   رەمزی کفاحە بۆ ریگەی خودا

واتە هەرکەسێ حەزکا لە تاوان   بەردی پیابدەن لەسەر دڵیان

قوربانی رەمزی ایثاری نەفسە   رەمزی اخلاص پەیوەندی قدسە

ابراهیم بۆچی گەیشتە مایە   بەراورد کرا پایە بە پایە

زاری بۆ بۆخۆی بسوتێ بەنار   بێ بەتوزی بڕوا بۆ کوسار

زاری بۆ لەبۆ ئەرکی نیشتمان   بمرێنێ پەیوەند لە هەموو خەمان

رازی بوو بەوە بوورە نزای یەزدان — ئیسماعیل بکا بە قوچی قوربان

تا خودا بە لطف بە میهرەبانی — جەزای دایەوە بە جاویدانی

ئەمانە هەموو دەرسن بۆ هوشیار — بووە وام لە سەر ئەمری کردگار

هەرکەسی وەربگری ئەم دەرسە بە دڵ — یەقینی بە ساغی ئەگاتە مەنزڵ

خودایا (نامی) دروستانی راسی — وەربگرن دەستوور بە شێوەی اخلاص

یەکێ محفوظ بن لە جفای سەرمە — محشور بن لە ژێر لوای محمد صلی الله علیه وسلم

ئەو محترەمە بە عشق رەحمەت بو — بۆ نامی و جامد بە یەکسەر نعمەت بو

روی عەرەفاتە

روی عەرەفاتە روی عەرەفاتە — یا رۆژی حەشرە و روی عەرەساتە

عالەم سپی پۆش سەربی سەرپۆشن — لە بیمی خودا وینەی بێ هۆشن

یەکێ ئەنالێ و یەکێ بێ دەنگە — یەکێ مەستی جیلوە و یەکێ پەشێوی ڕەنگە

عارەق ئەڕژێنێ سەرتا بەدامان — لە بیمی حساب وەفا بە پەیمان

یەکێ ئەنالێ لە دەردی وجود — یەکێ لە دەردی سازاردی لە سجود

یەکێ روی لە حق چاوەڕێی یارە — بۆ لقای انوار بە انتظارە

یەکێ شەرمەندەی سیالی حاڵە — لە تاوان باری ماوەی چەن ساڵە

یەکێ سەرخۆشە بە راز و نیاز — وینەی شابازە دڵ ڕو لە پەرواز

هەریەک بە حاڵی وا لە آرادا — منیش ئەنالم لە روی سارادا

ئەلیم ئەی خودای تەنیای تەوانا — بێ باک لە عالەم بە عالەم زانا

کێ بێ طێ بکا دەفتەر و نامە — بێ چهرە بابێت لە سەر سەلامە

دەی سا تو سەری پەروەردگاریت — تو بێتو سەری وەصفی غەفاریت

دەکو ستاریت ظاهر بو لیمان — لەو دنیاشی غەفرانت بنێرە بومان

تو بێتو لطف و مهرەبانی خوت — سەری رەحیمی هەم رەحمانی خوت

تو بێتو سەری أسمای حوسنای خوت — جیلوەی صفاتی خاوەن معنای خوت

تو بێتو سەری پەروەی ستاری — تو بێتو جیلوەی وەصفی غەفاری

لەبەر خاطری خاتر دارانت — لەبەر الطافت بو نازارانت

تو بێتو پایەی هەمو رەهبەران — رەهنومای عیباد بو ری سەروەران

بە فەردی آدەم بە عەردی بو نوح — بە سەری قصدی یارمەتیو فتوح

بە صولحی صالح بە هیدایەی هود — بە حقای خلیل لە دەستی نەمرود

بە صبری لە سەر دوری اسماعیل — بە سەری وفای بو خودای جلیل

بە وشکی لیوی لە بێ آوی دەم — بە سەری فیضی سەرچاوەی زەمزەم

بە سوزی دلی حەزرەتی یعقوب — لە سەر فراقی یوسفی محبوب

بە جوانی یوسف لە نا و بە لادا — بە رزگاربونی لە بنی چادا

بە صبری ایوب لە آزار و ئێشی — رزگاری یونس لە دەریای بێ کێشی

بە هێزی ذاتی مووسای بن عمران　　لە غەدری فیرعەون لە جەفای هامان

بە زوهدی عیسی لە بارەی دنیا　　دعای زکریا و بە صەفای یحیا

بە خولکی گەورەی حەزرەتی رسول　　بە معراجی ئەو بۆ پایەی وصول

بە فضلی اصحاب خیر الامەی خاص　　خیر امة اخرجت للناس

بە مهاجرین بە انصاری پاک　　بە مجاهدی مخلص و چالاک

بە اصحابی بدر مەردانی فدا　　بۆ اعلای شانی توحیدی خودا

بە شەهیدانی ناو مەعرەکەی بدر　　بە آیەی خودا بۆ بولەندی قدر

بە شەهیدانی احدی خوێنبار　　لە شەرحکمەتی قادری قهار

بە یارەکانی بیعة الرضوان　　بە رەضای ذاتت لە هەموئەوان

بە صفای اصحاب سینە و دل روناک　　بە شەرافەتی آل و بەیتی پاک

بە قرای قورئان. بە محدثین　　بە جهدی کامل بۆ مجتهدین

بە أمیرانی عالم و عادل　　بە عالمانی مخلصی فاضل

بە خادمانی دین بە حقیقە　　بە مرشدانی بەرزی طریقە

بە هەرکەسانێ نیەتی پاکە　　بۆ خزمەتی دین آزاد چالاکە

زیادە لە هەمو بە فیاضی خوت　　بو هەر مخلصی تسلیم لوە بێت

فیضی بنێرە بو سینە و دلمان　　کافی بێ هەتا آخر مەنزلمان

بو حاضراتی عەرزی عەرەفات — چاوەری کانی فیضی بەرەکات

بو باوکو دایکو خزمو خوشیمان — بو مردووانی لەمەو پیشمان

بو موسلمانان لە هەر شوینی هەن — لە ئەهلی ئیمان لەدین بارەمەند

بەلکو بە شادی حەشرمان بکری — ریگەی حضوری لا تومان بدری

شاد بین بە لقای ذاتی انورت — لەگەل رەسولی بەرزی رهبەرت

نامی ئەمەیە سکالاو رجای

خودایا هەر تو کەهفی التجای

(عەرزە بەرزەکەی جبل الرحمە)

عەرزە بەرزەکەی جبل الرحمە — جی راوەستانی راسانی ئوممە

ماوای فریشتەی آسمانەکان — جیگەی تجلای خودای لامەکان

جیلوەگای نوری خودای مهرەبان — ماوای بارانی رەحمەتی غفران

جی عبادەتگای رهبەری خاتەم — سعادەت ماوای اصفیای عالم

بە صدها سالە ماوای انواری — ماوای رەحمەتی خودای غفاری

پایەت کەم نیە لە طوری سینا — بو دلی دلدار بو سینەی مینا

جیای کردیتە وە عەزەت بو وقوف — دوعای تیا قەبولە بو الوف الوف

ئەو فریشتانە اوسا حاضر بون — بو بالای آلای رهبەر ناظر بون

ایستەیشە ماون بە عەینی مەبەس — لە بو تشریفی رهبەری اقدس

بەسە بۆ ئەنات ئەم گەورە وەصفە — حەزرەت فەرمویە (الحج عرفە)

هەربەوهیوایە جێگای بورە حەسرەت — هاتین رادەستاین بەعزم و همەت

ئەتو شاهد بە من هاتم بو لات — بو توحیدی حق بە نفی و اثبات

بەدو کەلیمەی شادەتو ئیمان — تازەم کردەوە ئیمانو پەیمان

لێرا حاضرن بە هەزاران ذات — لەچین و لاتو خاوەن چین لغات

ئەوانیش هەمو آناو آمادەن — رو لە تجدیدی عهدو شهادەن

بەیارانەوە لە صفای کائنات — لەبو عەفوی عام لەبوی سیئات

منیش وەکو عام ئەپاریمەوە — بو عەفوی تاوان ئەلالیمەوە

هەم بو تاوانی باوکو باپیرم — خزمو دوسانو هاورشتەی شیرم

هەم بونەتەوەو نەسلم تا ئەبەد — لەسەر پەی رەوی دینی محمد

هیوایە خودا ببوری لیمان — جیلوەی کەرەمی دەربخا لیمان

بە پەیمانی ئیمان باشی پایەداربێ — حەشرمان لەژێر آلای سەرداربێ

جا ئێتر ئەدەبی مال آوائی یە — مالت آوابێ بولەم شارە یە

مال آوا بەخێر سارای عەرەفات — شاهدی راستی روژی عەرەصات

بەو شهادەتە نامی آزادە
روحی بە لقای محمد شادە

دابه‌زین له‌عه‌ره‌فات

پاشی ڕۆژئاوابون له‌سه‌ر عه‌ره‌فات   قافڵه‌ی حججاج سه‌ربه‌ره‌و خوار هات
کاتێ گه‌یشتین به‌موزدلفه   له‌وجێ پیرۆزه‌ی پاکو شه‌ریفه
نوێژی مه‌غریب و عیشامان هه‌مو   به‌جمع ته‌ئخیر کران ڕۆیه‌زد
له‌به‌ربه‌یانا پاشی فه‌رزی اسلام   هاتین ڕوو به‌ ڕوی مشعر الحرام
پاشی هه‌تاو که‌وتن له‌وێده‌ ڕوبه‌ڕا   چوین له‌بو ڕه‌جمی عقبه‌ی کبری
جا پاشی ئه‌و ڕه‌جمه‌ شه‌یتانی ناشی   حه‌یوان سه‌ربڕا و سه‌رتاشیان تاشی
جا ڕومان کرده‌ کعبة الله ساف   به‌جێمان هێنا حه‌وجاره‌ طواف
جا گه‌ڕاینه‌وه‌ بو عه‌رزی منا   له‌بو اطاعه‌ی خالقی بینا
سێ ڕۆژ به‌ اخلاص ڕه‌جمی جمرات   به‌جێمان هێنا أدای واجبات
له‌مزگه‌وتی خیف لای جمره‌ی اولی   چه‌ن ڕکعات نوێژم کرد له‌بو مه‌ولی
ئه‌مه‌یشی ناوه‌ڵه‌ بری به‌جه‌مره‌ی کبری   وه‌کو مه‌شهوره‌ عقبه‌ی کوبری
دا له‌شمالی عقبه‌ی بێ غه‌شی   شێوی مه‌شهوره‌ به‌ اشعبة الکبش)
له‌داوێنه‌ یا به‌رزی زل هه‌یه‌   شه‌وه‌ شێوه‌یه‌ زۆر بێ له‌که‌یه‌
له‌و شوێنه‌ ویستی خلیل الرحمن   اسماعیل بکا به‌ قوچی قوربان
له‌شێوه‌که‌وه‌ شا به‌ڕانی هات   بو خوی ڕاده‌ستا به‌بێ ده‌سته‌لات
خوا وه‌حی کرد بو ذاتی خلیل   ئه‌وه‌ فیدیه‌یه‌ له‌بو اسماعیل

ابراهیم زولیشت قوچەکەی هینا   کردی بە فیدیە رۆڵەکەی دڵ مینا

(مجزة الکبش) تری راکیشانە   بۆ ئەوبەرانەی بە قەدر وشانە

ناهی ئەم باسەی بۆ ئەمی دانا

با ئاگادار بن ئەتەوەی زانا

طوافی ماڵ ئاوائی

جاگەرا ئینەوە بۆ کابەشریف   بۆ ماڵ ئاوالی لەکەعبەی نظیف

ماڵ ئاوائی بەیت ماڵ ئاوالی بەیت   بەیتی چراگای نوری سافی زەیت

زەیتی زیتونی درەختی وەفا   شایاوی چرای مشکاتی صفا

زەیتی گڕ نەگری لەبەر صفای خۆی   پێویستی نیە آگر بیەی بۆی

بەیتی نمونەی بیت المعمورە   ئەم اصلە و ئەو فرع مەرکەزی نورە

لە میان مطافی اصفیای عەزیزە   ئەویان طواف گای فرشتەی بەرزە

بەیتی کە قەلای پەنایە بۆ عام   رەمزی توحیدە بۆ خوای علام

بەیتی کە بنای خلیل اللە   منارەی بانگی ئەهلی دنیایە

بەیتی آرام گای وحی تنزیلە   یانی قەرارگای وحی جبرئیلە

بەیتی سەرچاوەی آوی حەیاتە   نمی لەو آوە مایەی نەجاتە

بەیتی کە جیگەی عەفود غفرانە   جی تاوان بەخشی تاوان بارانە

بەیتی مەرکەزی نور الانوارە   نوری ئیمانی تیادا دیارە

بەیتی مائدەی فائدەی عامە   خاوەن خوانەکەی خاوەنی اکرامە

ویداعی بەیتە و حجری اسماعیل — زەمزەم و ارکان مقامی خلیل علیه السلام

ویداعی وەختی ئەگەر ناچین جارێ — ئێمە وە بو بە بەیت بە یارمەتی مارێ

بە یارمەتی تو ئەی پەروەردگار — ئەی خاوەن کەرەم بو هەموو گیان دار

بەرانبەر بە عەیب ناوت ستارە — بو تاوان باران ناوت غفارە

باشترین لالە لە بارەگاتا — چاترین نالە لەری نەجاتا

لالەیە لەبو تەوفیقی طاعەت — نالەیە لەبو ساعی عیبادەت

بیکە بە خاطر حەزرەتی رهبەر — نامی رزگارکە لە کاری خطر

تەحقیق لە دینا و تەوفیق لە ژینا — مانەوەی لەسەر ریگەی یقینا

نامی ئەمەیە غایە و مەرامی
بمری بە یاری حسنی ختامی

کوسار بەواخە

کوسار بەواخێ کوسار بەواخێ   کوسار بۆ طائف بە آخ و داخێ
کە گەراینەوە بۆ خاکی عراق   بەرەی طائف را دەرچوین بۆ آفاق
طائف کیوێکە بەرزە دەماخە   بە بولندی خۆی دەماخی چاخە
سەرکەوتین بەری کیوی طائفا   لەسەر گوزەرگای چون مصائفا
دیم (وادی) مەشهور بە وادی الکری   جێی پەلەوەران لەوجەنەت سەرا
ئاوەکەی ئەرژی بەرەو ژێر بەتاو   عذبی فورات بە ناوی خۆشناو
مەشهورە لەو باحەزرەتی رهبەر   علیه السلام زیاتر لەدەفتەر
لەری طائفا تیا دانیشتوە   لەو آوە پاکیشی آدی خواردوە
ئێمەیشی هەر لە بەرقوزی بەرەکات   آوەمان خواردوە دانیشتین چەند کات
کە چوینە سەر کیو بولەندی عالی   بەهاوار ووتم ئەی خودای والی
ئەی خودای خاوەن بارەی لطائف   بەهەزاران قات زیاتر لەطائف
توی خودای رهبەر بەالتجاوە   رووی بوطائف دەم بەرچاوە
تا یارمەتیت دا بو فەتحی طائف   بو ئومەتی ئەو بوبە مصائف
هەرتو صاحبی بارەگای دینی   هەرتو صاحب نصری مبینی
حزرت آگاداری لەوەزعی اسلام   پیویستی نیە بەعەرزی کەلام
هەرتویش خاوەنی زەمانو عصری   هەرتویش خاوەنی فتوحی نصری

باعثی رسول (صلی الله علیه وسلم) سەروەری رەهبەر | بوارشادی عام بوجن و بشر

یارمەتی دەری رسولی (صلی الله علیه وسلم) اکرم | لەبو تنویری عەرەب و عەجەم

ناشری دینی اسلام لە آفاق | بەکتاب الله سوننەتو ئەخلاق

دەوام دەربەرین بە یارانی پاک | بەخلقی بەرز دەمو دل روناک

بە أهلی فیض و انواری جلی | صدیق و عمر عثمان و علی

بە آلی بەیتی خاوەن شرافەت | بە ئەهلی خانەی خاوەن نظافەت

بە أهلی جهاد بودینی اکرم | فەرامۆش کردوی اولاد و حەشەم

بە قورای قورئان بە محدثین | بە امامانی مجتهد بو دین

بە سالکانی رێی صدق و خلاص | بو رضای خوا بو بارەی خلاص

بە قەلەم داران بو دینی اسلام | بو دەوامی حق بە تولی ایام

نصرەتی بدە بە دینی مبین | بەجاهی رەحمەت (صلی الله علیه وسلم) لە بو عالەمین

رَبِّی حالُنا لا یخفی علیک | وعملُنا مسطورٌ لدیک

نکاو نزامان رجای رەحمەتە | نەبەس رزگاری هەمو ئومەتە

ئامێ فەرزێکە لە ئەهلی ئیمان
رزگاریو نەجات کەرەمکە پیمان

رقم الايداع في المكتبة الوطنية
ببغداد ٤١٣ لسنة ١٩٨٣

ثمن دينار واحد

ئەم کتێبە ناوی
حەج نامەیە

بە هۆنراوەیی وە پەخشان باسی
یاسای حەج وە عەمرە
ئەکا

تألیفی ملا عبدالکریمی مدرّس
خودا عەفوی بکا لەگەل
مسلمانان دا
آمین